حکومەتی هەرێمی
کوردستان

# چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی

## کاتی چاکسازی

جۆزەردان ٢٠١٦






1992

حکومەتی هەرێمی کوردستان

حكومة إقليم كوردستان

١٩٩٢

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

# پێشەکیی وەزیری پلاندانان

دیدگای 2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە دەستپێدەکات: "خەڵک لەپێش هەمو شتێکەوە". هەرێمەکەمان دەوڵەمەندە لە سەرچاوەکاندا – خاکی کشتوکاڵی، شوێنەوار، کانزان، گاز، نەوت و ئاو. بەڵام بەنرخترین سەرچاوەمان، خەڵکەکەمانە. خەڵکی ئێمە شایانی باشترین پەروەردە و باشترین تەندروستین. لە هەمووی گرنگتر خەڵک شایانی باشترین پاراستنی کۆمەڵایەتین.

ئەنجامدانی چاکسازی لە سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا، پێویستە بۆ پاراستنی هەرێمەکەمان لە قەیرانی نرخی نەوت، هاوکات دروستکردنی ئابورییەکی کێبەرکێکار و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکانمان. سیستمی ئێستا، تەبا نییە لەگەڵ دیدگای 2020، کە لەوێدا بەڵێنماندا خەڵکی هەژار و دەستەوسان بپارێزین، لەرێگەی بیمەی کۆمەڵایەتی و تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها دروستکردنی دەرفەتی کار بۆ لاوان.

ئەمانەی خوارەوە ئاستەنگەکانی ئێستان لە سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتیماندا:

- خەرجی گشتی بەرز بۆ موچە و هاوکارییەکان بەگشتی. کار لە کەرتی گشتی، یەکێکە لە بەرزترینەکانی جیهان (پێکهێنەری 11.5 لەسەتی کۆی دانیشتوانە).
- رێژەی زۆر نزمی بەشداری مێینە لە هێزی کار (11 لەسەت)، هەروەها ژمارەی زۆری بێکاری خوێندەوار، بەتایبەتی لەناو ئافرەتاندا.
- خەرجی بەرز بۆ خانەنشینی (نزیکەی 1.2 ملیار دینار لە ساڵێکدا، یان 4.5 لەسەتی کۆی داهاتی ناوخۆیی نا-نەوتیی)، بەڵام زیاتر لە 80 لەسەتی هێزی کاری کەرتی تایبەت رووماڵ نەکراون لەلایەن پرۆژەی خانەنشینییەوە، هەروەها 50 لەسەتی کەسانی سەروو تەمەن 65 ساڵ، موچەی خانەنشینییان نییە.
- خەرجی بەرز بۆ هاوکارییە نەختینەییەکان بۆ پۆلە جیاوازەکان (1.3 لەسەتی کۆی داهاتی ناوخۆیی نا-نەوتیی)، بەڵام زۆربەی ئەم پارانە ناگەن بە هەژاران (تەنها 11 لەسەتی هەژارترین، هاوکاریی نەختیی وەردەگرن).

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لاوازییەکان و بوارەکانی بەرەوپێشبردن لە سیستمەکەی ئێستادا، ستراتیژی نوێی پاراستنی کۆمەڵایەتی، دڵنیایی دەکات لەوەی کە کۆمەڵێک سیاسەتی دروست دادەڕێژرێن و بەشێوەیەکی گونجاو جێبەجێ دەکرێن. یەکێک لە بنەماکان، پاڵپشتیکردنی چاکسازی ئابوریی پێویستە بۆ رزگارکردنی هەرێمەکەمان لەم قەیرانە. لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن و راوێژکاریی ئەنجامدراو، ستراتیژەکە دارێژراوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەند بوارێکی دیاریکراو، کە ئەمانەی وەک پایە سەرەکییەکانی چوارچێوەی چاکسازییەکان دیاریکردوە: سیاسەتەکانی بازاڕی کار، بیمەی کۆمەڵایەتی و تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

بازاڕی کار بەهێز دەکەین لەرێگەی:

- بەرەوپێشبردنی سیستمەکانی پەروەردە و راهێنان، هەروەها دانانی هاندەری بازاڕ بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی کاریگەری دەستی کاری توانادار و خاوەن کارامەیی.
- خێراکردنی دروستکردنی دەرفەتی کار، بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت.
- پشتبەستن بە شیکاری خێرای زانیاری، سیاسەتی کاری باش دڕێژراو، هەروەها دیالۆگی بونیاتنەرانە لەنێوان هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

سیستمی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی فراوان دەکەین، لەرێگەی:

- یەکخستنی پرۆژەکانی خانەنشینی گشتی، تایبەت و ئەوانی تر، بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە هەموو کەس دەستیدەگات بە بیمەی کۆمەڵایەتی بەدەرلەوەی لەکوێ کاردەکەن.
- دارشتنی پرۆگرامی بیمەی بێکاری، بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەوانەی کە کار لەدەستدەدەن، پاڵپشتی کاتییان دەبێت.

تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەرەوپێش دەبەین، لەرێگەی:

- بەکارهێنانی هەژاریی وەک بڕیاردەری سەرەکیی لەسەر شایستەیی بۆ پرۆگرامەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی.
- دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی کاریگەر، بۆ پاراستنی گروپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان.

ئەم ستراتیژە، ستراتیژێکی درێژخایەنە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەو سیستمانە دادەنێت کە مامەڵە دەکەن لەگەڵ هەژان (شۆک)ەکانی ئێستا و ئایندە، کە لەوانەیە کاریگەرییان هەبێت لەسەر هەرێمەکەمان. جێبەجێکردنی هەموو چاکسازییەکان، پێنج بۆ دە ساڵ دەخایەنێت، بەڵام ئێمە ئەمساڵ دەستدەکەین بە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی یاساکان و بەهێزکردنی توانای وەزارەتەکان. ئێمە هەموو ئەم چاکسازییانە جێبەجێ دەکەین، لەرێگەی بەشدارییپێکردنی هەموو ئەوانەی کاریگەر دەبن.

ئامانجی ئێمە دروستکردنی دەرفەتە بۆ لاوان، بونیاتنانی توانا بۆ پاراستنی هەژاران و بەدیهێنانی دادوەری بۆ خەڵکەکەمان. ئەمانەش بەدیدێن، تەنها لەرێگەی کاری هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان.

**دکتۆر عەلی سندی**
**وەزیری پلاندانان**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# پوختەی کارگێڕیی

## پێشینە

ئەیلولی 2013 حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵگەنامەیەکی گرنگی بڵاوکردەوە بەناونیشانی «هەرێمی کوردستانی عێراق 2020 دیدگایەک بۆ ئایندە» (دیدگای 2020 ئەم دیدگایە رادەگەیەنێت: «**لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەموو خەڵک بەهرەمەند دەبن لە ئازادی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری**.» دیدگای 2020 هاوکات چوار بنەما دەستنیشان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە: (1) خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوەیە؛ (2) بونیاتنانی هەرێم: ژێرخان؛ (3) بونیاتنانی هەرێمێک کە لەڕووی ئابورییەوە گەشەسەندوو بێت؛ و (4) بەکارخستنی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک.

داڕشتنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) تەبایە لەگەڵ دیدگای 2020 بنەمای یەکەمی دیدگای 2020 پرنسیپەکانی گەشەی مرۆیی لەخۆدەگرێت، وەک پەروەردە و تەندروستی، لەهەمان کاتدا جەخت دەخاتەسەر پاراستن و بەشدارییپێکردنی کۆمەڵایەتی. بنەمای سێیەمی دیدگای 2020 گەشەی کەرتی تایبەت وەک ئەولەویەت دیاری دەکات، بنەمای چوارەم بایەخ دەدات بە چاکسازی خزمەتی مەدەنی، ئەمانەش هەردووکیان ئاکامی راستەوخۆیان دەبێت بۆ ئەنجامەکانی کاری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. لێرەوە داڕشتنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەتەواوی تەبایە لەگەڵ پلان و دیدگاکانی پەرەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

مەودای چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ بنەمای سەرەکیی تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت: **خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامەکانی بازاڕی کار**. کۆی چوارچێوەکە بەستەیەک پرۆگرام لەخۆدەگرێت کە لەکۆڵ دادوەری، دەرفەت و بەرگەگرتن دابین دەکەن لە چوارچێوەی رێبازی سوڕی ژیاندا. رێبازێک دابین دەکات لەسەر بنەمای سیستەم بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامەکانی کار، کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی هەماهەنگی و یەکانگیری لەسەر ئاستەکانی سیاسەت، پرۆگرام و کارگێڕیدا. بەستەی چاکسازییەکان دەمانگەیەنن بە یاسا، دامەزراوە و پرۆگرامی نوێ بۆ تواناداركردنی جێبەجێکردن. ئەمانەش هاوشان دەبن لەگەڵ **ستراتیژێکی کارای پەیوەندییکردن**، بۆ بەشدارییپێکردن، تواناداركردن و دەسەڵاتدان بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن.

## هۆکاری داڕشتن

### سیاسەتەکانی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان – ئاستەنگی کار

هەرێمی کوردستان ئەرکێکی سەختی لە ئەستۆیە بۆ زیادکردنی قەبارە و زیندوێتی کەرتی تایبەت، کە سەرچاوەی چاوەڕوانکراوی گەشەی کارە لە ئایندەدا. **ئاستەنگی کار** سەرچاوەیگرتووە لە قەبارەی بچووکی کەرتی تایبەت، گەشەی خێرای هێزی کار بەهۆی گەشەی سروشتیی دانیشتوان و رووداوە جیۆسیاسییەکانەوە، سیاسەتی لاواز و ئاستەنگی دارایی لەسەر ئاستی ئابوری گشتی (ماکرۆ)دا. لەسەر ئاستی ئابوری گشتیدا ئەوەی

جێگەی سەرنجە، بریتیە لە باڵادەستیی کەرتی وزە و ئەو ناسەقامگیرییەی کە هەڵبەزودابەزی نرخەکانی نەوت دروستیکردوە، گرفتەکانی ئاسایش لە هەرێم و بەتایبەتی لە عێراق، وابەستەبوونی داهاتی گشتی هەرێم بە بودجەی فیدراڵەوە. دووەم کە راستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە سیاسەتەکانی کار و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەرزی ڕێژەی بەشاربوونە. سێیەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو حکومەتە دەگمەنانەی کە ڕێژەی کار لە کەرتی گشتیدا زیاترە لە کەرتی تایبەت (53% بەرامبەر 47%).

لەکاتی چارەسەرکرنی ئەم گرفتانەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود وەربگرێت لە کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، زیادبوونی ژمارەی کارخوازی خوێندەوار، بەتایبەتی لە ئاستی پاش ئامادەییدا، هەروەها «سوپا»ی یەدەگیی دەرچوان، کە لە ئێستادا لە دەرەوەی هێزی کارن. سەرەڕای ئەمانە، **هێشتا ئەرکەکە زۆر سەختە،** تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوەشمان کرد کە پەنابەر و ئاوارەی زیاتر نایەن. ڕێژی بەشداری هێزی کاری مێینە بەخێراییەکی گەورە لەزیادبووندایە، ئەمەش واتا تەنانەت ڕێژەی 10%-8ی گەشەی کەرتی تایبەت، گونجاو نابێت بۆ ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریی.

ڕێژەی کار-بۆ-دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان (22%)ە، ئەمەش لە تێکڕادا هاوشێوەیە لەگەڵ وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتانی ناوەڕاست (جگە لە وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداوی عەرەبی). لە ڕوانگەی خێزانەوە، تێکڕای خێزان 5.9 ئەندامی هەیە، 4.6 (60%) لەمانە لەژێر تەمەنی 25 ساڵیەوە، 2 (34%) قوتابین، 1.3 (22%) کاردەکەن و 0.1 (2%) بێکارن. **ڕێژەی کار زۆر کاریگەرە بە ڕێژەی زۆر نزمی بەشداری هێزی کار** بۆ تەمەنی کارکردن (15-64)، ئافرەتان بە ڕێژەی 14%، بەڵام ئەمە بەرزدەبێتەوە بۆ 17% ئەگەر قوتابیان هەژمارنەکرێن. گەشەی ساڵانەی دانیشتوان نزیەی 140،000کەسە، واتا 2.6%ی دانیشتوان. بەڵام ڕێژەی بەشداری هێزی کاری مێینە بەخێرایی بەرزدەبێتەوە، بەتایبەتی لەناو ئافرەتانی خوێندەواردا.

هاوکات ڕێژەی گەشەی کەرتی پەروەردە بەرزە، کە ڕەنگدانەوەی هەیە لە بازاڕی کاردا و **بۆتە هۆی دەرکەوتنی بێکاریی خوێندەواران** وەک کێشەیەکی ڕاستەقینە بۆ سیاسەتداڕێژەران.

## خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان - بەردەوام نییە، ڕووماڵی کەمە، ناکارایە

لە ساڵی 2014 کۆی تێچووی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان دەخەمڵێنرا بە 1.20 ترلیون دیناری عێراقی، یان 4.5%ی گەشەی بەرهەمی ناوخۆ (یان 2.8%ی کۆی گەشەی بەرهەمی ناوخۆ کاتێک نەوتیش هەژمار بکرێت)، ئەمەش بەرزە بە بەراورد بە وڵاتانی تر. زیاتر لە 50%ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لەلایەن سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتییەوە ڕووماڵکراوە. بەڵام زۆرینەی ئەمانە کارمەندی کەرتی گشتین. لەڕاستیدا، **نزیکەی 84%ی هێزی کاری کەرتی تایبەت ڕووماڵ نەکراوە.** هاوکات تەنها نزیکەی 50%ی کەسانی سەروو تەمەن 65 ساڵ سوود لە سیستەمی خانەنشینی وەردەگرن (کە زۆرینەیان خانەنشینی کەرتی گشتین). پیرەکانی تر ناچارن پشت بە چاودێری نافەرمیی ببەستن یان دەستگیرۆیی گشتی وەک هاوکاری کۆمەڵایەتی (تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەبێ بەشداری).

هەردوو پرۆژەکەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەرێم لەسەر بنەمای بەشداریکردن و خۆ-دارییکردن دانراون. لەم جۆرە سیستەمەدا، خانەنشینی بەپێی هاوکێشەیەک هەژماردەکرێت لەسەر بنەمای موچە و ماوەی خزمەتە. میکانیزمەکانی دارایيکردنی هەردوو سیستەمەکە لە شێوەی «پارەبدە و بەکاربهێنە»یە (pay-as-you-go)، بەشدارانی ئێستا پارەی سوودمەندانی ئێستا دەدەن. لە کەرتی تایبەت، ڕێژەی بەشداری لە موچە (17%)یە، 12%ی کارمەند دەیدات و 5%ی خاوەنکار (14% بۆ خانەنشینی، 2% بۆ بریندارى کار و 1% بۆ نەخۆشی و دایکایەتی). ڕێژەکانی بەشداری کەرتی گشتی لە موچە 19%ە، 12% بۆ خاوەنکار (حکومەت) و 7% بۆ کارمەند.

بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، هاوکێشەی سوود بۆ هەژمارکردنی خانەنشینی لە هەردوو کەرتەکە ڕێژەی وەرگرتنی بەرزە (2.5%)، هەروەها لەسەر بنەمای دوا موچەیە (دوا سێ موچە بۆ پرۆژەکەی کەرتی تایبەت و دوا موچە بۆ پرۆژەکەی کەرتی گشتی)، ئەمەش وادەکات پرۆژەکان نادادوەرانە و نابەردەوام بن. هاوشان لەگەڵ ئەمەدا، زۆربەی پێداویستییەکانی باش بەڕێوەبردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، پرۆسەکانی کار و سیستەمەکانی کارگێڕی جێگیر نەکراون (وەک کۆکردنەوە، تۆمارکردن و سیستەمی تەکنەلۆجیای زانیاری و پارەدان). چوارچێوەی یاسایی ئێستای هەردوو پرۆژەکە بەباشی پێناسەی چەندین بواری نەکردوە. بەکورتی دەکرێت **ئاستەنگی سەرەکیی ئێستای** سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لەم چوار خاڵەدا پوخت بکرێتەوە: (1) نزمی توانای کارگێڕی؛ (2) پرۆژەکان دادوەرانە و بەردەوام نین؛ (3) سیستمەکە پەرتەوازەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی بازاڕی کار لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا؛ و (4) سیستمی هەرێم کێشەی کەمی ڕووماڵی هەیە لە کەرتی تایبەتدا.

## تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان - بەئامانجکردن وەک ئاستەنگی سەرەکی

**بەئامانجکردنی پۆلێنکراو** کە لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێت، هێڵی هەژاری یان قەبارەی خێزان رەچاو ناکات، کە دەبێتە هۆی بەفیرۆچوونی زیاتر. بڕی 150،000 دیناری عێراقی دەدرێت بە خێزانی سوودمەند، بەدەر لە قەبارە یان پێگەی خێزان بەپێی هێڵی هەژاری یان ئاستی بەکاربردن. لەبەر ئەم هۆکارە، جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامەی ئێستا، نارۆشنە لەڕووی دەستنیشانکردنی خێزانی شایستەوە، ئەمەش مەترسی بێبەشکردن و لەخۆگرتنی ناڕەوا زیاد دەکات. لە دۆخی پارەدانی نەختیی بە کەمئەندامان، لەسەر بنەمای راپۆرتی پزیشکیی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێن. پارەدانی نەختیی چەند پۆلێنێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بەکاردەهێنێت، لەجیاتی میکانیزمی بەئامانجکردنی کاریگەرتر، بۆ دەستنیشانکردنی شایستەیی (وەک تاقیکردنەوەی (PMT) یان بەئامانجکردنی جوگرافی کە یارمەتیدەر دەبن بۆ روونکردنەوەی ئەوەی بۆ زۆرینەی هەژاران سوودمەند نین لە پرۆگرامەکە.

ئەگەر سەیری دابەشبوونی دانیشتوانی کوردستان بکەین بەپێی ئاستی داهات، هەروەها لەرێگەی جیاکردنەوەی ژمارەی سوودمەندەکانی ناو هەر ئاستێکی بەکاربردن، تێبینی دەکرێت کە رێژەیەکی سەدیی بەرچاوی سوودمەندان لەناو ئاستی بەرزتری داهاتدان، بەمەش تەنها 11.3%ی سوودمەندان لە نزمترین ئاستی داهاتدان، واتا هەژارترین. لەکاتێکدا کە 75%ی سوودمەندان لە بەرزترین ئاستەکانی داهاتدان و تەنها 25% لە نزمترین ئاستی داهاتدان، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی **کە پرۆگرامەکە گرفتی رووماڵی لاواز و بەفیرۆچوونی سەرچاوەکانی هەیە** لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندترین بەشی دانیشتوان. ئەم تایبەتمەندیانە بەشێکن لەو دۆخەی کە میکانیزمەکانی بەئامانجکردنی گونجاو بەکارناهێنرێن. هەلومەرجەکە گیرۆدەی لاوازیی توانا کارگێڕییەکان و کەمترین بەکارهێنانی میکانیزمەکانی تەکنەلۆجیای زانیارییە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆگرامەکە.

# چاکسازی و کاردانەوەی سیاسەت

لە دیدگای 2020دا. حکومەتی هەرێمی کوردستان روانگەیەکی هەمەلایەنی دارشتوە بۆ چاکسازی و پەرەپێدان. چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی جێبەجێکردنی ئەم دیدگایە دەکات لەرێگەی بەستەیەکی یەکانگیر لە ستراتیژ، یاسا، دامەزراوە و پرۆگرام. ستراتیژە پێشنیارکراوەکان بەباشی تەبان لەگەڵ دیدگای 2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەولەویەتی سیاسەتەکان، هەروەها میکانیزمی جێبەجێکردنیان دابین دەکەن. **ستراتیژەکان** ئەمانەی خوارەوەن:

| | | |
|---|---|---|
| بازارەکانی کار | 1 | دابینکردنی کارای دەستی کار لەناو کارخوازی کارامە و تواناداردا لەرێگەی سیستمەکانی پەروەردە و راهێنان و هاندەر لەسەر بنەمای بازار |
| | 2 | زیادکردنی خواست لەسەر کارمەند بۆ خێراکردنی دروستکردنی کار لەناو دانیشتواندا، بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت |
| | 3 | دانانی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شیکاری زانیاری لەکاتی خۆیدا، دارشتنی سیاسەتەکانی کار و دروستکردنی دیالۆگ لەناو هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا. |
| بیمەی کۆمەڵایەتی | 4 | جێبەجێکردنی چاکسازی کردەیی بۆ پرۆژەکانی ئێستا لەپێناو دڵنیابوون لە بەردەوامی دارایی و هەنگاونان بەرەو یەکخستنی پرۆژەکانی خانەنشینی گشتی، تایبەت و هەموو پرۆژە پیشەییەکانی تر. |
| | 5 | دارشتن و جێبەجێکردنی میکانیزی بەدیل بۆ فراوانکردنی خانەنشینی و رووماڵی بیمەی کۆمەڵایەتی |
| تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی | 6 | دارشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی بیمەی بێکاری |
| | 7 | بەکارهێنانی هەژاری وەک ئامرازی دیاریکردنی شایستەیی بۆ پرۆگرامەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی کاریگەر بۆ گروپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان |
| | 8 | پاراستنی سەرمایەی مرۆیی لەرێگەی دابینکردنی هاندەر بۆ تەندروستی و پەروەردەی باشتر |

ستراتیژەکان پاڵپشتی دەکرێن لەلایەن کۆمەڵێک **یاساوە** کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریان دەکات بۆ پاڵپشتیکردن و تواناداکردنی جێبەجێکردن لەرێگەی **نوێکردنەوەی دامەزراوەکانەوە.**

| | | |
|---|---|---|
| **یاسای کار** | یاسای کار و رێنمایی پەیوەندیداری نوێ پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەنجامەکانی کاری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و دامەزراوەکانی ئێستا و نوێ باشتر ئاراستە دەکات. | **وەزارەتی کار** |
| **یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی** | یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی نوێ لە هەرێمی کوردستان دادەمەزرێنرێت (کەکارمەندانی هەردو کەرتی گشتی و تایبەت بگرێتەوە) کە خانەنشینی و پرۆگرامەکانی تری بیمەی کۆمەڵایەتی بگرێتەوە. | **دەزگای بیمەی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان** |
| **یاسای هاوکاری کۆمەڵایەتی** | یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی نوێ بۆ بەدیهێنانی دادوەری و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی باشتر بەئەمانجکراو. | **دەزگای هاوکاری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان** |

ستراتیژەکان دەکرێن بە **پرۆگرام** بۆ جێبەجێکردن

| یاسای کار | یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی | یاسای هاوکاری کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|
| هێشتنەوە لە خوێندن و تەواوکردن | خانەنشینی بەکخراوی پیری، کەمئەندامی و میراتگر | بەئامانجکردنی هەژاری |
| چاکسازی خزمەتی مەدەنی | فراوانکردنی رووماڵی خانەنشینی لەرێگەی پرۆژەی بەشداریکردن و بێبەشداری بەشداریکردن و بەشدارینەکردن | پارەدانی مەرجدار |
| برەودان بە کاری کەرتی تایبەت | بیمەی بێکاری | |

ئەمانە دەبنە هۆی بەدیهێنانی **ئامانجەکان** تا 2020





| دەرفەت | بەرگەگرتن | دادوەری |
|---|---|---|
| بەدیهێنانی پەروەردەی بنەرەتی گشتگیر، پەرەپێدانی تواناکان بەپێی خواستی کەرتی تایبەت، بەستنەوەی زیاتری خوێندنی زانکۆ بە کارەوە. | جێگیرکردنی میکانیزمی داراییکردنی شەفافی بیمەی کۆمەڵایەتی، زیادکردنی یەکسانی و دادوەری. | کەمکردنەوەی رێژەکانی هەژاری لە هەرێمی کوردستان، لەرێگەی پەرەوکردنی بەئامانجکردن و پارەدانی مەرجدارەوە. |
| گونجاندنی قەبارەی کەرتی گشتی و کۆنترۆڵکردن و سوودوەرگرتن لە ژمارەی کارمەندی بیانی، بەشێوەیەکی سوودبەخش بۆ کاری هاووڵاتیان لە کەرتی تایبەت. | بەرەوپێشبردن و راگرتنی بەردەوامی داراییکردنی پرۆژەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی. | جێگیرکردنی پرۆگرامەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ دابینکردنی پاڵپشتی هەمەگیر بۆ تاکەکەس و گرووپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان. |
| بەرەوپێشبردنی کاگێڕیی و پرۆگرامەکانی کار، لەرێگەی بەکارهێنانی (LMIS) و گفتوگۆی کۆمەڵایەتییەوە. | فراوانکردنی رووماڵی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ مووچەخۆران و سوودمەندانی تر. | دانانی داتابەیسێک بۆ دڵنیابوون لە کارایی دارایی و کارگێڕیی و پاڵپشتیکردنی کەمکردنەوەی هەڵەکانی بێبەشکردن و بەشداری ناڕەوا. |

# خشتەی ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| بەشی 1.  پێشەکیی | 12 |
| بەشی 2.  سیستمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی - ڕوانگەیەکی ستراتیژی و چوارچێوەیەکی چەمکیی بۆ چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان (SPSF) | 14 |
| بەشی 3.  هەڵسەنگاندنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان | 17 |
| بەشی 4.  سیاسەت و پرۆگرامەکانی بازاڕی کار - بەرەو دەرفەت | 30 |
| A.  ڕوانگەی ئابوری گشتیی | 30 |
| B.  ئاراستە ستراتیژییەکان | 31 |
| C.  دامەزراوەکان | 33 |
| D.  پرۆگرامەکان | 34 |
| E.  کارگێڕی | 34 |
| بەشی 5.  خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی - بەرەو بەرگەگرتن | 37 |
| A.  ئاراستە ستراتیژییەکان | 37 |
| B.  یاساکان | 42 |
| C.  دامەزراوەکان | 43 |
| D.  پرۆگرامەکان | 43 |
| E.  کارگێڕی | 45 |
| بەشی 6.  تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی - بەرەو دادوەری | 46 |
| A.  ئاراستە ستراتیژییەکان | 46 |
| B.  دامەزراوەکان | 48 |
| C.  پرۆگرامەکان | 48 |
| D.  کارگێڕی | 48 |
| بەشی 7.  پاڵپشتی پەیوەندییە ستراتیژییەکان بۆ چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) | 51 |
| بەشی 8.  نەخشەڕێگەی جێبەجێکردن | 56 |
| بەشی 9.  چوارچێوەی ئەنجامەکان | 62 |

# لیستی شێوەکان


| | |
|---|---|
| شێوەی 1. دیدگای 2020 و پاراستنی کۆمەڵایەتی | 12 |
| شێوەی 2. پرنسیپە سەرەکییەکان کە بنەمان بۆ سیستمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی | 14 |
| شێوەی 3. ڕێبازی بازنەی ژیان بەرەو بەرگەگرتن، دادوەری و دەرفەت | 14 |
| شێوەی 4. چوارچێوەی چەمکی بۆ پەرەپێدانی (SPSF) | 14 |
| شێوەی 5. تێکرای قەبارەی خێزان و پێکهاتەی (%) | 16 |
| شێوەی 6. ڕێژەی زۆر نزمی کار | 18 |
| شێوەی 7. ڕێژەی بەشداری هێزی کاری مێینە | 19 |
| شێوەی 8. ڕێچکەی هێزی کاری مێینە | 19 |
| شێوەی 9. پێکهاتەی خوێندنی هێزی کار بەپێی گروپی تەمەن | 19 |
| شێوەی 10. پێکهاتەی بێکاری بەپێی خوێندن، (LFS 2012R1 and LFS 2014R2) | 20 |
| شێوەی 11. ژمارەی خەمڵێنراوی ساڵانەی تازەهاتوو بۆ ناو هێزی کار تا 2020 | 21 |
| شێوەی 12. خەرجی خانەنشینی بەرامبەر ژمارەی دانیشتوانی بەتەمەن | 20 |
| شێوەی 13. پشکی سوودمەندانی هەژار (%) | 23 |
| شێوەی 14. دابەشکردنی سوودمەندان بەپێی کەیسەکان لە هەرێمی کوردستان 2010-2014 | 24 |
| شێوەی 15. نمایشی گریمانەیی بۆ ناکارایی بەئامانجکردن 2012 | 26 |
| شێوەی 16. دابەشبوونی سوودمەندان لە هاوکاری وەزارەتی کار بەپێی پارێزگا بۆ ساڵی 2014 | 27 |
| شێوەی 17. کۆی ژمارەی سوودمەندان لە پارەدانی بێمەرج، هەروەها بڕی پارەدانەکان 2010-2014 (ملیۆن دیناری عێراقی) | 27 |
| شێوەی 18. ڕێژەکانی مردنی ساوا و منداڵ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2006-2014 | 28 |
| شێوەی 19. ڕێژەکانی دەرە-قوتابخانە بەپێی تەمەن و سێکس | 29 |
| شێوەی 20. کار لە خزمەتی مەدەنی وەک ڕێژەی سەدیی دانیشتوان | 32 |
| شێوەی 21. سوڕی ژیانی ستراتیژی پەیوەندیکردن | 32 |

# لیستی خشتەکان


| | | |
|---|---|---|
| خشتەی 1. | ئەولەویەتەکانی دیدگای 2020 و SPSF | 13 |
| خشتەی 2. | سیستمی دابەشکردنی گشتی: رووماڵ، بەئامانجکردن و بەفیڕۆچوون | 24 |
| خشتەی 3. | چاودێری کۆمەڵایەتی دابینکراو لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | 25 |
| خشتەی 4. | رێژەی سەدیی وەرگرانی داهاتی نا-کار لە هەرێمی کوردستان 2007 و 2012 | 26 |
| خشتەی 5. | کار و پارەدان بەپێی کەرت، سێکس و خاوەنی فرەکار (موچەی مانگانە بە هەزار دیناری عێراقی) | 35 |
| خشتەی 6. | پرۆگرامی پەیوەندیکردن بۆ SPSF | 53 |

# سەرچاوەی وێنەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەرگی کتێب ، لاپەرەی٣٩

جمال پێنجوێنی
لاپەرەی  ٣٦، ٤٣، ٤٤، ٤٨، ٥١

شایان شهیر نورالدین
بەرگی کتێب، لاپەری ٣٧

# بەشی 1
## پێشەکی

**ئەیلولی 2013 حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵگەنامەیەکی گرنگی بڵاوکردەوە بەناونیشانی «هەرێمی کوردستانی عێراق 2020 دیدگایەک بۆ ئایندە» (دیدگای 2020)**. ئەم دیدگایە رایدەگەیەنێت: «لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەموو خەڵک بەهرەمەند دەبن لە ئازادی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری.» دیدگای 2020 هاوکات چوار بنەما دەستنیشان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم دیدگایە: (1) خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوەیە؛ (2) بونیاتنانی هەرێم: ژێرخان؛ (3) بونیاتنانی هەرێمێک کە لەڕووی ئابورییەوە گەشەسەندوو بێت؛ و (4) بەکارخستنی حکومەت بۆ خزمەتی خەڵک.

**دارشتنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) تەبایە لەگەڵ دیدگای 2020**. بنەمای یەکەمی دیدگای 2020 پرنسیپەکانی گەشەی مرۆیی لەخۆدەگرێت، وەک پەروەردە و تەندروستی، لەهەمان کاتدا جەخت دەخاتەسەر پاراستن و بەشدارپێکردنی کۆمەڵایەتی. بنەمای سێیەمی دیدگای 2020 گەشەی کەرتی تایبەت وەک ئەولەویەت دیاری دەکات، بنەمای چوارەم بایەخ دەدات بە چاکسازی خزمەتی مەدەنی، ئەمانەش هەردووکیان ئاکامی راستەوخۆیان دەبێت بۆ ئەنجامەکانی کاری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت. لێرەوە دارشتنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەتەواوی تەبایە لەگەڵ پلان و دیدگاکانی پەرەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک لە شێوەی 1 و خشتەی 1دا نیشاندراوە.

شێوەی 1. دیدگای 2020 و پاراستنی کۆمەڵایەتی

**دیدگای پەرەپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانە تا بەهرەمەند بن لە سوودەکانی ئازادی، تەندروستی، خۆشگوزەرانی و ئاسایش و دەرفەتی ئابوری.**

1
دانانی خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوە
- تەندروستی
- پەروەردە
- لەخۆگرتن
- بازاڕەکانی کار

2
بونیاتنانی هەرێمی کوردستان: ژێرخان

3
دروستکردنی هەرێمێک کە لەڕووی ئابورییەوە خۆشگوزەران بێت

4
دانانی حکومەت لە خزمەتی خەڵکدا

## خشتەی 1. دیدگای 2020 و ئەولەویەتەکانی (SPSF)

| خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوە | | ستراتیژەکانی (SPSF) |
|---|---|---|
| پەروەردە لە کوردستان | • زامنکردنی دەستگەیشتن لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەی باخچە تا قۆناغی 12<br>• دابینکردنی پەروەردەی باخچە تا قۆناغی 12 بە کواڵیتی باش<br>• بەرزکردنەوەی گرنگی و پەیوەندیداری و سەرکەوتنی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی و تەکنیکی<br>• بۆنیاتنانی زیاتر لەسەر پێشکەوتنەکانی خوێندنی باڵا | ستراتیژی 1. دابینکردنی کارای دەستی کار لەناو کارخوازی کارامە و تواناداردا لەڕێگەی سیستمەکانی پەروەردە و ڕاهێنان و هاندەر لەسەر بنەمای بازاڕ |
| زامنکردنی کۆمەڵگەیەکی فرەیی | • زامنکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کچان و ژنان<br>• کەمکردنەوەی هەژاری و باشکردنی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی | • ستراتیژی 7. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەژاری وەک پێوەری سەرەکیی بەکاردەهێنێت بۆ بڕیاردان لە شایستەیی بۆ پرۆگرامەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (بە سیستمی دابەشکردنی گشتییەوە)، هەروەها چاودێری کاریگەر دابین دەکات بۆ گرووپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان<br>• ستراتیژی 8. حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرمایەی مرۆیی خۆی دەپارێزێت لەڕێگەی دابینکردن هاندەر بۆ تەندروستی و پەروەردەی باشتر |
| بازاڕی کار لە کوردستان | • ئەنجامدانی چاکسازی یاسایی<br>• دڵنیاییکردن لەوەی کە هێزی کاری ئێمە کارامەیە<br>• دارشتنی سیستمێکی ورد و هەمەگیری بیمەی بێکاری<br>• ئەنجامدانی چاکسازی خانەنشینی و بیمە<br>• یارمەتیدان ئافرەتان بۆ چوونەناو بازاڕی کار و بەدەستهێنانی سەرکەوتن<br>• ستراتیژی 1. | • ستراتیژی 1.<br>• ستراتیژی 2. حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی دەکات لە کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی کار لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بەمەش بەشداری دەکات لە دروستبوونی کەرتی تایبەتی چالاکدا<br>• ستراتیژی 3. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە دانانی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شیکاری زانیاری لەکاتی خۆیدا، دارشتنی سیاسەتەکانی کار و دروستکردنی دیالۆگ لەناو هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا.<br>• ستراتیژی 4. حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی پێوانەیی ئەنجام دەدات لە پرۆژەکانی ئێستادا، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی دارایی، هەروەها هەنگاو دەنێت بەرەو یەکخستنی پرۆژەکانی خانەنشینی گشتی، تایبەت و (پیشەیی)<br>• ستراتیژی 5. حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمی ئاسایی و بەدیل دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات بۆ فراوانکردنی ڕوماڵی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی<br>• ستراتیژی 6. حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرام بیمەی بێکاری دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات |

| دروستکردنی هەرێمک کە لەڕووی ئابورییەوە خۆشگوزەران بێت | | ستراتیژەکانی (SPSF) |
|---|---|---|
| تواناداركردنی گەشەی کەرتی تایبەت | • بەرەوپێشبردنی ژینگەی یاسایی و ڕێکخستنی کەرتی تایبەت<br>• فراوانکردنی دەرفەتی بازارگانی بۆ ئافرەت | • ستراتیژی 2. |

| حکومەت بخرێتە خزمەتی خەڵک | | ستراتیژەکانی (SPSF) |
|---|---|---|
| چاکسازی خزمەتی مەدەنی | • یارمەتیدانی فەرمانبران بۆ بژاردەی جێهێشتنی حکومەت و بەشداریکردن لە کەرتی تایبەت | • ستراتیژی 2. |

*پێشینەکان بە ڕەنگی سەوز بنەرەتین، بە ڕەنگی سوور پالپشتن

# بەشی 2

## سیستەمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی- روانگەیەکی ستراتیژی و چوارچێوەیەکی چەمکیی بۆ چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان

**سیستەم، پرۆگرام و سیاسەتەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و کار، یارمەتی تاکەکەس و کۆمەڵگە دەدەن بۆ بەڕێوەبردنی مەترسی و ریسک و دەیانپارێزن لە هەژاریی و بێنەوایی – [لەڕێگەی ئەو کەرەستانەوە کە بەرگەگرتن، دادوەری و دەرفەت باشتر دەکەن[1] (شێوەی 2 و 3).**

**ئاستەنگی گەورەی دەستگەیشتنی کارا بە پاراستنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دڵنیاییکردن لەوەی کە پرۆگرامەکان کاردانەوەیان هەیە بۆ پێداویستییەکانی گروپە جیاوازەکان و مەترسییەکان، بە سەرچاوەگرتن لە بەستەیەک پرۆگرامەوە کە پێکەوە بەرگەگرتن، دادوەری و دەرفەت دابین دەکەن بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیانە.** یەکێک لە رێگەکان بۆ دیاریکردنی رێبازەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بریتییە لە وەرگرتنی رێبازی سووڕی ژیان بۆ نەخشەکێشانی خواست لەسەر بەستەی پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی (وەک لە شێوەی 4دا نیشاندراوە). ئەم نموونەیە روانگەیەکی یەکانگیرمان بۆ دابین دەکات تا لێوەی سەیری دەستوەردانەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بکەین، بەڵام چەندین رێگەی تر هەیە بۆ بیرکردنەوە لە بەستەی پرۆگرام، وەک جیاکردنەوەیان بەپێی کەرتە فەرمی/نافەرمییەکان، جۆرە جیاوازەکانی دەستەوسانی، جێندەر، ئاستەکانی هەژاریی، یان جیاکاریی شار-گوند. بەڵام رێبازی سووڕی ژیان بەباشی روونی دەکاتەوە کە چۆن ئەو پرۆگرامانەی کە گروپی دیمۆگرافی تایبەت دەکەنە ئامانج، دەتوانن خزمەتی ئامانجێک یان زیاتری پاراستنی کۆمەڵایەتی بکەن – بۆ نموونە، پرۆگرامەکانی خۆراکی قوتابخانە، منداڵی تەمەنی قوتابخانە دەپارێزێت، پرۆگرامەکانی کارامەیی یارمەتی دروستکردنی دەرفەت دەدات لەڕێگەی رێخۆشکردن بۆ دەستگەیشتنی لاوان بە کاری بەرهەمهێنەر، هەروەها بیمەی کەمئەندامی بەرگەگرتن دەبەخشێت بەرامبەر کەمی داهات بەهۆی نەخۆشی یان رووداوەوە.

**هیچ دیزانێکی دیاریکراو نییە بۆ بەستەی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەڵکو تەنها پەیوەندی زیندوو هەیە لەنێوان پرۆگرامەکاندا.** بۆ نموونە، لە رێبازی سووڕی ژیاندا، پەیوەندیی نێوان گروپەکانی تەمەن ئەوە دەگەیێنێت کە سەرکەوتنی پرۆگرامێک کە یارمەتی کەسانی بەتەمەنی داوە دەوەستێتە سەر سەرکەوتنی ئەو پرۆگرامانەی کە یارمەتی لاوان دەدەن. گەشەی سەرەتای منداڵ پێکهاتەیەکی زۆر گرنگە بۆ بەرگەگرتن

شێوەی 2. پایەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی




1 بانکی نێودەوڵەتی 2012-2022 ستراتیژی پاراستنی کۆمەڵایەتی و کار

شێوەی 3. پرنسیپە سەرەکییەکان کە بنەمان بۆ سیستەمەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی




شێوەی 4. ڕێبازی سووڕی ژیان بۆ بەرگەگرتن، دادوەری و دەرفەت



لەسەرانسەری سووڕی ژیاندا – چونکە خۆراکی باش لە ساوایی و منداڵیدا بڕیاردەرێکی گرنگ دەبن لەوەی منداڵان بتوانن لە هەژاریی دەربازیان ببێت. هاوشێوە چالاکیی پێش قوتابخانە و پەروەردەی گونجاو ئاماژەدەری گرنگن بۆ توانای تێپەڕبوون لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا، بە پرۆگرامەکانی بونیاتنانی توانا و پرۆگرامەکانی تر کە مەبەستیان پاراستنی کۆمەڵایەتییە. هەروەها ئاسایشی داهات لە تەمەنی پیریدا زیاد دەکات، ئەگەر پرۆگرامەکانی کار و پاراستنی کۆمەڵایەتی ڕێگەیان خۆش کردبێت بۆ تاکەکەسەکان کە بەرهەمهێنەرانە کاربکەن، پارە کۆبکەنەوە و بەشداری بکەن لە پلانەکانی خانەنشینی لەماوەی ژیانی کارکردنیاندا.

**ئاستەنگی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بریتییە لە داڕشتنی پێشکەوتنخوازانەی بەستەیەک پرۆگرامی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە ڕوون بن، لەڕووی داراییەوە بەردەوام بن و باش کاربکەن و بەپێی هەلومەرجی ناوخۆیی دابڕێژرێن و پێداویستییەکانی گروپە جیاوازەکان دابین بکەن.** وڵاتێکی تازەپێگەیشتووی ئاسایی لەوانەیە چەندین کەلێنی هەبێت لەڕووی خزمەتکردنی ئەو گروپە جیاوازانەی کە پێویستیان بە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەیە – هەندێک وڵات پرۆگرامی فراوانی بەئامانجکردنی هەژاریان هەیە، کە لەوانەیە هەموو گروپەکانی تەمەن بپارێزێت، بەڵام نەتوانێت بەرگەگرتن یان دەرفەتی گونجاو دابین بکات، لەکاتێکدا هەندێک وڵاتی تر بە پچڕپچڕی بایەخ دەدەن بە ئامانجەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بەڵام تەنها خزمەت پێشکەش دەکەن بە گروپێکی بچووکی دانیشتوان (بەگشتی کەرتی فەرمی یان دانیشتوانی شارەکان)، هێشتا هەندێک وڵات پرۆگرامیان هەیە کە پێداویستی فراوان دەگرێتەوە، بەڵام ناکاران لە پێشکەشکردنی بەرگەگرتن، دادوەری و دەرفەتدا. بۆ هەرێمی کوردستان، چوارچێوە چەمکییەکە لە شێوەی 5دا لە خوارەوە خراوەتەڕوو:

شێوەی 5. چوارچێوەی چەمکیی بۆ پەرەپێدانی (SPSF)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان



# بەشی3
# هەڵسەنگاندنی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

## پرۆگرام و سیاسەتەکانی بازاڕی کار

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکێکی سەختی لە ئەستۆیە بۆ زیادکردنی قەبارە و زیندوێتی کەرتی تایبەت، کە سەرچاوەی چاوەڕوانکراوی گەشەی کارە لە ئایندەدا.** ئاستەنگی کار سەرچاوەیگرتووە لە قەبارەی بچووکی کەرتی تایبەت، گەشەی خێرای هێزی کار بەهۆی گەشەی سروشتیی دانیشتوان و ڕووداوە جیۆسیاسییەکانەوە، سیاسەتی لاوازی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئاستەنگی دارایی لەسەر ئاستی ئابوری گشتی (ماکرۆ)دا. بەدیاریکراوی و لەسەر ئاستی بازاڕی کاردا، چالاکییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، دەکرێت وەک ئەزموون سەیر بکرێن نەک وەک پرۆگرام، چونکە هەماهەنگی ناوەندیی نییە، تەنانەت لەسەر ئاستی زانیاری بەڕێوەبردنی ئەم چالاکییانەدا. تۆماری پەرتەوازەی ڕێککەوتن و پرۆگرامەکان کە وەزارەتی کار هەیەتی لەگەڵ ئاژانسە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا، پێشنیازی ئەوە دەکات کە پرۆگرامەکانی ئێستا تەنها بچووک نین بەڵکو کاتین و زیاتر پشت دەبەستن بە ئامادەباشی کۆمەکبەخشەکانەوە بۆ پاڵپشتیکردن، نەک پشت ببەستن بەوەی وەزارەت دەتوانێت چی پێشکەش بکات لە چوارچێوەی ئەولەویەتە ستراتیژییەکانی حکومەتی هەرێم بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکان و تواناکانی خودی وەزارەت.

**ئەم وێنەیە زیاتر ئاڵۆز دەبێت لە پەیوەندیدا بە بونیادی بازاڕی کارەوە، کە ژمارەیەک تایبەتمەندی ناوازەی هەیە و لە ئەنجامی مێژووی هەرێم و خەسڵەتەکانی ئابوری و دانیشتوانەوە دروست بوون.** لەسەر ئاستی ئابوری گشتیدا ئەوەی جێگەی سەرنجە، بریتیە لە باڵادەستیی کەرتی وزە و ئەو ناسەقامگیرییەی کە هەڵبەزودابەزی نرخەکانی نەوت دروستیکردوە، گرفتەکانی ئاسایش لە هەرێم و بەتایبەتی لە عێراق، وابەستەبوونی داهاتی گشتی هەرێم بە بودجەی فیدراڵەوە. ئەمە بازنەی بوەستە-بڕۆ دروست دەکات لە وەبەرهێنانی گشتی (لە ئەنجامدا لە وەبەرهێنانی تایبەتیشدا) کە کاریگەری پێچەوانەی دەبێت لەسەر گەشەی ئابوری و توانای کەرتی تایبەت بۆ دروستکردنی کار. ئەگەرچی لەم ڕاپۆرتەدا هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە، ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی کە نە قەبارە و بەردەوامی خەرجییە گشتییەکان و نە ئاست و پێکهاتەی وەبەرهێنانی تایبەت، بە وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانیشەوە، ناتوانن دەستکەوتی بەرزی کۆمەڵایەتیان هەبێت.

**دووەم کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی هەیە بە سیاسەتەکانی کار و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەرزی ڕێژەی بەشاربوونە.** ئەمە بەشێکی بەهۆی وێرانبوونی ژمارەیەکی زۆری گوندەوە بووە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو و نیگەرانی لەسەر سەلامەتی لە ناوچە گوندنشینەکان. هاوکات ڕێژەکانی بەشاربوون بەرەو بەرزبوونەوە دەچن لەکاتی پەرەپێدانی ئاساییدا، لە ئەنجامی کۆچی ناوخۆیی هاووڵاتیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەرفەتی ئابوری زیاتر لە شارەکان – وەک موچەی بەرزتر بە بەراورد بە کەرتی کشتوکاڵ. بەشاربوون هاوشان لەگەڵ دابینکردنی پەروەردە لەلایەن حکومەتەوە، بە پەروەردەی پاش-ئامادەییەوە، بوونەتە هۆی زیادبوونی تۆمارکردن لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا، ئەمەش بۆتە هۆی زیادبوونی قەبارەی چینی ناوەند و داخوازییەکانی. ئەم فاکتەرانە لەگەڵ ڕێژە بەرزەکانی لەدایکبوون لە ڕابوردو و ئیستادا، بوونەتە هۆی ئەمانەی خوارەوە.

- یەک لە سێی دانیشتوانی کوردستان لە قوتابخانە/کۆلیج/زانکۆن؛
- دوو لە سێ کەس لە خوار تەمەنی 25 ساڵەوەن؛ و
- 38.000 دەرچووی خوێندنی پاش-ئامادەیی کە لە تەمەنی کارکردندان (کە یەک لە سێیان نێرینەن) لە دەرەوەی هێزی کاردان2 بە بەراورد بە نزیکەی 100.000 بێکاری فەرمی بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندن.

**سێیەم، و بەتایبەتی لەناو بازاڕی کاردا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو حکومەتە دەگمەنانەی کە ڕێژەی کار لە کەرتی گشتیدا زیاترە لە کەرتی تایبەت (53% بەرامبەر 47%).** قەبارەی کەرتی تایبەت زۆرجار بەتووندی ڕەخنەی لێگیراوە، بەتایبەتی لەڕووی ساردکردنەوەی کارخوازانەوە بۆ بەدەستهێنانی کار لە کەرتی تایبەت، بەئومێدی ئەوەی کە کار بەردەست دەبێت بۆیان لەناو حکومەت، چونکە خەڵکی تر توانیویانە کاری حکومی بەدەستبهێنن. بەڵام نزیکەی دوو لە سێی کارمەندانی کەرتی گشتی لەو کەرتانەدان کە پێویستن (بەرگری،

2 واتا "ناچالاک" یان "بێجووڵە"، نەک تەنها بێکار.

## شێوەی 6. تێکڕای قەبارەی خێزانی و پێکهاتەکانی (%)




سەرچاوە: رووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2014

ئاسایش، پەروەردە و تەندروستی). ئەمەش واتا پێویستە سیاسەتەکە جەخت نەخاتە سەر بچووکردنەوەی کەرتی گشتی و زیاتر جەخت بخاتە سەر: یەکەم کوالّیتی و کارایی دامەزراوەکانی حکومەت و دووەم جیاوازییەکانی نێوان ئاستەکانی موچە و مەرجەکانی بەکارخستن لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**لەکاتی چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود وەربگرێت لە کەمبوونەوەی ڕێژەی لەدایکبوون، زیادبوونی ژمارەی کارخوازی خوێندەوار، بەتایبەتی لە ئاستی پاش ئامادەییدا، هەروەها «سوپا»ی یەدەگی دەرچوان، کە لە ئێستادا لە دەرەوەی هێزی کارن.** سەرەڕای ئەمانە، هێشتا ئەرکەکە زۆر سەختە، تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوەشمان کرد کە پەنابەر و ئاوارەی زیاتر نایەن. ڕێژەی بەشداری هێزی کاری مێینە بەخێراییەکی گەورە لەزیادبووندایە، ئەمەش واتا تەنانەت ڕێژەی 8-10% گەشەی کەرتی تایبەت، گونجاو نابێت بۆ ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریی. کاتێک بەردەست بوو، وەبەرهێنانی کەرتی گشتی لە ژێرخاندا لە قەبارە و پێکهاتەی گونجاودا نییە تا وەک پاڵنەری گەشە کاربکات، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی لە بواری نا-ئاڵوگۆڕدا چڕبۆتەوە، ئەمەش زیانی بۆ گەشەی هەناردەکردن هەیە، هەروەها حوکمڕانی لاواز بۆتە بەربەست لەبەردەم هاوبەشی گشتی-تایبەت و بەشێوەیەکی گشتی گەشەی کەرتی تایبەت.

**ڕێژەی کار بەپێی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان (22%)ە، ئەمەش لە تێکڕادا هاوشێوەیە لەگەڵ وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جگە لە وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداوی عەرەبی)**[3]. لە ڕوانگەی خێزانەوە، تێکڕای خێزان 5.9 ئەندامی هەیە، 4.6 (60%) لەمانە لەخوار تەمەنی 25 ساڵین، 2 واتا (34%) قوتابین، 1.3 (22%) کاردەکەن و 0.1 (2%) بێکارن (شێوەی 6)[4]. شێوەکە نیشانی دەدات کە یەک لە سێی دانیشتوان لە قوتابخانەن، دوو لە سێ لەخوار تەمەنی 25 ساڵین و زیاتر لە یەک لە پێنج کاردەکەن.

**ڕێژەی کار زۆر کاریگەرە بە ڕێژەی زۆر نزمی بەشداری هێزی کار بۆ تەمەنی کارکردن (15-64)، ئافرەتان بە ڕێژەی 14%، بەڵام ئەمە بەرزدەبێتەوە بۆ 17% ئەگەر قوتابیان هەژمارنەکرێن (شێوەی 7).** بەڵام ئافرەتانی بێکار هاوشێوەی پیاوانی بێکار بەشداران لە ڕێژەی نزمی کاردا، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی بێکاری مێینە زۆر بەرزە (21% بەگشتی و 51% لەناو گەنجانی مێینەی تەمەنی 15-24دا) بە بەراورد بە ڕێژەی بێکاری نێرینە (4% بەگشتی و 11% بۆ گەنجانی نێرینە). ڕێژەی بەشداری مێینە لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە نزمترینەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جگە لە سعودیە)، ئەگەرچی ڕێژەی بێکاری مێینە هاوشێوەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (جگە لە لوبنان).

**چاوەڕوان دەکرێت کە هێزی کار بەخێرایی فراوان ببێت – تەنانەت**

3 بابەتی بەراوردی وەک ئوردون، لوبنان، سوریا، کەرتی خۆرئاوا و غەزە و یەمەن کە تێکڕای ڕێژەی بێکاری لەوێ 23% بوو. بروان (ILO/UNDP) (2013).

4 زانیارییەکان سەرچاوەیان گرتوە لە شەش خولی شەش مانگی رووپێوەکانی هێزی کار، کە نموونەی وەرگیراو نزیکەی 40.000 خێزان، 225.000 تاکەکەس و 50.000 کارمەندە. .

## شێوەی 7. ڕێژەی زۆر نزمی بێکاری




سەرچاوە: ڕووپێوی هێزی کار ٢٠١٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان

## شێوەی 8. ڕێژەی بەشداری هێزی کاری مێینە




سەرچاوە: ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2014 و (ILO/UNDP (2013) Rethinking Economic Growth: Towards Productive and Inclusive Arab Societies)

## شێوەی 9. ڕێچکەکانی هێزی کاری مێینە




**ئەگەر ئەم ڕێچکانەی ئێستا بەردەوام بن، هێزی کار بەخێرایی گەشە دەکات بەتایبەتی لەناو ئافرەتاندا**

سەرچاوە: (IHSES 2007) و ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2014

**به پشتگوێخستنی زیادبوونی دانیشتوان بەهۆی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکانەوە.** گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە ئێستادا نزیکەی 140.000 کەسە، واتا 2.6%ی دانیشتوان. وەک ڕێژەکانی ئێستای بەشداری هێزی کار، ئەمە هاوکات ڕێژەی گەشەش دەبێت بۆ کارخوازان. بەڵام ڕێژەی بەشداری هێزی کاری مێینە بەخێرایی بەرزدەبێتەوە، بەتایبەتی لەناو ئافرەتانی خوێندەواردا (شێوەی 9).

**کەرتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان تا ئەم دواییانە بەرەوپێش نەچوو بوو.** بەرهەمی پەروەردە بەزۆری لەلایەن حکومەتەوە وەرگیراون، چ وەک مامۆستا یان وەک فەرمانبەر لە کارەکانی تری حکومەتدا. ئەم ئاراستەیە تۆختر دەبێتەوە کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زیاتر دەدات بە پێداویستیەکانی خۆی و دامەزراوە پەروەردەییەکان دەخرێنە خزمەتی وڵاتەوە. ئەوەی پێشتر تەنها بریتی بوو لە دابینکردنی بچووک بۆ دەستەبژێر، ئێستا فراوان بووە بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی پەرەپێدانی نیشتمانی و خولیا تاکەکەسییەکان. لەڕاستیدا، ڕێژەی گەشەی کەرتی پەروەردە زۆر بەرزە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە لە بازاڕی کاردا، وەک شێوەی 10 نیشانی دەدات.

**لە ئەنجامدا گەشەی پەروەردە زۆر خێراتر بوو لەوەی کە کەرتی گشتی بتوانێت هەرسی بکات.** بەڵام پێشکەوتن لە بەرهەمهێنان لە کەرتی تایبەتدا، پێویستی بە خوێندن و کارامەیی زۆر نییە – ئەمەش پشتڕاست کراوەتەوە لەلایەن ڕێژە زۆر نزمەکانی گەڕانەوە بۆ خوێندن.

**هاوکات وەک لە هەندێک وڵات باوە، ئەم گەشە خێرایە بۆتە هۆی دەرکەوتنی بێکاری خوێندەوار وەک کێشەیەکی ڕاستەقینە.** لەبەرئەوەی دەرچوون بژاردەی قبوڵکردنی کاریان هەیە لە دەرەوەی بواری خۆیاندا، لەجیاتی ئەوەی بێکار بمێننەوە، ئەمەش بۆتە هۆی دەرکەوتنی گرفتی بێکاری دەرچوو، هەروەها جیاوازییە جێندەرییەکان، وەک شێوەی 11 نیشانی دەدات.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووە لەگەڵ ئاستەنگێکی گەورەی کار، تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە زیادبوونێکی بەرچاو نابێت لە ژمارەی ساڵانەی کارخوازاندا (ئافرەتان، ئاوارە ناوخۆییەکان، پەنابەران و کارمەندی بیانی کە بە موچەی کەم و گرێبەستی کورتمەودا بەکاردەخرێن).** لەسەر بنەمای خەمڵاندنە نێودەوڵەتییەکان بۆ کاریگەری گەشەی بەرهەم (کۆی بەرهەمی ناوخۆیی) لەسەر کار، سیناریۆی ناوەڕاست بۆ هەرێمی کوردستان، پێشنیار دەکات، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ساڵانە 50.000 کار زیاد بکات – کە ئەم ژمارەیە ڕێگر دەبێت لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری – پێویستە ڕێژەکانی گەشەی ئابوری بە بەردەوامی لە سنووری پێنج لەسەد یان زیاتر بێت لە ساڵێکدا. هەروەها ئەگەر بڕیارە زۆرینەی کارمەندانی داهاتوو لەلایەن کەرتی تایبەتەوە هەرس بکرێن، کەرتی تایبەتی تارادەیەک بچووک، پێویستی بە گەورەبوونی ساڵانەی 10% یان زیاتر هەیە. ئەگەر بەرزبوونەوە لە نرخە جیهانییەکانی نەوتدا ڕوونەدات، ئەم ژمارانە بەرزن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە تەنها چەند وڵاتێک توانیویانە ئەم ڕێژە خێرایانە بەدیبهێنن، کە زۆربەیان لە خۆرهەڵاتی ئاسیان و پاڵنەری سەرەکییەکان بەپیشەسازیکردن بووە لە سایەی هەناردەکردندا.

**کەڵەبوونی کارمەندی خوێندەواری ناچالاک لەگەڵ خوێندەواری بێکار و زیادبونی پشکی خوێندەواران لەناو کارخوازاندا (شێوەی 10) واتا ئەوانەی تر کە پەیوەندی دەکەن بە بازاڕی کارەوە و هەڵگری پەروەردەی بنەڕەتی یان نزمترن، ڕووبەڕووی کەمی دەرفەتی کار، مەترسیی هەژاریی و پشتبەستن بە بیمەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.** سەرەڕای سیاسەتە دیاریکراوەکانی کار و هاوکاری کۆمەڵایەتی،

شێوەی 10. پێکهاتەی پەروەردەیی هێزی کار بەپێی گرووپی تەمەن




**بەم شێوەیە هێزی کار بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات بەتایبەت نیوان ئافرەتان**

سەرچاوە: (IHSES 2007) و ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2014

شێوەی 12. ژمارەی ساڵانەی خەمڵێنراوی هاتووی تازە بۆ بازاڕی کار تا 2020




زۆربەی کارخوازانی داهاتوو خوێندنی پەیمانگا و زانکۆ تەواو دەکەن وەگیراوە لە راند (2014)، هەڵسەنگاندنێک بۆ بازاڕی کاری ئێستا و داهاتوو لە هەرێمی کوردستان – عێراق: ئاکامەکانی سیاسەتەکان لەسەر زیادکردنی کاری کەرتی تایبەت

سیاسەتی تر پێویست دەبن هەر لە بواری بەڕێوەبردنی ژیرانەی ئابوری گشتیەوە بۆ سیاسەتەکانی کەرتەکانی ئابوری و جەختکردنەوەی زیاتر لە خەرجییە گشتییە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستیدا.

شێوەی 11. پێکهاتەی بێکاری بەپێی خوێندن، رووپێوی هێزی کار خ1 2012 و خ2 2014




وەگیراوە لە راند (2014)، هەڵسەنگاندێک بۆ بازاڕی کاری ئێستا و داهاتوو لە هەرێمی کوردستان – عێراق: ئاکامەکانی سیاسەتەکان لەسەر زیادکردنی کاری کەرتی تایبەت

## جیاوازی گەورەی جێندەری هەیە جیاوازی گەورەی جێندەری هەیە لە بواری بێکاریدا

بێکاری نێرینە بەپێی ئاستی خوێندن بەشێوەیەکی یەکسانتر دابەش بووە، بەڵام پیاو و ئافرەتی خوێندەوار زیاتر لە جاران بێکار دەبن

بێکار (ژمارە) بەپێی ئاستی خوێندن و سێکس 2014




هەموو زیادبوونەکانی بێکاری لە ساڵی 2007ەوە لە کارخوازی مێینەوە هاتووە

زیادبوونی بێکاری بەپێی سێکس، 2007-2012 و 2012-2014




وەگیراوە لە راند (2014)، هەڵسەنگاندێک بۆ بازاڕی کاری ئێستا و داهاتوو لە هەرێمی کوردستان – عێراق: ئاکامەکانی سیاسەتەکان لەسەر زیادکردنی کاری کەرتی تایبەت

**لە ناوەڕاستیساڵانی 1950 کانەوە پرۆگرامەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێن.** لەئێستادا دوو پرۆژەی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەیە.

i. پرۆژەی خانەنشینی کە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی رووماڵ دەکات، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بەڕێوەدەبرێت و رووماڵی مەترسییەکانی پیریی، کەمئەندامیی و میراتگری دەکات؛

ii. پرۆژەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە رۆماڵی کارمەندانی کەرتی تایبەت دەکات و لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بەڕێوەدەبرێت، رووماڵی ئەم مەترسیانە دەکات: پیریی، کەمئەندامیی و میراتگری (بیوەژن، منداڵی بێسەرپەرشتیار، هتد) تەندروستی و بریندراری کار.

**لە ساڵی 2014 کۆی تێچووی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان دەخەمڵێنرا بە 1.20 ملیار دیناری عێراقی، یان 4.5%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆ (یان 2.8%ی کۆی گەشەی بەرهەمی ناوخۆ کاتێک نەوتیش هەژمار بکرێت)، ئەمەش بەرزە بە بەراورد بە وڵاتانی تر (بڕوانە شێوەی 13).** زیاتر لە 50%ی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لەلایەن سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی (خانەنشینی)یەوە رووماڵ **کراوە**. بەڵام زۆرینەی ئەمانە کارمەندی کەرتی گشتین. لەڕاستیدا، نزیکەی 84%ی هێزی کاری کەرتی تایبەت رووماڵ نەکراوە[5]. هاوکات تەنها نزیکەی 50%ی کەسانی سەروو تەمەن 65 ساڵ سوود لە سیستەمی خانەنشینی وەردەگرن (کە زۆرینەیان خانەنشینی کەرتی گشتین). پیرەکانی تر ناچارن پشت بە چاودێری نافەرمیی ببەستن یان دەستگیرۆیی گشتی وەک هاوکاری کۆمەڵایەتی (تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەبێ بەشداری).

**هەردوو پرۆژەکەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەرێم لەسەر بنەمای بەشداریکردن و خۆ-دارییکردن دانراون.** لەم جۆرە سیستەمەدا، خانەنشینی بەپێی هاوکێشەیەک هەژماردەکرێت لەسەر بنەمای موچە و ماوەی خزمەت. میکانیزمەکانی داراییکردنی هەردوو سیستەمەکە لە شێوەی «پارەبدە و بەکاربهێنە» (pay-as-you-go)، بەشدارانی ئێستا پارەی سوودمەندانی ئێستا دەدەن. لە کەرتی تایبەت، رێژەی بەشداری لە موچە (17%)یە، 12%ی کارمەند دەیدات و 5%ی خاوەنکار (14% بۆ خانەنشینی، 2% بۆ بریندراری کار و 1% بۆ نەخۆشی و دایکایەتی). رێژەکانی بەشداری کەرتی گشتی لە موچە 19%ە، 12% بۆ خاوەنکار (حکومەت) و 7% بۆ کارمەند (بۆ کەرتی گشتی تەنها خانەنشینی رووماڵ کراوە).

**پرۆژەکەی کەرتی گشتی لە ئێستادا رێژەی[6] پاڵپشتی سێ بەشدار بۆ هەر سوودمەندێکی هەیە (682.000 بەشدار بەرامبەر 246،639 سوودمەند).** پرۆژەکەی کەرتی تایبەت هێشتا رێژەی پاڵپشتی بەرزتری هەیە کە 120 بەشدارە بۆ هەر سوودمەندێک (78.525 بەشدار بەرامبەر 652 سوودمەند). بەڵام گرنگە سەرنج بدەین کە پرۆژەکەی کەرتی تایبەت ساڵانە پارە دەدات بە زیاتر لە 2.000 «قەرەبووی کۆتایی خزمەت» بەو ئەندامانەی کە گرێبەستی کاریان کۆتاییهاتوە، بەڵام شایستەی خانەنشینی نین.

**بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، هاوکێشەی سوود بۆ هەژمارکردنی خانەنشینی لە هەردوو کەرتەکە رێژەی وەرگرتنی بەرزە (2.5%)[7]، هەروەها لەسەر بنەمای دوا موچەیە (دوا سێ موچە بۆ پرۆژەکەی کەرتی تایبەت و دوا موچە بۆ پرۆژەکەی کەرتی گشتی).** مەرجەکانی شایستەیی جیاوازن بۆ هەردوو پرۆژەکە. لە کەرتی تایبەتدا کەمترین ماوەی خزمەت 20 ساڵە ئەگەر کەسەکە بگاتە تەمەنی خانەنشینی (55 ساڵ بۆ ئافرەت و 60 ساڵ بۆ پیاو)، یان 30 و 25 ساڵ خزمەت بۆ پیاو و ژن یەک لەدوای یەک لەهەر تەمەنێکدا بێت، بەپێچەوانەوە کارمەند تەنها دەتوانێت بڕێک پارە وەربگرێت لەجیای خانەنشینی. بەپێی یاسا لە کەرتی گشتی کەمترین ماوەی خزمەت 15 ساڵە، کەمترین تەمەنی خانەنشینی 50 ساڵە و تەمەنی خانەنشینی **زۆرەملێ** 63 ساڵە.

**بەڵام چوارچێوەی یاسایی ئێستا بۆ هەردوو پرۆژەکە لە چەند روویەکەوە روون نییە.** هەروەها هەرێمی کوردستان هێشتا سندوقی خانەنشینی پێکنەهێناوە (بەپێی یاسای فیدراڵی ژمارە 27/2006، کە یاسای خانەنشینی ئێستایە لە عێراق، بەڵام تەنها بەشێکی لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت). یاسای خانەنشینی هەرێمی کوردستان لەئێستادا بوونی نییە، هەروەها بیر لە دەرکردنی یاسایەک نەکراوەتەوە. هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نییە بە حوکمەکانی یاسای فیدراڵی 9/2014 (یاسای خانەنشینی یەکخراو)، لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، یاسای فیدراڵی عێراق لەئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنرێن (ئەگەرچی لە کرداردا تەنها بەشێکی جێبەجێ دەکرێت). بەکورتی هەردوو پرۆژەی خانەنشینی کەرتی گشتی و تایبەت، پابەندنین بە چوارچێوەیەکی یاسایی دیاریکراوەوە.

**بەکورتی دەکرێت ئاستەنگی سەرەکیی ئێستای سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان لەم چوار خاڵەدا پوخت بکرێنەوە:**

i. **نزمی توانای کارگێڕی** پرۆژەکانی بیمە لە هەرێمی کوردستان، کە پێویستی بە نوێکردنەوەی گەورە هەیە، هەروەها پێویستی بە

5 کاتێک سەیری کۆی رووماڵی هەرێمی کوردستان دەکەین، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی خەڵک لە کەرتی تایبەت بەهیچ شێوەیەک رووماڵ نەکراون، ئاستی رووماڵ تارادەیەک بەرزە بەپێی بەراوردکارییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە زیاتر لە 50%ی هێزی کار بۆ کەرتی گشتی کاردەکەن.

6 رێژەی پاڵپشتی سیستم: ژمارەی بەشداران دابەش ژمارەی سوودمەندان، رێژەی پشتبەستنی سیستم: ژمارەی سوودمەندان دابەش ژمارەی بەشداران.

7 رێژەی کەڵەکەبوون بەکاردەهێنرێت لە پرۆژەی دیاریکراوی خانەنشینیدا بۆ هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی بەپێی داهات بۆ هەر ساڵێکی خزمەت.

### شێوەی 13. خەرجییەکانی خانەنشینی بەرامبەر دانیشتوانی تەمەنی پیری




**پەیوەندییەکی بەرز هەیە لەنێوان خەرجییەکانی خانەنشینی و دانیشتوانی تەمەنی پیری. بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، خەرجییەکانی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان بەرزە.**

داتابەیسی خانەنشینی بانکی نێودەوڵەتی

داتابەیسێکی گونجاو، هەڵگرتنی تۆمار و سیستەمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری هەیە. لەم کاتەدا کارگێڕی و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان زۆر سەختە. هیچ کام لە پرۆژەکان بەڕێوەبردنی دارایی و کارگێڕی کاری گونجاو و هاوکاری بیمەی کۆمەڵایەتیان نییە؛

ii. بەپێی دیزاینی ئێستا و زانیارییە دابینکراوەکان، پرۆژەی کەرتی گشتی **لەڕووی داراییەوە توانای بەردەوامی-بەخۆدانی نییە.** لەڕاستیدا، ئێستا داهاتەکانی بەشداری رووماڵی خەرجییەکانی خانەنشینی ناکەن (داهاتەکانی 2014 لە بەشدارانەوە 1.1 ملیار دیناری عێراقی بوو، لەکاتێکدا کە خەرجی خانەنشینی گەیشتبووە 1.2 ملیار دیناری عێراقی). پرۆژەی کەرتی تایبەت هێشتا کورتهێنانی نییە، سەرەڕای ئەمە لەڕووی داراییەوە توانای بەردەوامی-بەخۆدانی نییە (دواجار داهاتەکان لە بەشدارانەوە گونجاو نابن بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی خانەنشینی). هەروەها پرۆژەکە سزای داهات نزمەکان دەدات لە بەرژەوەندی داهات بەرزەکان. ئەگەر کۆمەڵێک چاکسازی ئەنجام نەدرێت، پێویست دەکات بڕی زیاتری بودجەی گشتی دابین بکرێت بۆ راگرتنی پرۆژەکان؛

iii. سیستەمەکە **پەرتەوازەیە**، پرۆژەکەی کەرتی گشتی سەقامگیرتر و بەخشندەترە لە پرۆژەکەی کەرتی تایبەت، ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی بازاڕی کار و راکێشانی کارمەندی زیاتر بەرەو کەرتی گشتی و دانانی کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی کەرتی تایبەت. هەروەها جووڵەی کارمەند سنووردارە بەهۆی مەرجەکانی ئێستای شایستەیی خانەشینی و نەبوونی مافی گواستنەوەی خانەنشینی. بەکورتی کەسێک کە کار بۆ کەرتی گشتی دەکات پێویستە بەلای کەمەوە بۆ ماوەی 15 ساڵ بەشداری بکات بۆ ئەوەی شایستە بێت

بۆ خانەنشینی. ئەگەر ئەم کەسە پێش ئەم ماوەیە خزمەتی گشتی بەجێهێشت، ئەم مافەی لەدەستدەدات.

iv. سیستمی هەرێم کێشەی **کەمی رووماڵی** هەیە. لەکاتێکدا کە هێزی کاری کەرتی گشتی 100% رووماڵ کروە، نزیکەی 84%ی هێزی کاری کەرتی تایبەت بەهیچ شێوەیەک رووماڵ نەکراوە. هاوکات لە کەرتی تایبەت چڕی بەشداری نزم و نارێکخراوە و زۆربەی بەشداران تەنها سوودی بەشداری وەردەگرن و هەرگیز ناتوانن شایستەیی بەدەستبهێنن بۆ خانەنشینی جێگیر.

## تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی

**دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سوودمەندن لە ژمارەیەک پرۆژە کە دەکرێت لەسایەی داهاتی دەرە-کار پۆلێن بکرێن. سیستمی دابەشکردنی گشتی، پارەدانی نەختیی، کۆمەک (ناوخۆیی یان دەرەکیی)، زەکات، سەرەڕای پاڵپشتی دارایی حکومەت بۆ هەندێک کاڵا و خزمەتگوزاری.** بەهۆی بەردەست نەبوونی زانیارییەوە (وەک ژمارەی سوودمەندان و بودجەی پەیوەندیدار)، ئەم هەڵسەنگاندنە جەخت دەخاتە سەر پارەدانی نەختی و سیستمی دابەشکردنی گشتی، لەکاتێکدا کە ئاوڕیش دەداتەوە لە لایەنە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی دابەشکردن و کارایی پرۆژەکانی تر.

**سیستمی دابەشکردنی گشتی بەشێوەیەکی هەمەگیر دابەش دەکرێت، چونکە رووماڵی 99%ی دانیشتوان دەکات و دەگات بە 99%ی هەژارانی هەرێمی کوردستان (بڕوانە خشتەی 2).** بەشەخۆراک یان سیستمی دابەشکردنی گشتی وەک سەرچاوەیەکی داهاتی دەرە-کار، لە هەرێمی کوردستان بچووکترە، کە لە تێکڕادا پێکهێنەری کەمتر لە 20%ی داهاتەکانی دەرە-کار و 42%ی داهاتەکانی دەرە-کاری 10%ی هەژارترینی کۆمەڵگەیە. پشکی نزمی بەشەخۆراک لە هەرێمی کوردستان، قەرەبوو کراوەتەوە لەڕێگەی بەرزی پشکەکانی خانەنشینی و داهاتی سەرمایەوە. بودجەی سیستمی دابەشکردنی گستی کە بۆ هەرێمی کوردستان دیاریکراوە لە ساڵی 2015دا 357 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە (بە گریمانەی 17%ی کۆی بودجەی سیستمی دابەشکردنی گشتی

**شێوەی 14. رێژەی سوودمەندە هەژارەکان (%)**




سەرچاوە: بەڵێنی بەدینەهاتووی نەوت و گەشە: هەژاریی، لەخۆگرتن و خۆشگوزەرانی لە عێراق، 2007-2012

**خشتەی 2. سیستمی دابەشکردنی گشتی: رووماڵ، بەئامانجکردن و بەفیڕۆچوون**

| پارێزگا | پشکی دانیشتوانی وەرگر (%) | پشکی دانیشتوانی هەژار وەرگر (%) | پشکی دانیشتوانی نا-هەژار وەرگر (%) |
|---|---|---|---|
| دهۆک | 99.08 | 100 | 98.83 |
| سلێمانی | 99.24 | 99.59 | 99.21 |
| هەولێر | 98.56 | 99.39 | 98.45 |

هەرێمی کوردستان وەزارەتی کار ٢٠١٤

## خشتەی 3. چاودێری کۆمەڵایەتی دابینکراو لەلایەن وەزارەتی کار

| قەرزی بچووک | ئافرەت لە پەناگە (شێڵتەر) | کەیسی نەوجەوان لە خانەکان | منداڵ لە باخچەی ساوایان | کەیس لە دامەزراوەکانی کەمئەندامان | منداڵ لە سەنتەرە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان | هێڵی گەرم بۆ چاودێری منداڵ (پەیوەندی) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 7,157 | 92 | 844 | 1,697 | 930 | 4,220 | 3,918 |

هەرێمی کوردستان وەزارەتی کار ٢٠١٤

عێراق بۆ 2015 کە 2.1 ملیار دۆلاری ئەمریکیە). بە هەژمارکردنێکی ساکار، لەسەر بنەمای (IHSES 2007-2012) کە سیستمی دابەشکردنی گشتی دەگات بە 98%ی دانیشتوان (نزیکەی 5.4 ملیۆن)، ئەوا چاوەڕوان دەکرێت کە بڕی 68 دۆلار تەرخان بکرێت بۆ هەر سوودمەندێک. گرنگە تێبینی ئەوە بکرێت کە دابەشکردن وابەستە نییە بە قەبارە یان ئاستی هەژاریی خێزانەوە[8]. پشکی وەرگرانی سیستمی دابەشکردنی گشتی کە هەژاران لە شێوەی 14دا نیشاندراوە.

**زەکات و هاوکاری تری ئاینیی بۆ هەژاران و دەستەوسانان، لەڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە ئاینییەکانەوە دابین دەکرێن.** لەکاتێکدا کە دابەشکردنی زەکات، ئەگەرچی بچووکە، پێدەچێت کە تاڕادەیەک بەرەوپێش بچێت و بەئەمانجکردنی باش بێت. ئەگەرچی وەزارەتی ئەوقاف (کاروباری ئاینیی) دامەزراوەی سەرەکیی حکومەتە کە بایەخ دەدات بەم جۆرە لە هاوکاریی، بەڵام ڕۆڵی سنوورداره لە دابەشکردنی زەکاتدا. ئەم بەخشینانە لەلایەن ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومییەوە بەڕێوەدەبرێن. هەندێک لەمانە مۆدێلێکی پێشکەوتوو بەکاردەهێنن کە پشت دەبەستێت بە ئەنجامەکانی دۆزینەوە لە بەئامانجکردنی کۆمەڵگەیی سەردانی کارمەندە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەدا، پێگەی هەموو خێزانێک بەوردی چاودێری دەکرێت لەماوەیەکی دیاریکراودا، بۆ ڕێخۆشکردن بۆ گواستنەوە لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر، بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوە سنووردارەکان. بەڵام بەهۆی نەبوونی دەزگایەکی چاودێری حکومییەوە، پرۆسەیەکی یەکگرتوو نییە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان خۆیان بڕیاردەدەن لەوەی چۆن بجوڵێن بەپێی پەیڕەوی خۆیان. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی نیگەرانی لەسەر دادوەری لە دابەشکردن و شەفافیەت و باش بەڕێوەبردنی بەئامانجکردن و پرۆسەی دابەشکردن. بەپێی وتەی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان و وەزارەی ئەوقاف، کاریگەری زەکات هێشتا ئەوەندە نییە تا کاربکاتە سەر ئاستەکانی بەکاربردنی خێزانەکان.

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چاودێری دامەزراوەیی سنووردار پێشکەش دەکات بە پیران، بێسەرپەرشتیاران و منداڵ و گەورانی خاوەن کەمئەندامی جەستەیی و مێشکیی.** لە 2014 وەزارەتی کار ژمارەیەک شوێنی هەبوو وەک باخچەی ساوایان، خانەی بێسەرپەرشتیاران، دامەزراوە بۆ کەمئەندامان، خانەی پیران و وەرشەی هاوکاریی کۆمەڵایەتی – کە هەموویان بەسەریەکەوە خزمەتیان پێشکەش دەکرد بە 7.691 کەس[9]. وەک لە خشتەی 3دا نیشاندراوە. بەڵام زۆربەی ئەم زۆربەی ئەم شوێنانە کەرەستەی پێویستیان نییە و بەشێوەیەک دروست نەکراون کە هانی ژیانی سەربەخۆ یان تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵگەدا بدەن. بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی سنوورداری سوودمەندان و مەودای سنوورداری کاری ئەم شوێن و پرۆگرامانە، کاریگەرییان لەسەر گوزەرانی خێزان و سوودمەندان لەڕووی کردارییەوە ئەوەندە بچووکە کە جێگەی ئاماژە نییە.

**وەزارەتی کار ئاژانسی سەرەکییە کە بەرپرسە لە دابینکردنی هاوکاری پارەدانی بێمەرج لە هەرێمی کوردستان.** ئەم پرۆگرامە بەئامانجکردنی پۆلێنکراو بەکاردەهێنێت لە ئاراستەکردنی هاوکاری نەختیدا بۆ گروپی دیاریکراو کە وەک دەستەوسان هەژمار دەکرێن. ئەو هەشت پۆلەی شایستەن بۆ پارەدانی بێمەرج لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیەوە بریتین لەمانە: (1) منداڵی بێسەرپەرشتیار؛ (2) قوتابی کە هاوسەرگیری کردوە، (3) ئەوانەی کەمئەندامن بەهۆی تەمەنەوە؛ (4) ئەوانەی کەمئەندامن بەهۆی نەخۆشیەوە؛ (5) نابینایان؛ (6) ئەوانەی توانای جوڵەیان نییە؛ (7) خێزانی زیندانی و بێسەروشوینان و (8) بێکاران. بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی ئافرەتان ڕووماڵی کۆمەڵێک پۆل دەکات، وەک ژنی جیابووەوە، ژنی تەڵاقدراو، بێوەژن و ئافرەتی کەمئەندام. کۆی ئەمانە لە شێوەی 15دا نیشاندراون. پێش 2012 هاوکاری دارایی بە بڕی 30 هەزار دیناری مانگانە دەدرا بەهەر خێزانێک. لە 2012وە ئەم بڕە زیادکراوە بۆ 150 هەزار دینار بۆ هەر خێزانێک، ئێستا کۆی 191.482 خێزان سوودمەندن لە هاوکارییەکانی خێزان و کەمئەندامی

**بەئامانجکردنی پۆلێنکراوی وەزارەتی کار هێڵی هەژاری یان قەبارەی خێزان لەبەرچاو ناگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوون و نادادوەری زۆر.** بڕی 150.000 دیناری عێراقی دەدرێت بە خێزانی سوودمەند، بەدەر لە قەبارە یان پێگەی خێزان بەپێی هێڵی هەژاری

8 بڕوانە پێرستی پێشوو

9 ڕاپۆرتی وەزارەتی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان 2014

**خشتەی 4: ڕێژەی سەدیی وەرگرانی داهاتی دەرە-کار لە هەرێمی کوردستان 2007 و 2012**

| | ئاستی بژێوی | بەشخۆراک (سیستمی دابەشکردنی گشتی) | | خانەنشینی | | پاراستنی کۆمەڵایەتی | | کۆمەکی ناوخۆیی | | زەکات | | کۆمەکی نێودەوڵەتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 2007 | 2012 | 2007 | 2012 | 2007 | 2012 | 2007 | 2012 | 2007 | 2012 | 2007 | 2012 |
| ڕێژەی سەدیی وەرگران | 1 | 20% | 20% | 16% | 16% | 0% | 25% | 23% | 22% | 28% | 41% | 7% | 9% |
| | 2 | 20% | 20% | 18% | 20% | 38% | 22% | 21% | 21% | 27% | 25% | 11% | 18% |
| | 3 | 20% | 20% | 21% | 17% | 19% | 21% | 20% | 18% | 24% | 15% | 20% | 17% |
| | 4 | 20% | 20% | 24% | 24% | 0% | 20% | 17% | 21% | 13% | 14% | 26% | 27% |
| | 5 | 20% | 20% | 21% | 23% | 43% | 12% | 18% | 19% | 8% | 5% | 35% | 29% |

سەرچاوە: ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابوری خێزانی عێراق 2007-2012

یان ئاستی بەکاربردن. لەبەر ئەم هۆکارە، جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامەی ئێستا، نارۆشنە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی خێزانی شایستە، ئەمەش مەترسی بێبەشکردن و بەشدارپێکردنی نارەوا زیاد دەکات[10]. لە دۆخی پارەدانی نەختیی بە کەمئەندامان، لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی پزیشکیی لیژنەی تایبەتمەند دەدرێن. ئەمەش وەک هەندێک کاربەدەستی وەزارەتی کار وتیان، جێگەی مشتومڕ و گومانی زۆرە. ڕاپۆرتی پزیشکی شوێنی زۆر جێدەهێڵێت بۆ شرۆڤەکردن، لەبەرئەوە بەردەوام ژمارە و جۆری کەمئەندامییەکان لەزیادبووندایە، بەبێ گوێدانە هێڵی هەژاریی یان قەبارەی خێزان. پارەدانی نەختیی بێمەرج چەند پۆلێنێکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بەکاردەهێنێت، لەجیاتی میکانیزمی بەئامانجکردنی کاریگەرتر، بۆ دەستنیشانکردنی شایستەیی (وەک تاقیکردنەوەی (PMT) یان بەئامانجکردنی جوگرافی کە یارمەتیدەر دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆ زۆرینەی هەژاران سوودمەند نین لە پرۆگرامەکە وەک خشتەی 4 نیشانی دەدات،

**بە سەیرکردنی دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئاستی بژێوی و جیاکردنەوەی ژمارەی سوودمەندانی پارەدانی نەختی بێمەرج لەهەر ئاستێکی بژێویدا، سەرنج دەدەین کە ڕێژەیەکی سەدیی بەرچاو لە سوودمەندان دابەشبوون بەسەر دەوڵەمەندترین ئاستەکانی بژێویدا.** وەک شێوەی 16 نیشانی دەدات، تەنها 11.3%ی دانیشتوان لە نزمترین ئاستی بژێویدا (واتا هەژارترین) پارەدانی نەختی لە وەزارەتی کار وەردەگرن. هەروەها نیشانی دەدات کە 75%ی وەرگرانی پارەدانی نەختی لە بەرزترین ئاستی بژێویدان، لەکاتێکدا کە تەنها 25% لە نزمتریندان ئاستی بژێویدان. ڕوونە کە پرۆگرامی پارەدانی نەختی کێشەی ڕووماڵکردن و بەفیڕۆدانی سەرچاوەکانی هەیە، لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندترین پشکی دانیشتوان. ئەم خەسڵەتانە باون لەو دۆخانەدا کە میکانیزمی ناکارای بەئامانجکردن پەیڕەو دەکرێت.

**شێوەی 15. دابەشکردنی سوودمەندان بەپێی کەیسەکان لە هەرێمی کوردستان 2012-2014**




سەرچاوە: ڕاپۆرتی وەزارەتی کار 2014

10 هەڵەکانی بێبەشکردن ئاماژەیە بۆ بێبەشکردنی خێزانی شایستە (وەک ئەوانەی لەخوار هێڵی هەژارییەوەن)، بەڵام هەڵەکانی لەخۆگرتنی نارەوا ئاماژەیە بۆ لەخۆگرتنی خێزانە ناشایستەکان لە پرۆگرامی پارەدانی نەختیدا.

شێوەی 16. نمایشی گریمانەیی بۆ ناکارایی بەئامانجکردن 2012




| برنامج التحويلات النقدية غير المشروطة<br>پرۆگرامی گواستنەوەی پارەی مەرجدار | ژمارەی سوودمەندان | 20% من الشعب,پێنجیەکی خەلك (Quintile) |
|---|---|---|
| 40 Billion | 22,250 | 5 (دەوڵەمەندترین ) |
| 72 Billion | 38,467 | 4 |
| 72 Billion | 38,467 | 3 |
| 69 Billion | 40,541 | 2 |
| 84 Billion | 46,764 | 1 (هەژارترین) |

سەرچاوە: ڕاپۆرتی وەزارەتی کار 2014

شێوەی 17. دابەشکردنی سوودمەندانی هاوکاری وەزارەتی کار بەپێی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2014




سەرچاوە: ڕاپۆرتی وەزارەتی کار 2014

**لەهەمان کاتدا، شێوازی جێبەجێکردن لەنێوان پارێزگاکاندا جیاوازە.** ئەگەرچی هەمان یاسا و ڕێنمایی بەکاردەهێنن، پرۆسەکان جیاوان لەنێوان پارێزگاکاندا، لەڕووی کۆکردنەوەی داواکاری خێزانەکان کە داوای سوودمەندبوون دەکەن لە پارەدانی نەختی بێمەرج، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری، بڕیاردان لەسەر شایستەیی، هەڵبژاردنی سوودمەندان، وەرگرتنی پارەکان و چاودێری و هەڵسەنگاندن. دابەشبوونی سوودمەندان بەپێی پارێزگاکان لە شێوەی 17دا نیشاندراوە.

**گفتوگۆ لەسەر بەئامانجکردن و دابەشکردنی گونجاوی سوودمەندان بەپێی ناوچەکان، تەبایە لەگەڵ کارە ئەنجامدراوەکانی بانکی نێودەوڵەتی لەکاتی سەرنجدان لە نەخشەی هەژاریی.** نەخشەی هەژاریی کەرەستەیەکە کە بەهێزییەکانی ڕووپێوی بودجەی خێزان و ئاماری دانیشتوان و خانووبەرە لێکدەدات بۆ خەمڵاندنی ڕێژەی هەژاریی لە ئاستی بچووکی دابەشکاری جوگرافیدا. لەبەرئەوە تێڕامان لە کەمکردنەوەی هەژاریی و و بەئامانجکردن پێکەوە بەستراون. جیاوازی نێوان ناوچە هەژارەکان و ئەو ناوچانەی کە هەژاران لێی دەژین،

شێوەی 18. کۆی ژمارەی سوودمەندانی پارەدانی نەختیی بێمەرج (لای چەپ)، هەروەها بڕەکان 2010-2014 (ملیۆن دیناری عێراقی)




سەرچاوە: وەزارەتی کار

بابەتێکی زۆر گرنگە و لێرەدایە کە بەئامانجکردن پەیڕەو دەکرێت. لەبەر ئەم هۆکارە روونترین بەکارهێنانی نەخشەکانی هەژاری بۆ بەئامانجکردنی پرۆگرامەکانی دژەهەژارییە. «لە کوێ عێراق هەژارە: نەخشەکێشانی هەژاری لە عێراق» ئەمانەی روون کردۆتەوە:

1) سلێمانی نزمترین رێژەی هەژاری هەیە لە هەموو عێراق. لە زیاتر لە دوو لە پێنجی ناحیەکانی، رێژەی هەژاری خەملێنراو 2% یان کەمترە، هەموویان جگە لە دوو ناحیە رێژەی دانیشتوانی ژێر هێڵی هەژاری کەمترە لە 10%. بەڵام ژمارەی سوودمەندان لە پرۆگرامی پارەدانی نەختیی بێمەرجی وەزارەتی کار زۆر بەرزە.

2) لە دهۆک رێژە گشتییەکانی هەژاریی نزمن و نزیکەی 6%. رێژەی خەملێنراوی دانیشتوانی ژێر هێڵی هەژاری لەسەر ئاستی ناحیە دەکەوێتە نێوان 3% لە هەندێک ناحیە و 10% لە هەندێکی تر. بەڵام زۆرترین ژمارەی کەسانی هەژار لە دوو ناحیەن: سەنتەری قەزای دهۆک (10.600) و سەنتەری قەزای زاخۆ (11.600). ئەم ناحیانە گەورەترین لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لە دهۆک. داتاکان لەسەر ژمارەی سوودمەندان لە پارەدانی نەختیی بێمەرج بەپێچەوانەی ئەمەوە، نیشانی دەدات کە دهۆک نزمترین ژمارەی هەیە. ئەم پرسیار دروست دەکات لەسەر میتۆدەکانی هەڵبژاردن و جارێکی تر جەخت دەکاتەوە لە پێداویستی پێداچوونەوە بەو تەکنیکانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ بەئامانجکردن.[11]

**رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لاواز بووە بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە یاسا و رێنماییەکان و نەبوونی کارمەندی پێویست.** پرۆسەی بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگەکان لەسەر پرۆگرامەکە، پڕکردنەوەی داواکاریی، رێنماییکردنی خێزان لەمیانەی پرۆسەی داواکارییدا تا بەدواداچوون و بەڕێوەبردنی کەیس، پێویستە ئەنجام بدرێن لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی راهێنراو و تەرخانەوە. رۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی وەک بەشێک لە پەیکەری کارگێڕی وەزارەتی کار، لە یەکێک لە قۆناغەکاندا بوونی هەبوو، بەڵام گۆڕانکاری لە یاساکاندا بەباشی رەچاوی ئەم ئەرکەی نەکرد. دووبارە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ناوچەییەکان و نایەکسانی لە بەردەستبوونی سەرچاوەکان و هاوکاریدا، رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دهۆک، جیاواز لە پارێزگاکانی تر، تارادەیەک پارێزراوە. توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دهۆک هێشتا بەدواداچوون دەکەن بۆ گۆڕانکاریی ساڵانەی خێزانەکان. بەڵام لە هەولێر و سلێمانی، چاوەڕوانی لە خێزانەکان دەکرێت دەستپێشخەری بکەن و بچن بۆ فەرمانگەکانی وەزارەتی کار بۆ پڕکردنەوەی گۆڕانکاری ساڵانە. ئەمەش هەندێک جار روودەدات بەبێ هەبوونی ئامرازی گونجاو بۆ بەدواداچوون یان پشتڕاستکردنەوە. لەبەرئەم هۆکارە ژمارەی ئەو خێزانانەی دەچنە سیستمەکەوە یان ئەوانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لەبەر هەر هۆکارێک بێت دەربچن زانراو نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی بارگرانی زیاتر لەسەر سەرچاوە پێویستەکانی پرۆگرامەکە.

**لەسەر ئاستی جێبەجێکردن، لە ساڵی 2011 بڕی پارەدان لە 30 هەزار دیناری عێراقیەوە زیادکرا بۆ 150 هەزار دینار و تا ئێستا هەر ئەم بڕەیە.** بڕی پارەدانی نەختیی مانگانە هێشتا زۆر نزیکە لە هێڵی هەژارییەوە کە بەشێوەیەکی نافەرمی بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە بە 142 هەزار دینار.

11 هەژارانی عێراق لەکوێن: نەخشەکێشانی هەژاریی لە عێراق 2015
Where are Iraq's Poor: Mapping Poverty in Iraq 2015

کۆی بودجەی ساڵانەی خەرجکراو لەماوەی ئەو ساڵانەدا لە شێوەی 18دا نیشاندراون. خەرجییەکانی 2014 بۆ پرۆگرامی پارەدانی نەختیی بێمەرج بریتی بوو لە 1.3%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی نا-نەوتیی، ئەمەش تاڕادەیەک بەرزە، سەرەڕای ئەمەش تەنها 11.3%ی هەژارترین ئاستی بژێوی سوودمەند بوون لە پارەدانی نەختیی بێمەرج.

**ماماڵەکردن لەگەڵ هەژاریی پێویستی بە روانگەیەکی فراوان هەیە کە دەستبات بۆ گەشەی مرۆیی بەگشتی و هێنانی ڕەهەندەکانی هەردوو بواری پەروەردە و تەندروستی.** ئەم دوو فاکتەرە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان هەیە بە پێناسەی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە و چۆنێتی پەیرەوکردنی ئەمە لە قۆناغە جیاوازەکانی ڕێبازی سووڕی ژیاندا. لە هەرێمی کوردستان، ئاستەکانی هەژاریی جیاوازی دەردەخەن لەنێوان ناوچەکان و لەنێوان شار و گونددا. لە پەروەردەدا، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە نیشانی دەدات کە ژمارەی منداڵان لە دەرەوەی قوتابخانە کە تەمەنیان لەنێوان 5 و 14 ساڵاندایە، گەیشتۆتە 127.115 لە کوردستان (69.989 کچ و 57.126 کوڕ) [12]. ئەم ڕەهەندەی بێبەشبوون لە قوتابخانە نیشانی دەدات کە جیاوازی تایبەت بە جێندەر هەیە. لە بواری تەندروستیدا، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕێژەیی لاون. ئەگەرچی باس لە جیاوازی بەرچاو دەکرێت لەنێوان پارێزگاکاندا، مردنی ساوا (تەمەن یەک مانگ) پێکهێنەری یەک لە سێی مردنی هەموو ساواکانە (تەمەن 0-11 مانگ) واتا (1.270 لە 3.833)، هەروەها مردنی ساوا پێکهێنەری دوو لە سێی کۆی مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵە (3.833 لە 5.776 واتا 66%). ئەم دوو ڕێژەیە جێگەی بەراوردن بە جیهان بەگشتی. بەڵام ڕێژەی مردنی ساوا (27.9 مردن بۆ هەر هەزار لەدایکبوونێکی زیندوو) هەروەها مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ (40.83 بۆ هەر هەزار لەدایکبوونێکی زیندوو) لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ڕێژەی وڵاتانی تری ناوچەکە[13]. بەڵام توێژینەوەکانی ئەم دواییە ئاماژە دەکەن بۆ بەرەوپێشچوونی بەرچاو، کە پێویستە درێژەیان پێبدرێت.

**نەبوونی بەشداریی هاووڵاتی هاوتەریبە لەگەڵ نەبوونی شەفافیەت و پلانی پەیوەندییەکان، کە وەزارەتی کار بخاتە پەیوەندیی نزیک لەگەڵ دانیشتوان.** بەشداری هاووڵاتیان پێناسە دەکرێت وەک تێکەڵبوونێکی دوو لایەنە لەنێوان هاووڵاتیان و حکومەت یان کەرتی تایبەت، کە پشک دەدات بە هاووڵاتیان لە پرۆسەی بڕیارداندا، بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی دەستبەجێی و کۆتایی ئەنجامەکانی پەرەپێدان. هاوکات میکانیزمەکانی بەشدارپێکردن گرنگن بۆ لێپرسینەوە لە حکومەت و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری. جۆرێکە لە گێڕانەوەی سەرنج و چاودێری لەڕێگەی بەشداری سوودمەندان و کۆمەڵگەکانەوە. پرۆگرامەکانی وەزارەتی کار بەو شێوەیەی جێبەجێ دەکرێن، گێڕانەوەی سەرنجیان ڕەچاو نەکردوە. خێزانەکان باش ئاگادار نین لە پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکان،

**شێوەی 19: ڕێژەکانی مردنی ساوا و منداڵ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵەکانی 2006-2014**




سەرچاوە: ڕووپێوی میکس (2006-2011) و ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی تەندروستی (2012-2014)

مەرجەکانی شایستەیی و چۆنێتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی سوودمەندان. پرۆژەیەکی جیا لە دهۆک، کە بەشی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بە هاوکاری (USAID)، توانیان سیستمێکی کۆکردنەوەی داتا جێگر بکەن و تەکنەلۆجیای بەردەستی هاووڵاتیان بەکاربهێنن، بۆ دڵنیابوون لە بەدواداچوونی گونجاو و گێڕانەوەی سەرنجی سوودمەندان. بەڵام میکانیزمەکانی ماماڵەکردن لەگەڵ سکاڵا[14] لە سەرەتای دانانی پرۆگرامەکەدا دانەنران. دەکرێت سکاڵا پێشکەش بکرێت، بەڵام پرۆسەیەکی یەکگرتوو دانەنراوە.

12 پرۆژەی منداڵانی دەرەوەی قوتابخانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا - ڕاپۆرتی عێراق- UNICEF تشرینی یەکەم 2014
Middle East and North Africa Out-of-School Children Initiative-Iraq Report-UNICEF- October 2014

13 ڕاپۆرتی پێشکەوتنی عێراق لەبواری ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە - 2013
Iraq MDGs Progress Report - 2013

14 میکانیزمی ماماڵەکردن لەگەڵ سکاڵا سیستمێکە کە لەڕێگەیەوە وەڵامی بەدواداچوون و پرسیارەکان لەسەر پرۆژەکە دەدرێتەوە، کێشەکانی کاتی جێبەجێکردن چارەسەر دەکرێن و سکاڵاکان بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر ماماڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

# بەشی 4
## پرۆگرام و سیاسەتەکانی بازاڕی کار - بەرەو دەرفەت

## A. ڕوانگەی ئابوری گشتی (Macroeconomic)

**لیستی پرسیارە پەیوەندیدارەکانی بواری پاراستنی کۆمەڵایەتی دەکرێت بەمانە دەستپێبکات، یەکەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت بەها/بەرهەمهێنانی بەرز بۆ ئابوری زیادبکات، کە بتوانێت موچەی بەرز بدات و کاری ساڵانەی بەرز دروست بکات، کە پێویستی بە نزیکەی 4%ە؟** بابەتی هەستیار بۆ دروستکردنی کار برتییە لە گەشەی کار لە کەرتی تایبەت. بەلەبەرچاوگرتنی قەبارەی زۆر بچووکی ئێستای کەرتی تایبەت و خواستی چینی ناوەندی خوێندەوار، پێویست بە سیاسەتی هاندان دەکات، تا ئابوری بەخێرایی بگۆڕێت لە «قۆناغی بنەڕەتیی» کە تایبەتمەندییەکانی بریتین لە ژینگەیەکی سەقامگیری ئابوری گشتی، ژێرخانی کارای گشتی، پەروەردە و تەندروستی بنەڕەتیی باش، بەرەو قۆناغی گواستنەوە «قۆناغی زیادکردنی کارایی» (پێش ئەوەی بگات بە ئاستی پێشکەوتوو، کاریگەری «قۆناغی داهێنان»ی ئابورییە داهاتە بەرزەکان).

**قۆناغی کارایی، کە ئێستا هەرێمی کوردستانی تێدایە، تەنها پێویستی بەو سیاسەتانە نییە کە مامەڵە لەگەڵ نەرێنیی دەکات، لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی کورتهێنانی زۆری حکومەت، بەرزبوونەوەی قەرزی گشتی و هەڵئاوسان.** هاوکات پێویستی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی پەرەپێدانی کەرتەکانی پیشەسازی، بازرگانی و کەرتی تایبەت دەبێت، کە برەوبدەن بە کارایی کاڵا، کارمەند و بازاڕە داراییەکان، هەروەها ئامادەباشی تەکنەلۆجی وڵات و قەبارەی بازاڕ فراوان بکات، لەڕێگەی زیادبوونی خواستی ناوخۆیی و بەتایبەتی زیادبوونی قەبارەی هەناردەکردنەوە.

**دووەم، چۆن بەکارخستن لە کەرتی گشتی (بۆ دەوڵەت) لەسەر بنەمای پێویستی و (بۆ کارخوازان) لەسەر بنەمای توانا بێت؟** ئەوەی یەکەم دەبێتە هۆی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی باشتر بەئامانجکراو و کاریگەرتر. ئەوەی دووەم دەبێتە هۆی نەرمی لە بەکارهێنانی کارمەندان لە کارە جیاوازەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا. ئەگەر ئابوری گشتی تووشی بونبەست هات، ئابوری کوردەبێتەوە بۆ نابازرگانیی و کەرتێکی تایبەتی بچووک، هەروەها قەبارەی ئابوری و بودجە حکومەت وابەستە دەبن بە نرخی جیهانییەکانی نەوتەوە، گەشە لەسەر بنەمای خواست لە بواری کاردا، بەلای کەمەوە لە سەرەتادا، لاواز دەبێت. لەسایەی هەلومەرجێکی لەم جۆرەدا، زۆر گرنگە پشت ببەسترێت بە ڕێککارەکانی کارایی ناوخۆییە، وەک بەڕێوەبردنی کارای کەرتی گشتی («حوکمڕانی») و فراوانکردنی کەرتی تایبەتی چالاک («شەففیەت و زەمینەسازی یەکسان»).

**سێیەم، ئەو ڕێوشوێنە دیاریکراوانە چین کە وەزارەتی کار دەتوانێت جێبەجێیان بکات، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەست بە کار.** کاتێک پاڵنەرەکانی گەشە لاوازن (وەبەرهێنان لە ژێرخان، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی خۆماڵی و بیانی لە بازرگانیدا - لەجیاتی لە چالاکییە ناجێگیرەکان، کاڵای تەواونەکراو و بازاڕە داراییەکان، نەبوونی ئامادەباشی تەکنەلۆجی، بچووکی قەبارەی بازاڕ، ناهاوسەنگی زۆری بازرگانی و نەختینی - وەک نەمانی بودجە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان)، تەنانەت سیاسەتێک کە بەوریایی داڕێژرێت و بەباشی جێبەجێ بکرێت لەلایەن وەزارەتی کارەوە، کاریگەری سنووورداری دەبێت لەسەر بازاڕی کار، تەنها لە یەک دۆخدا نەبێت، کە لەسەر ئاستی کۆی ئابوری کاربکرێت: گرتنەدەستی چوارچێوەی دامەزراوەیی کە سەرپەرشتی بازاڕی کار دەکات، لە گرێبەستی تاکەکەسییەوە بۆ ڕێککەوتنی بەکۆمەڵ - بە یەکلایکردنەوەی ناکۆکییەکانیشەوە. لەم بوارەدا برگەکانی ڕەشنووسی یاسای کار کە دواجار پەیڕەودەکرێت، گرنگ دەبن بۆ سەرکەوتنی ستراتیژی نیشتیمانی بۆ کار، کە تازە ڕاگەیەنەدراوە.

**پرۆگرام و پرۆژەی چالاکی کار، دەتوانن یارمەتیدەر بن، ئەگەرچی لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر ئاستی هەرێم سنوورداربن، بەلای کەمەوە لە مەودای کورتدا، چونکە بەگشتی ئەمانە پێویستیان بە داراییکردن (تمویل)ی گەورە هەیە.** دەکرێت ئەم جۆرە پرۆگرامە فراوان بکرێن، ئەگەر هەڵسەنگاندنەکان دەریانخست کە پەیوەندیدارن و دەکرێت بەباشی جێبەجێ بکرێن. ئەمانە چالاکیی یەک جار نین، بەڵکو پێویستیان

بە هەمواركردنی بەردەوام هەیە، چونكە دۆخی ئابوری و كار دەگۆڕێن، هەروەها لە زۆر وڵات - هاوشێوەی هەرێمی كوردستان - سنووردارى تواناكان و نەبوونی زانیاری ئامارییی، لەوانەیە هاوشێوەی ئاستەنگی دارایی گرنگ بن.

**لەكاتێكدا كە دەبێت هەوڵی قۆزتنەوەی هەموو دەرفەتێک بدرێت بۆ دەستوەردان لە بازاڕی كار بەشێوەی پرۆگرامەكان، وەزارەتی كار بەهاوكاری وەزارە ئابورییەكان، دەتوانن پێكەوە شیكاری بكەن بۆ هاوكێشەكانی قەبارە، پێكهاتە و زیندوێتی بنەڕەتی كەرتی تایبەت لەلایەنی خواست لەسەر كارەوە.** لەلایەنی **خستنەڕووی كارەوە، سوودبەخش دەبێت ئەگەر شیكاری بكرێت كارلێكی نێوان تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی و ئاستی موچە و مەرجەكانی كار لە كەرتی تایبەت، واتا هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی ماف و سوودەكان، بەشێوەیەک كە نەبێتە هۆی ساردكردنەوەی كار.**

## B.  ئاراستە ستراتیژییەكان

**بۆ ئەوەی دیدگای 2020ی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەرفەتی كار بۆ دانیشتوان دروست بكات، هەروەها لە ئەنجامدا پشتبەخۆبەستن زیادبكات و وابەستەبوون بە تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی كەمبكاتەوە، پێویستی بە گەشەی كەرتی تایبەت و كار لەو كەرتەدا هەیە.** هاوكات ئەمە پێویستی بەوە هەیە كە كارخوازان گونجاوبن بۆ بەكارخستن و خاوەنكاران بتوانن كارمەندی كارامە رابكێشن. ئەوەی یەكەم پێویستی بە سیستمێكی پەروەردە و راهێنانی باش هەیە. ئەوەی دووەم پێویستی بە سیاسەتی ئابوری باش و حكومەتێكی قەبارە شیاو و كارا هەیە. بەڵام لە ئێستادا، زۆرینەی هێزی كار لە كەرتی گشتیدا بەكارخراون كە هاوكات وەک تۆڕێكی پاراستنی كۆمەڵایەتی دیفاكتۆ كاردەكات. ئەمە دەبێتە هۆی داچۆڕینی بودجە و دروستكردنی دوانەییەک بۆ بەراوردكردن لەگەڵ كەرتی تایبەت، كە موچە و سوود و مەرجەكانی كار زۆر نزمترن لەوانەی كەرتی حكومی. ئەمە بەڕوونی دیارە لە دۆخی كارمەندی ئافرەتدا، كە یان لە كەرتی گشتیدا بەكاردەخرێن یان بەهیچ شێوەیەک ناچنە ناو هێزی كارەوە.

**دووركەوتنەوە لەم هاوكێشە نابەردەوامە، پێویستی بە رێوشوێن هەیە بۆ زیادكردنی تۆماركردن لە خوێندن و باشكردنی پەروەردە و ئاستی كارامەیی كارخوازان و كەمكردنەوەی رۆڵی حكومەت وەک خاوەنكار.** هەردوو ستراتیژەكە پێویستی بە شرۆڤە هەیە لەسەر بنەمای بەڵگە، تا زانیاری ببەخشێت بە سیاسەتدارێژەران، هەروەها بابەتیی بێت تا هەڵەتێگەیشتن و گرژییەكان كەم ببنەوە و بەشداربێت لە دروستكردنی دیالۆگێكی كۆمەڵایەتی بەرهەمداردا. بەم شێوەیە، سێ ستراتیژ لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە جێبەجێ دەكرێن بۆ باشكردنی ئەنجامەكانی هێزی كار.

### ستراتیژی 1:
### دابینكردنی كارای دەستی كار لەناو كارخوازی كارامە و تواناداردا لەڕێگەی سیستمەكانی پەروەردە و راهێنان و هاندەر لەسەر بنەمای بازاڕ

**زیادبوونی ئاستی تۆماركردن لە خوێندن لە هەموو ئاستەكاندا، بەتایبەتی لە قۆناغی پاش-ئامادەیی جێگەی دەستخۆشیە، بەڵام رێژەیەكی زۆری لاوان رووبەڕوون لەگەڵ ئەگەری چوونە ناو بازاڕی كار بە پەروەردەیەكی كەمەوە.** یەک لە چوار كچ واز لە قوتابخانە دەهێنن تا تەمەنی 15 ساڵی (بە بەراورد بە یەک لە دەی كوڕان). نزیكەی یەک لە سێی كوڕان و نزیكەی 40%ی كچان واز لە قوتابخانە دەهێنن پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی ئامادەیی.

**ئەمە دوو ئاستەنگ دەهێنێتە پێش.** یەكەم، ئەوانەی زوو واز لە قوتابخانە دەهێنن بە ئەستەم دەتوانن لەگەڵ مەرجە زۆرەكانی بەرهەمهێناندا هەڵ بكەن، تەنانەت لەم رۆژگارەدا و لەماوەی ژیانیاندا، دۆخەكە خراپتر دەبێت، چونكە لەماوەی 30 بۆ 40 ساڵی داهاتوودا، تەكنەلۆجیا بەئاراستەی پێشبینەكراودا پێشدەكەوێت. دووەم، ئەگەرچی نە داهاتی تاكەكەس و نە داهاتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە نەوت، ئەوەندەی دەوڵەتەكانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو بەرزنین، كەچی هاووڵاتیان خولیایان هەیە بۆ كاركردن لە كەرتی گشتی و بیانییەكان لەو كارانەدا كاربكەن كە موچەی نزمە. پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان خۆی لەو كێشانە بپارێزێت كە رووبەڕووی وڵاتانی ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو دەبنەوە لە بازاڕی كاردا (كە هاوكات ئاكامی كۆمەڵایەتیشیان لێدەكەوێتەوە). سوودی بەكارهێنانی سیاسەتێک

بۆ ڕێکخستنی هاتنەناوەی شیاو و کەمی کارمەندی بیانی، زۆر گەورەیە و پێویست بە جەخت لێکردنەوە ناکات. دەکرێت ڕێککارە ئابورییەکان زیاتر بەهێز و کاریگەربن، بەڵام هێشتا سوودی کۆمەڵایەتییان هەبێت: ئەگەر هاووڵاتیان بەباشی پەروەردە بکرێن و بەپەرۆش بن، دابەشبوونێکی سروشتی کار دروست دەبێت لەنێوان هاووڵاتیان و کارمەندە بیانییەکاندا، کە هاووڵاتیان تواناداردەکات کاری موچە بەرز بەدەستبهێنن، لە ئەنجامدا خۆیان بپارێزن لە بێکاری و وابەستەبوون بە هاوکاری کۆمەڵایەتییەوە.

**بۆ زیادکردنی تۆمارکردن و هێشتنەوەی قوتابی لە سیستمی پەروەردەی بنەڕەتی، پێویستە هەڵمەتی هەماهەنگیکراوی زانیاریبەخشین هەبێت (بەتایبەتی کچان بکاتە ئامانج) هەروەها ڕێککار هەبێت بۆ ڕێگرتن لە وازهێنانی قوتابیان لە قوتابخانە بەهۆی نەبوونی دارایی خێزانەوە (وەک پارەدانی نەختیی بێمەرج، کە لە بەشی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا باسکرا).** وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا لە کۆتایی بازنەی قوتابخانە ناوەستێت. تازە بەکارخراوان بەگشتی پێویستیان بە ڕاهێنانی پێش-کار یان ئاشناکردن بە کار هەیە. کارمەندانی ئێستا پێویستیان بە نوێکردنەوەی بەردەوامی کارامەییەکانیان هەیە، بەتایبەتی لە سەردەمی گۆڕانی تەکنیکەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کار لەنێوان پیشە و کەرتە جیاوازەکاندا. شاگردی و ڕاهێنان لەسەرکار، ڕێگەی گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکان لە شوێنی کار. پێویستە ئەم جۆرە لە ڕاهێنان لەسەر بنەمای

شێوەی 20: ڕێژەکانی وازهێنان لە قوتابخانە بەپێی تەمەن و سێکس



سەرچاوە: شیکاری بانکی نێودەوڵەتی بۆ (IHSES) 2012

خواست بێت، واتا بگونجێنرێت و پاڵپشتی بکرێت لەلایەن خاوەنکارانەوە، کە دەبێت ئامادەبن بۆ داراییکردنی هاوبەشی ئەم جۆرە ڕاهێنانە، بەڵام دەبێت هاوکات بکرێنە بەشێک لە پەیکەری بەڕێوەبردنی ڕاهێنانەکان.

## ستراتیژی 2:

## حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی دەکات لە کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی کار لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بەمەش بەشداری دەکات لە دروستبوونی کەرتی تایبەتی چالاکدا

**ئەم بەشەی ستراتیژەکە پێویستی بە ڕیبازێکی دوو لقی هەیە:** یەکەم چاکسازییەکانی کارگێڕی گشتی کە: (1) دروستکردنی خزمەتی مەدەنی کە لەڕووی داراییەوە توانای بەردەوامیی هەبێت؛ (2) داراییکردنی وەبەرهێنانە گشتییەکان؛ (3) بەشداریکردن لە گەشەی کەرتی تایبەت لەڕێگەی حوکمڕانی باشترەوە؛ (4) کەمکردنەوەی دژیەکی لە بازاڕی کار و لافی خوێندەواری کە دەرهاویشتەی ئەم دژیەکییە.

**دووەم، پێویستە بەعەقڵانیکردنی کەرتی گشتی و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت، هاوشان بێت لەگەڵ برەودان بە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.** پێویستە ئامانج دروستکردنی کەرتێکی تایبەت بەرهەمهێنەر بێت، کە خواستی زیاتر دەبێت لەسەر کارمەند و موچەی بەرزتر دەدات. کەرتی تایبەت بچووکە و پێکهاتووە لە دابینکاری کاڵا و خزمەتگوزاری نا-بازرگانی، بۆ نموونە لە کەرتەکانی دارایی و خانوبەرەدا. بەهۆی نەبوونی شەفافیەت، ژینگەی نادۆستانەی یاسایی، لاوازی ژێرخان، شێوازی بازرگانی و وەبەرهێنان، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی و ناوخۆیی کەڵەکەکراون لەو کەرتانەدا کە سەرچاوە ناوخۆییەکان

لەبازنەیەکدا دەسوڕێننەوە، لەجیاتی دروستکردنی سەرمایەی نوێ. لە ئاکامدا، تەنها چەند هێزێکی خۆماڵی هەیە بتوانن ئابوری بەرەوپێش ببەن لەکاتی نزمی نرخی نەوتدا – وەک هەلومەرجی ئێستا.

شێوەی 21. کار لە خزمەتی مەدەنی وەک %ی دانیشتوان



سەرچاوە: شیکارییەکانی بانکی نێودەوڵی

**بابەتێکی پەیوەندیدار بە چەندین بوارەوە بریتییە لە بەڕێوەبردنی هاتنی کارمەندی بیانی.** پێویستە ئامانجی ئەمە بریتی بێت لە کەمکردنەوەی ژمارەی کۆچبەری ئابوری، بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی، هەروەها دەبێت لەسەر بنەمای پێوەری تێچوو-سوودی درێژخایەن بێت (نەک ڕەچاوەکردنی زیادکردنی قازانجی کورتمەودا لە کەرتە موچە نزمەکاندا).

## ستراتیژی 3:

### پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە دانانی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شیکاری زانیاری لەکاتی خۆیدا، داڕشتنی سیاسەتەکانی کار و دروستکردنی دیالۆگ لەناو هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، ئامار و میکانیزمی پێویستی نییە، کە زۆر گرنگن بۆ شیکاری، داڕشتن و جێبەجێکردنی ڕێککار لەسەر بنەمای بەڵگە، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکان، کە هەموو ئەمانە پێویستە هەماهەنگی بکرێن لەڕێگەی دیالۆگێکی کۆمەڵایەتی بونیاتنەرەوە لەنێوان لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکاندا.** ئێستا ڕەشنووسی یاسای نوێی کار ئامادەکراوە و پێویستە دەرکردنی خێراتر بکرێت، پاش دانوستان و ڕێککەوتن لەگەڵ هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا بکرێت. هاوشێوە ستراتیژی پەرەپێدانی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی پەسەندکردنە. هەروەها جێبەجێکردنی سیاسەتی کار لە هەرێم، کە لە مایسی 2015 پەسەندکرا، دواکەوتوە.

**ئەگەرچی نابێتە بەدیلی سیاسەتەکانی ئابوری و دروستکردنی کەرتی تایبەتی تەندروست و سیستمی پەروەردەی کارا، سیاسەتە چالاکەکانی بازاڕی کار دەتوانن یارمەتیدەر بن، ئەگەر بەدروستی دابڕێژرێن.** وەک خزمەتگوزارییەکانی کار، ڕێنمایی پیشەیی، ڕاوێژی کار، زانیاری بازاڕی کار، پاڵپشتی پرۆژەی بچووک و مامناوەند و هتد. سیاسەتە چالاکەکانی بازاڕی کار دەتوانن سوودبەخش بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی شکستەکانی پەروەردە و بازاڕی کاردا، کەمکردنەوەی تێچوەکانی بێکاری لەڕێگەی تێکەڵکردنەوەی خەڵک لەگەڵ کار، هەروەها هاندانی کارایی و دادوەری. دەتوانن کۆمەڵێک گروپ یەکبخنەوە، وەک لاوان کە تۆڕەکە ناپارێزێت یان کەسانی ئاوارە.

**پەیوەندیدار بەمە، بەرەوپێشبردنی پێویست لە دیالۆگی کۆمەڵایەتی و ژینگەی یاساییدا، کە کارئاسانی زیاتر دەکات بۆ کۆمپانیاکان، بەتایبەتی پرۆژە بچووکەکان - بەوانەی بواری ئابوری نافەرمیشەوە - بۆ ئەوەی کاربکەن و گەشەبکەن.** دەکرێت ئەمە لەڕێگەی کۆڕبەندی ڕاوێژکارییەوە ئەنجام بدرێت لەسەر بابەتەکانی کار، کۆمەڵایەتی و ئابوری لە «ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی»دا. ئەمە پێکدێت لە نوێنەری هەڵبژێردراوی پێکهاتە جیاوازەکان (خاوەنکاران، کارمەندان، کۆمەڵی مەدەنی و حکومەت)، گفتوگۆ دەکەن و هەندێک کات ڕاپۆرت بڵاودەکەنەوە و ڕاوێژ پێشکەش دەکەن بە لایەنەی یاسادانەر و جێبەجێکاری حکومەت. هاوکات وەک ئامرازی هێورکردنەوە خزمەت دەکەن بۆ ئەو گرژییانەی کە ڕوودەدەن لە ئەنجامی نەبوونی دیالۆگ.

# C. یاساکان

## یاسای 1:

### یاسای نوێی کار و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان پێویستن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەنجامەکانی کار لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و باشتر ئاراستەکردنی دامەزراوەکانی ئێستا و دامەزراوە تازەکان

**ڕەشنووسێکی یاسای کار گفتوگۆی لەسەر دەکرێت لەنێوان هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان و دەبێت بەپێی پێویست بگونجێنرێت لەگەڵ چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF).** ئەو ڕەشنووسەی ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت، پێشکەش دەکرێت بە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرکردنی وەک یاسا. دواجار پێویست بە یاسا و ڕێنمایی نوێ دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کارگێری گشتی، کە ڕێنمایی دەکرێت لەلایەن ئەنجامەکانی پێداچوونەوەی کارگێریی، فەرمانی و داراییەکان کە وەک بەشێک لە چاکسازییەکانی کەرتی گشتی ئەنجام دەدرێن.

# D. دامەزراوەکان

**بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ستراتیژەکە لە بوارەکانی بازاڕی کاردا، پێویستە دامەزراوە و ڕێکخستنی نوێ هەبێت.** پێویستە ئامانجیان دروستکردنی خزمەتێکی مەدەنیی سیستەماتیک و کارا بێت، هەروەها هەماهەنگی سیاسەتەکانی ئابوری و کار و دیالۆگی کاریگەر لەنێوان هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**وەزارەتی کار نوێدەکرێتەوە تا حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەشێوەیەکی کاراتر چارەسەری گرفتەکانی ئابوری/کار و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بکات.** وەزارەتی کار بەردەوام دەبێت لە بەڕێوەبردنی بوارەکانی بازاڕی کار بەپێی پەیکەرە نوێیەکەی وەزارەت، لەکاتێکدا کە لایەنی کاروباری کۆمەڵایەتی دەدرێت بە دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی (بڕوانە بەشی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی). هەماهەنگی سیاسەتەکانی ئابوری و کار، بۆ نموونە لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە کە کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر کار یان بەڕێوەبردنی کۆچبەران لەڕێگەی مۆڵەتی کارکردنەوە، دەکرێت بسپێردرێت بە ئەنجومەنێکی باڵا بۆ پەرەپێدانی مرۆیی، بە بەشداری دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، وەک وەزارەت و فەرمانگەکانی دارایی/ئابوری، پەروەردە، کار و پەروەردە و ڕاهێنانی تەکنیکی/پیشەیی. وەزارەتی کار دەبێتە سکرتاریەتی ئەنجومەنەکە و دەسەڵاتی دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە پەیوەندیدارەکان بە یاسا نوێیەکەوە.

**وەک خاڵی دەستپێک بۆ چاکسازی کارگێڕی گشتی، کە بەگشتی چەندین ساڵ دەخایەنێت، حکومەت فەرمانگەیەکی باڵا دیاری دەکات بۆ چاکسازی خزمەتی مەدەنی (بۆ نموونە نووسینگەی سەرۆک وەزیران) بۆ دەستپێکردنی پرۆسەکە.** پێویستە ئەم فەرمانگەیە توانای گونجاوی هەبێت بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی خزمەتی مەدەنی و ڕێنماییەکانی.

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی (ECOSOC) دروست بکات، کە یەک نوێنەری هەڵبژێردراوی هەر یەکێک لەم لایەنانەی هەبێت (خاوەنکاران، کارمەندان، کۆمەڵی مەدەنی و حکومەت).** ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەسەر سیاسەتەکانی ئابوری و کار و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان گفتوگۆ دەکەن و ڕاپۆرت بڵاودەکەنەوە، بەمەبەستی بەخشینی زانیاری و ڕاوێژ پێشکەش دەکەن بە لایەنی یاسادانەر و جێبەجێکاری حکومەت.

# E. پرۆگرامەکان

## پرۆگرامی 1:
### پرۆگرامی هێشتنەوە لە خوێندن و و درێژەدان بە خوێندن

**پێویستە ئەم پرۆگرامە دڵنیایی بکات لەوەی کە هیچ منداڵێک نەخوێندەوار نابێت بەهۆی وازهێنان لە خوێندن لەبەر هۆکاری دارایی، بابەتێک کە دەکرێت پاڵپشتی بکرێت لەلایەن پێکهاتەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە ستراتیژەکە لەڕێگەی پارەدانی نەختیی مەرجدارەوە.** هاوکات پێویستە دەستگەیشتنی گونجاو هەبێت بە پەروەردە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تۆمارکردن لە پەروەردەی بنەڕەتی تا پۆلی 9 هەمەگیرە و کەلێنی جێندەری لە پەروەردەدا نابێت. پێشمەرجێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە بریتیە لە کۆمەڵێک توێژینەوە لەسەر هۆکارەکانی تۆمارنەکردن. وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی شیکاری دیمۆگرافی و پلاندانانی پەروەردەیی دەکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و پاڵپشتی دەکرێت لەلایەن توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان و پشکنەرانی کاری وەزارەتی کارەوە، کە ئەوانیش دەتوانن بەدواداچوون بکەن بۆ هۆکاری تری تۆمارنەکردن (وەک هەژاریی، دابونەریت یان کارکردنی منداڵ). پێویستە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە پێشکەش بکرێن بە حکومەت بۆ پەسەندکردن و دابینکردنی سەرچاوە پێویستەکان.

## پرۆگرامی 2:
### پرۆگرامی چاکسازی خزمەتی مەدەنی

**ئەم پرۆگرامە پێکدێت لەو چاکسازییانەی کە پێویستە ریزبەندی بکرێن لە ماوەیەکی درێژدا و بە پابەندبوونێکی راستەقینەی سیاسیەوە جێبەجێ بکرێن.** پێویستە هەنگاوی یەکەم بەدەستهێنانی رەزامەندی باڵا بێت بۆ دەستکردن بە کۆمەڵێک چاکسازی خزمەتی مەدەنی لە ناوکۆیی بازاڕی کار و بابەتە داراییەکاندا. پێویستە لیژنەکە ستراتیژی چاکسازی خزمەتی مەدەنی دابڕێژێت، کە تێیدا پرنسیپە سەرەکییەکان دیارکرابن، هەروەها لایەنێکی ناوەندی دیاری بکرێت وەک بەرپرس لە جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردن و راپۆرتدانی بەردەوام بە لیژنە باڵاکە لەسەر ئاستەنگەکان و پێشکەوتنەکان. پرۆگرامی چاکسازی خزمەتی مەدەنی بە سێ قۆناغ دەستپێدەکات:

- قۆناغی کۆنترۆڵی بەردەوامپێدان و دامەزراندن، لەمیانەی ئەم قۆناغەدا کۆمەڵێک سیاسەت و سیستم جێگیردەکرێن بۆ کۆنترۆڵکردنی دروستکردن و دابەشکردنی پۆستی خزمەتی مەدەنی.
- قۆناغی دامەزراوەی خزمەتی مەدەنی، لەمیانەی ئەم قۆناغەدا کۆمەڵێک رێنمایی دەردەکرێن بۆ بەرەوپێشبردنی کارایی و کاریگەریی و بونیاتنانی توانای خزمەتی مەدەنی.
- قۆناغی شێوازەکانی بەکارخستن (دامەزراندن)، لەم قۆناغەدا گواستنەوە دەبێت بەرەو بەکارخستنی زیاتر عەقڵانی و لەسەر بنەمای کارامەیی.

## پرۆگرامی 3:
### پرۆگرامی برەودان بە کاری کەرتی تایبەت

**ئەم پرۆگرامە بایەخ دەدات بە رێککارەکانی بەستنەوەی سیاسەتە ئابوورییەکان بە سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەک ئەولەویەتەکانی وەبەرهێنان، بەڕێوەبردنی هاتنەناوەی کارمەندی بیانی، پاڵپشتی پرۆژەی بچووک و مامناوەندی، راهێنان و سیاسەتی چالاکی بازاڕی کار و هتد.** لەلایەن ئەنجومەنێکی باڵای پەرەپێدانی مرۆییەوە رابەرایەتی دەکرێت، بە بەشداری وەزارەت و فەرمانگە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک، هەروەها نوێنەری لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان، لەلایەکی ترەوە. ئەم ئەنجومەنە ئەم کارانە ئەنجام دەدات:

- ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ دیاریکردنی بناغەکانی بوارەکانی راهێنان، توانای دامەزراوەکان و کارمەندان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی لێیان چاوەڕوان دەکرێت؛
- پێشنیارکردنی رێنمایی بۆ زیادکردنی نیوەندگیری بازاڕی کار (بۆ نموونە پشکنینی کار، دیاریکردنی موچە، دیالۆگی کۆمەڵایەتی؛
- رێنماییکردن و پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی سیستمەکانی زانیاری بازاڕی کار؛

خشتەی 5. کار و موچە بەپێی کەرت، سێکس و خاوەنی فرەکار (موچەی مانگانە بە هەزار دیناری عێراقی)

| تێکڕای هەموو خول/ساڵەکانی رووپێوی هێزی کار 2012-2014 هەمووارکراو | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کار | تەنها یەک کار % | تێکڕای هەمووارکراوی موچە | تەنها یەک کار % | تێکڕای هەمووارکراوی موچە |
| پیاو | گشتی | 457,432 | 90.8% | 795 | 9.2% | 1,314 |
| | تایبەت | 526,774 | 98.3% | 727 | 1.7% | 1,416 |
| ژن | گشتی | 134,822 | 99.5% | 693 | 0.5% | 1,852 |
| | تایبەت | 26,822 | 99.7% | 424 | 0.3% | 657 |

سەرچاوە: شیکارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ رووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان

- لێکۆڵینەوە لەوەی چۆن سوودەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی پەیوەستن بە هاندەرەکانی کارەوە؛ و
- چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی وردی سیاسەتە ئابورییەکان و پرۆگرامەکانی کار، بۆ دڵنیابوون لە کاریگەری و ئەنجامیان.

**ئەنجومەنە باڵاکەی پەرەپێدانی مرۆیی، یان «گروپێکی کاری بازاڕی کار لە وەزارەتەکان (بۆ نموونە پلاندانان و کار) و سەرکردەکانی کەرتی تایبەت» دادەمەزرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە رێگەکانی تەباکردنی مەرجەکان لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.** ئەمە دەبێتە هۆی نزیکردنەوەی موچەی کەرتی گشتی لە موچەی کەرتی تایبەت، لەکاتێکدا کە دەتوانێت هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئاستەنگەکانی راکێشانی کارمەند بۆ کەرتی تایبەت.

# F. کارگێڕی

## سیستمی زانیاری بازاڕی کار (LMIS)

**بۆ پاڵپشتیکردنی کاریگەری چاکسازییەکانی کارگێڕی گشتی و سیاسەتەکانی بازاڕی کار، پێویستە دابینکردنی داتای پەیوەندیدار، دروست و خێرا هەبێت.** دەکرێت ئەمانە لە رووپێوی رێکخراوەوە سەرچاوە بگرن (وەک رووپێوەکانی هێزی کار یان رووپێوەکانی خێزان)، داتای کارگێڕی (وەک تۆمارەکان) هەروەها داتابەیسی کاتیی یان زانیاری کۆکراوە بۆ مەبەستی تر (بۆ نموونە لەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی). داتابەیسە جیاوازەکان کە بایەخ دەدەن بە بواری جیاوازی پاراستنی کۆمەڵایەتی، پێویستە پێکەوە ببەسترێنەوە، بۆ ئەوەی بەهاوبەشی شرۆڤە بکرێن و دڵنیایی بکرێت لە تەبایی سیاسەتەکان و پەناگرتن لە تەڵەی هەژاریی، واتا هاوکارییەکان نەبنە هاندەر بۆ بێکاری.



# بەشی 5

## خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی - بەرەو بەرگەگرتن

## A. ئاراستە ستراتیژییەکان

**دیدگای 2020 ئاماژەدەدات بەوەی کە چاکسازییەکان، دروستکردنی سیستمی خانەنشینی حکومی لەخۆدەگرن، کە سەرنجراکێش دەبێت بۆ کەرتی تایبەتی گەشەسەندوو.** هاوکات دیدگاکە دەڵێت: ئامانج دروستکردن و جێبەجێکردنی سیستمێکی خانەنشینیە کە تەبایی و رەوایی دابین بکات لەنێوان رێژەی بەشداریی، تەمەنی خانەنشینی و بری خانەنشینی (لەسەر بنەمای ماوەی خزمەت و موچە). جگە لە گونجاویی، پێویستە سیستمەکە لەڕووی داراییەوە توانای بەردەوامی هەبێت و لەڕووی ئابوری و کارگێڕییەوە کارا بێت (بەتایبەتی رێگەدان بە کارمەندانی کەرتی گشتی بۆ گواستنەوەی ئاسان بۆ کەرتی تایبەت). ئەم بڕگانەی خوارەوە باسی سێ ستراتیژ دەکەن لەسەر بیمەی کۆمەڵایەتی (هەروەها خانەنشینی[15])، بۆ روونکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە، ئەمانە هاوکات تەبان لەگەڵ ئەولەویەتەکانی ئەو سیاسەتانەی دیدگای 2020 دیاریکردوە.

**مەبەستی ئەم سێ ستراتیژە، مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەم جۆرە ئاستەنگە.** ستراتیژی 4 چاکسازی دەکات لە سیستمی ئێستای بیمەی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی یەکخستنی پرۆژە خانەنشینییەکانی کەرتی گشتی و تایبەت و هیتر (پیشەیی). ئەم ستراتیژە باسی سێ ئاستەنگی یەکەم دەکات لە توانای کارگێڕی، دارشتنی سیستمی خانەنشینی و پەرتەوازەیی[16]. ستراتیژی 5 ئەمانە دادەڕێژێت و جێبەجێیان دەکات: (1) میکانیزمی ئاسایی و بەدیل بۆ فراوانکردنی رووماڵی بیمەی کۆمەڵایەتی و (2) خانەنشینی کۆمەڵایەتی؛ هەروەها ستراتیژی 6 پرۆگرامێکی بیمەی بێکاری دادەڕێژێت و جێبەجێی دەکات. هەردوو ستراتیژی 5 و 6 باسی ئاستەنگەکانی کەمی رووماڵ دەکەن لە کەرتی تایبەت.



15 دابینکردنی خانەشینی دەکرێت بیمەی کۆمەڵایەتی بێت (لەسەر بنەمای بەشداری لەرێگەی مووچەوە، هەروەها بەپێی هەڵسەنگاندنی مەترسییەکان)، بەڵام هاوکات دەکرێت خانەنشینی کۆمەڵایەتی بێت (بەبێ بەشداری و لەرێگەی داهاتی گشتییەوە دارایی بکرێت).

16 وەک پێشتر لەم دۆکیومێنتەدا پوختکرایەوە، ئاستەنگەکانی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی بریتین لە: (1) نزمی توانای کارگێری؛ (2) پرۆژەکانی ناداوەرانەن و لەرووی داراییەوە توانای بەردەوامی بەخۆدانیان نییە؛ (3) سیستمەکە پەرتەوازەیە، ئەمەش بۆتە هۆی شێواندنی بازاڕی کاری گشتی و تایبەت، و (4) سیستمەکە کێشەی کەمی رووماڵی هەیە لە کەرتی تایبەت.

## ستراتیژی 4:
## حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی پێوانەیی ئەنجام دەدات لە پرۆژەکانی ئێستادا، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی دارایی، هەروەها هەنگاو دەنێت بەرەو یەکخستنی پرۆژەکانی خانەنشینی گشتی، تایبەت و (پیشەیی)

**ستراتیژەکە سیستمێکی نوێی خانەنشینی دادەڕێژێت (لەگەڵ پرۆگرامەکانی کەمئەندامی، میراتگر و پیری) بەشێوەیەک کە ڕێزبگرێت لە پرنسیپەکانی سیستمی خانەنشینی نایاب لەسەر بنەمای باشترین شێوازە نێودەوڵەتییەکان.** ئەگەرچی باشترین ڕێگە نییە بۆ داڕشتنی سیسیمێکی خانەشینی گشتی، بەڵام بژاردەکان سنووردار نین و هەر چاکسازییەکی پێشنیار کراو پێویستە: (1) ڕەچاوی هەلومەرجی توانادارکردن و کارامەییکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات؛ و (2) هەڵسەنگاندن بکات بۆ بەکارهێنانی ئەو پرنسیپانەی بەگشتی پەسەندکراون بۆ چاکسازی خانەشینی لە ئەنجامی باشترین شێوازەکانی کارکردنی نێودەوڵەتی. ئەم پرنسیپانە بریتین لە گونجاویی[17]، بەردەوامی دارایی[18]، ڕوومالّ، هەروەها دادوەری، کارایی ئابوری و کارگێڕی، شایانی داراییکردن و پێشبینی کردن بێت. سیستمەکە کارمەندانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ڕووماڵ دەکات. پرۆژەکانی تری ئێستای هەرێمی کوردستان (وەک پرۆژە پیشەییەکان بۆ مامۆستایانی زانکۆ) لەبەرچاودەگیرێن لەژێر هەمان چەتردا.

**ئەم ستراتیژە پێشنیارکراوە چونکە بەگشتی مامەڵە لەگەڵ ئەم ئاستەنگانە دەکات:** (1) ئاستەنگەکانی پەیکەری ئێستای پرۆژەی خانەنشینی (وەک دادوەری/ڕەوایەتی، بەردەوامی دارایی، پێشبینیکراوی/شەفافیەت)؛ (2) کارایی کارگێڕی؛ و (3) نەرمی (مرونە) بازاڕی کار. ئەو ئاستەنگە دیاریکراوانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. ئاستەنگەکانی پەیکەری پرۆژەی خانەنشینی ئێستا لە هەرێمی کوردستان و هەندێک بواری کۆنکریتی لەسەر چۆنێتی چارەسەرکردنیان، بریتین لەمانەی خوارەوە:

a. دادوەری و ڕەوایەتی لەم ستراتیژەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە پەیکەری نوێ (بۆ هەردوو پرۆژەکە بەیەکخراوی) سوودەکان لەنزیکەوە دەبەستێتەوە بە ئاستی بەشداری تاکەکەسەوە (یان ئەوانەی کە لەجیاتی دەردێت لەلایەن خاوەنکارەوە)، بەڵام لەهەمان کاتدا، سیستمەکە ڕێز لە میکانیزمەکانی مەترسیبە دیارەکان دەگرێت و بڕی دابینکراو تەنها ئەوەندە گەورە دەبێت کە پێویست بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بنەڕەتییەکانی سیاسەتەکە. لەم ڕووەوە، بوارێکی کۆنکریتی بۆ ڕەچاوکردن لە هاوکێشەی سوودی خانەنشینی تازە داڕێژراو، بریتیە لە بەرزکردنەوەی موچەی بنەڕەتی بۆ هەژمارکردنی خانەنشینی. ئەو موچەیەی دەبێت بەکاربهێنرێت بۆ هەژماکردنی خانەنشینی، دەبێت لەسەر بنەمای تێکڕایەکی جێگیری موچەکانی کۆی ماوەی خزمەت بێت (نەک تەنها لەسەر بنەمای دواموچە وەک ئێستا)[19]، چونکە بەکارهێنانی بنەمای جیاواز بۆ بەشداری (کۆی موچەکان) و سوودەکان، لەوانەیە نادادوەرانە بێت، کراوە بێت بۆ بەدبەکارهێنان و هاندەری خراپ بێت[20]. لە پرۆژەی خانەشینی گشتیدا، موچەی بنەڕەتی بۆ هەژمارکردنی خانەنشینی و بەشداری، هەموو داهاتەکان دەگرێتەوە (موچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)[21].

17 هاوکارییەکان کاران کاتێک (1) داهاتی گونجاو دابین بکەن بۆ پاراستنی بەشداران لە کەوتنەناو هەژارییەوە لەکاتی کەمئەندامبوون یان پاش خانەنشیی و (2) دابینکردنی میکانیزمی پتەو بۆ گونجاندنی بەکاربردن لەنێوان ساڵانی کارکردنی بەشداران و تەمەنی پیریاندا.

18 سیستمی خانەنشینی بەردەوامە تەنها ئەو کاتەی توانای هەبێت بۆ پارەدانی ئێستا و داهاتووی مووچە لەماوەیەکی درێژدا و لە هەلومەرجێکی گونجاوی بەکاربردندا، بەبێ گواستنەوەی بارگرانی گەورە بۆ ئەستۆی نەوەکانی داهاتوو، هەروەها بەبێ کەمکردنەوەی مووچەی خانەنشینی، بەرکردنەوەی بەشداری، یان گۆڕینی مەرجەکانی شایستەبوون. ئەمە تەنها ئەو کاتە بەدیدێت کە سیستمی خانەنشینی دابڕێژرێت و بەشێوەی وەرزی بگونجێنرێت بە بەکارهێنانی مۆدلێی هەڵسەنگاندنی ژمارەیی.

19 ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان، خانەنشینی لە کەرتی گشتی لەسەر بنەمای دوا مووچەیە و لە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای دوا سێ مووچەیە. خانەنشینی لەسەر بنەمای ماوەیەکی کورتی چەند ساڵێک – باشترین یان دوا ساڵی کارکردن – زۆر بەربڵاو بوو لە جیهاندا. بەڵام چیتر بەم شێوەیە نییە. زۆربەی وڵاتان، بۆ نموونە یۆنان و ئیتاڵیا، لە سیستمی دوا پێنج ساڵەوە چوون بەرەو تێکرای ماوەی کارکردن. ئیسپانیا و سوید، دەگەن بەهەمان پێگە، بۆ هەژمارکردن لە خاڵی دەستپێکەوە بۆ تێکرای 15 ساڵ، لەکاتێکدا کە بەریتانیا و نەرویج دەستپیدەکەن لە باشترین 20 ساڵەوە. .

20 بۆ نموونە، دانانی خانەنشینی لەسەر بنەمای باشترین یان دوا ساڵ (وەک لە پرۆژەکانی هەرێمی کوردستاندا، کە خانەنشینی لەسەر بنەمای دوا مووچەیە تەنها لە کەرتی گشتی، لە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای دوا سێ ساڵە) ئەمەش تاڕادەیەک نەرێنیە، چونکە ئەو کەسانەی کە باشترین یان دوا ساڵیان لەسەروو تێکرآی داهاتیانەوەیە، ئەوانەن کە زۆرترین داهاتیان هەیە. هەروەها لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان کەرتێکی نافەرمی گەورەی هەیە، دانانی دوا مووچە وەک بنەمای خانەنشینی دەبێتە هاندەر بۆ ئاشکرانەکردنی داهات لە ساڵی سەرەتادا. هاوکات، لە کەرتی گشتی سیستمێکە شێواوتر دەکات لەسەر بنەمای پارەدانی باڵا (ئەو کەسانی کە لەوانەیە داوای بەرزکردنەوەی مووچە بکەن پێش خانەنشین بوون). ئەم جۆرە لە بنەما بۆ خانەنشینی، هانی خەڵک دەدات خانەنشین بن ئەو کاتەی کە مووچەیان بەرزدەبێتەوە، لەجیاتی ئەوەی بچنە سەر کارێک کە مووچەکەی کەمترە. چەندین هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کە هەژمارکردنی خانەنشینی لەسەر بنەمای دوا مووچە، نایەکسانە و نادادوەری زۆر بەرهەم دەهێنێت.

21 لەئێستادا بەشداری خانەنشینی لە هەرێمی کوردستا(هەوەها مووچەی خانەنشینی) تەنها لەسەر بنەمای مووچەی بنەڕەتییە، بەبێ دەرماڵەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێژەی جێگرتنەوەی خانەنشینان زۆر نزم بێت. کەسێک دەتوانێت چاوەڕوانی مووچەیەکی خانەنشینی بکات کە 80%ی مووچە بنەڕەتیەکەی بێت، بەڵام ئەمە دەکاتە نزیکەی 40%ی کۆی مووچەکەی پێش خانەنشینی.

b. پێشبینکراوی و شەفافیەت. هۆکاری سەرەکیی پێشبینی نەکراوی سوودەکان لە پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان، نەبوونی بەرزکردنەوەی بەهایە لە پارەدانی خانەشینیدا. بەبێ هەموارکردنی ڕێکخراو و بەردەوام، هێزی کڕینی سوودەکان کەمدەبێتەوە و ئاستی بژێوی خانەنشینان دەکەوێتە خوار ئاستی کۆی دانیشتوانەوە. لە سیستمە تازەکەدا، پارەدانی خانەشینی پێویستە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ساڵانە لەگەڵ هەڵئاوساندا بگونجێنرێت.

c. بەردەوامی و توانای داراییکردن[22]. هەردوو پرۆژەکەی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان، لەڕووی داراییەوە توانای بەردەوامیبەخۆدانیان نییە، واتا هاتنی داهاتی چاوەڕوانکراو (لە بەشدارانەوە) بەس نییە (و/یان لە داهاتوودا بەس نابێت) بۆ پڕکردنەوەی خەرجییە چاوەڕوانکراوەکان. لەڕاستیدا، پرۆژەکەی کەرتی گشتی لەئێستادا لە کورتهێناندایە (داهاتەکان لە بەشدارانەوە بەشی پارەدانی خەرجییەکانی خانەنشینی ناکەن). ئەمەش ئاکامی ناتەباییەکی سەرەکییە لەنێوان ڕێژەی بەشداری و سوودی دراو لە تەمەنە جیاوازەکانی خانەنشینیدا. بەکورتی ڕێساکانی زامنکردنی بەردەوامی دارایی بۆ سیستمەکانی خانەنشینی کە لەسەر بنەمای پارەبدە-بەکاربهێنە، ڕێزیان لێنەگیراوە[23]. ئەگەر ئەم پرۆژانە چاکسازی نەکرێن، لەکۆتایدا پێویستە بە سەرچاوە گشتییەکان پاڵپشتی خانەنشینی فەرمانبەرانی کەرتی فەرمی بکرێت (لە کەرتی گشتیدا ئێستا ئەمە ئەنجام دەدرێت)، ئەمەش نادادوەرانەیە و گەڕانەوەیە بۆ دواوە[24]. لەم بوارەدا، ڕێککارێکی گونجاو لەوانەیە بریتی بێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژماركردن (accrual rate) (بۆ نزیکردنەوەی بەهای بەشدارییەکانی ئێستا لەگەڵ بەهای سوودەکانی ئێستا)[25]. زوو دەستنیشانکردنی کێشەکانی بەردەوامی دارایی، زۆر گرنگە بۆ دانانی ڕێککاری ڕاستکردنەوە و بەرگرتن لە هەموارکردنی ئازاراوی لە دواییدا.

22 پەیوەندیدار بەم بابەتی هەرزانی بابەتی بەردەوامییە. لەکاتێکدا کە هەرزانی تەنها سەیری تێچووەکانی مووچەکانی خانەنشینی دەکات، بەردەوام بەراورد دەکات لەنێوان مووچەی خانەنشینی و ئەو بەشدارییانەی دراو بۆ وەرگرتنی مافی خانەنشینی.

23 بڕوانە ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بەشی پرۆگرامەکاندا

24 باشترین شێوازە نێودەوڵەتییەکان پێکدێن لە بەکارهێنانی داهاتەکان تەنها بۆ دابینکردنی هاوکارییەکان بۆ هەژارترین یان ئەوانەی کە توانای پارە کۆکردنەوەیان نییە یان زۆر نزمە. بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش، چەندین بەربەست دەبێت بۆ بەدیهێنانی نیشاندەری باشتری پەرەپێدانی مرۆیی (وەک دروستکردنی کار، ڕێژەکانی تۆمارکردن، ڕێژەکانی مردن). پێویستە هەرێمی کوردستان زۆر ورد بێت لە دابەشکردنی بودجەی حکومەت بەسەر پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی سیاسەتەکانی کار، پەروەردە و تەندروستی. بۆ پەناگرتن لەم جۆرە ئاستەنگانە، پێویستە بڕیاردەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بیر لە گۆڕینی پرۆژەی خانەنشینی بکەنەوە.

25 دیزاینی ئێستا موچەی خانەنشینی (لەهەردوو کەرتی گشتی و تایبەت) بەهای ئێستا مووچەکان زۆر بەرزتر دەکات لە بەهای بەشدارییەکان.



2. ئاستەنگی كارایی كارگێڕی زۆر گرنگە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ستراتیژەکە ستاندارردی شیاوی داناوە بۆ بەڕێوەبردنی کارگێڕی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و جێبەجێکردن بە تێچووی کارگێڕی شیاو. بەتایبەتی لەکاتی پرۆسەی چاکسازی و جێبەجێکردنی سیستەمی یەکخراوی خانەنشینی، پێویستە ئەرکە کاگێڕییەکان یەکەم بوار بن بۆ یەکخستن. بەکورتی، پێویستە کۆکردنەوە، هەڵگرتنی تۆمار و پارەدان یەکبخرێن (بۆ هەموو کارمەندان/بەشدارانی هەرێمی کوردستان).

3. هاوکات ستراتیژەکە بەربەستەکانی بەردەم **جوڵەی کار** لادەبات و جیاوازی ناڕەوای خانەنشینی کەمدەکاتەوە لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەڕێگەی دروستکردنی سیستمێکی خانەنشینی یەکخراوەوە. ئەگەرچی دەکرێت لە سەرەتادا سندوقی جیاواز هەبێت بۆ خانەنشینی کەرتەکانی گشتی و تایبەت[26]، دەبێت ڕێساکان تەبابکرێن و مافی گواستنەوە بدرێت. لۆجیکی سەرەکیی بۆ یەکخستنی پرۆژە جیاوازەکانی خانەشینی کە ڕووماڵی کەرتەکانی گشتی و تایبەت دەکەن، بریتییە لە باشکردنی گوزەران لەڕێگەی

26 لەسەر بنەمای ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان، یەکخستنی پرۆژە جیاوازەکان کاتێک هەندێکیان ( کە بەگشتی ڕووماڵی کەرتی تایبەت دەکەن) هێشتا یەدەگیان هەیە بەڵام ئەوانی تر (کە بەگشتی ڕووماڵی کەرتی گشتی دەکەن) یەدەگیان نییە، یان تەنانەت لە کورتهێناندان، لەوانەیە لە ئەنجامدا ئەوەی کەرتی تایبەت پاڵپشتی ئەوەی کەرتی گشتی بکات، لەبەرئەوە یەکخستنی سندووقەکان خوازراو نابێت (بەتایبەتی لای کەرتی تایبەت). چەندین ڕێگە هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئاستەنگەدا، وەک یەکخستنی ئەرکە کارگێڕییەکان و پێوەرەکان، بەڵام هێشتنەوەی سندووقەکان بەجیا. کۆکردنەوە، تۆمارکردن و پارەدان پێویستە یەکخراوبن، لەکاتێکدا کە سندووقەکان دەکرێت جیاواز بن و گواستنەوە ئاسانتر بکرێت.

بازاڕی کاری باشترەوە. کاتێک کە پرۆژەی جیاوازی خانەنشینی هەیە بۆ کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، وەک ئێستا لە هەرێمی کوردستان، (دۆخێک کە ناودەبرێت بە دوانەیی)، جوڵەی کار سنووردار دەبێت، چونکە ئەو کارمەندانەی کە دەخوازن لە کەرتێکەوە بچن بۆ کەرتێکی تر، دەبێت دەستبەرداری هەموو مافەکانیان ببن بۆ ئەو سوودانەی کەڵەکەیان کردوە (ئەگەر هیچ میکانیزمێک نەبێت بۆ گوستنەوەی سوودەکان) یان لەوانەیە هەست بکەن کە مافەکانیان زۆر کەم دەبێتەوە (ئەگەر میکانیزمی گواستنەوە بەڵام گواستنەوەی تەواو دابین نەکەن) [27]. بەربەستەکانی بەردەمی جوڵەی کار دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گوزەرانی ئابوری، چونکە دەبنە ڕێگر لە هاوتاکردنی کارامەیی و دەرفەتەکانی ناو بازاڕی کار. جوڵەی سنووردراوی کار دەبێتە هۆی لەدەستچوونی خۆشگوزەرانی، چونکە دەبێتە ڕێگر لە دابەشکردنی کاریگەری سەرمایەی مرۆیی (کە پێداویستیەکی سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنان) لەناو ئابوری بازاڕدا. بۆ ئەوەی سەرمایەی مرۆیی بەکارایی دابەشبکرێت، پێویستە خاوەنکارەکان بتوانن بەئازادیی خەڵک بەکاربخەن (یان لەسەرکار لابدەن)، وەک کاردانەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی خواست لەسەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان. هاوکات پێویستە کارمەندان بتوانن بەئازادیی لە کارێکەوە بچنە سەر کارێکی تر، بەبێ سزادان. ئەمە پێویستی بە هێزێکی کارە کە نەبەستراێتەوە. چ لەڕێگەی یاسای تووندی کار یان لەڕێگەی ئەو هاندەرانەی دەبنە هۆی ساردکردنەوەی جووڵە، نەبەستنەوە لە (1) گەڕان بەدوای کار لەهەر شوێنێک و هەر کاتێک دەرفەت هەبێت و (2) جێهێشتنی کار بەبێ سزا، کاتێک کارامەییەکانیان پێویست نییە یان بەتەواوی سوودیان لێوەرنەگیرا.

4. نەهێشتنی ئەم جۆرە بەربەستانە زۆر گرنگن، چونکە دابەشبوونەوەی بەردەوام و بێڕێگری، سەرمایەی مرۆیی یەکلاکەرەوەیە بۆ بوژانەوە و گەشەی ئابوری. لە هەندێک شوێنی وەک هەرێمی کوردستان، کە کەرتێکی گشتی گەورە و چەقبەستووی هەیە، دوانەیی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری دروستبوونی کار لە کەرتی تایبەت، چونکە بەخشندەیی پرۆژەی خانەنشینی گشتی یارمەتیدەرە بۆ تواناداركردنی کەرتی گشتی بۆ ڕاکێشانی "باشترین و زیرەکترین"، لە ئەنجامدا ئەم کەسانە سارد دەبن لەوەی هەرگیز بیر لە جێهێشتنی کاری کەرتی گشتی بکەنەوە. هاوکات لە هەرێمی کوردستان، پرۆژەی کەرتی تایبەت ڕێگەدەدات بە خەڵک بڕێک پارە بەسەریەکەوە وەربگرن، هەر کاتێک کاریان گۆڕی، هەروەها کەمترین مەرجی ماوەی کارکردن بۆ شایستەبوون بۆ خانەنشینی، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵکەوە بەدیدێت، ئەمەش ڕووبەڕووی مەترسی هەژارییان دەکاتەوە لە تەمەنی پیریدا. لە سیستمێکی یەکخراوی خانەنشینیدا لە هەرێمی کوردستان، ڕێساکان هاوشێوە دەبن بۆ هەموو کارمەندان بەدەرلە کەرت، خاوەنکار و/یان چەند جار کار، کەرت و/یان خاوەنکار دەگۆڕن.

**ستراتیژەکە مامەڵە دەکات لەگەڵ چاکسازی پێشنیارکراو لەڕێگەی گفتوگۆی قووڵ لەسەر بەدیلە شیاوەکان.** پێویستە جەخت بکرێتەوە لەوەی کە هەبوونی پرنسیپەکانی سیستمێکی خانەنشینی باش داڕێژراو، بەواتای ئەوە نییە کە هەمیشە لەگەڵ یەکتردا تەبان. بەپێچەوانەوە، ئەم پرنسیپانە هەندێک جار لە ناکۆکیدان: بۆ نموونە هەنگاوەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستەکانی جێگرەوەی داهات بە ئامانجی گونجاویی سوودەکان، لەوانەیە لە مەودای دووردا گرفت بۆ بەردەوامی دارایی دروست بکات. چارەسەرکردنی ئەم جۆرە لە دانوستان زۆر گرنگە – لە بنەڕەتدا سەختیشە – ئەمەش ئاستەنگێکە کە دەبێت سیاسەتداڕێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ببنەوە. هاوکات گرنگە جەخت بکرێتەوە لەوەی کە هەر گفتوگۆیەکی کردەیی لەسەر وردەکارییەکانی چۆنێتی ئەنجامدانی چاکسازی و یەکخستنی سیستمەکانی ئێستا، پێویستە لەگەڵ شیکاری پێشبینیکارانە ئەنجام بدرێت. بۆ ئەم مەبەستە، حوکمڕانی گونجاو (بەتایبەتی حوکمڕانی دارایی) دامەزراوەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، پێویستە جێگیر کرابن و تواناکان لەبواری خانەنشینی بونیاتنرابن، بۆ ئەوەی گفتوگۆی کاریگەر بکرێت و بڕیار بدرێت لەسەر باشترین سیستمی چاکسازیکراو و یەکخراو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەکاتی پرۆسەی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمە تازەکەدا، پێویستە سەرەتا داتابەیسێک هەبێت، هەروەها بەرهەمهێنانی خەمڵاندن و پێشبینی لەسەر پرۆگرامی خانەنشینی زۆر گرنگ دەبێت بۆ ئەم پرۆسەیە.

**زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر دەبنەوە لە بواری خانەنشینیدا.** چاکسازی پێوانەیی بۆ سیستمی پارەدان-وەرگرتن (وەک پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان) زۆر باوە و لەسەرانسەری جیهاندا ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە چاکسازییانە بەگشتی پێکدێن لە بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی، بەرزکردنەوەی ڕێژەکانی بەشداریی و/یان کەمکردنەوەی سوودەکان. جێبەجێکردنی ستراتیژی 4 لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە هۆی دروستکردنی سیستمێکی نوێی یەکخراوی خانەنشینی، کە لە ڕووی داراییەوە بەردەوام بێت یان بەلای زۆر کەمەوە، میکانیزمی داراییکردنی شەفاف جێگیر دەبێت و ڕێگەخۆش دەکات بۆ تێگەیشتنی ڕوون لە پێداویستییە داراییەکانی ئایندە و ڕاگرتنی ئەم جۆرە لە پرۆژەی بەشداریی.

**لە 2014 داهاتەکانی بەشداری لە پرۆژەی خانەنشینی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی 1.1 تریلیۆن دیناری عێراقی بوو، لەکاتێکدا**

27 لە هەرێمی کوردستان هاوکێشەی هەژمارکردنی خانەنشینی بەخشندەترە لە کەرتی گشتیدا، کە خانەنشینی لەسەر بنەمای تەنها وا موچە دەبێت، لەکاتێکدا لە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای دوا سێ موچە دەبێت، هەروەها خەڵک دڵساردن لە گواستنەوە لە کەرتی گشتییەوە بۆ کەرتی تایبەت. بەشێوەیەک لە شێوەکان پرۆژە دیاریکراوەکانی خانەنشینی، جۆرێکن لە پارە کۆکردنەوەی زۆرەملێ. کاتێک کارمەندان بەشداری دەکەن لەم جۆرە پرۆژەیەدا، دەبنە خاوەن ماف بۆ وەرگرتنی موچە لە داهاتوودا. ئەم مافانە بەگشتی کۆمەڵێک مەرجیان هەیە (بۆ نموونە دەبێت کارمەند بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەشداری بکات، پێش ئەوە مافی وەرگرتنی موچەی خانەنشینی هەبێت، لە هەرێمی کوردستان ماوەکە بۆ کەرتی تایبەت 20 ساڵە و بۆ کەرتی گشتی 15 ساڵە). ئەو کارمەندانی پێش ئەم ماوەیە کار جێدەهێڵن، هەموو مافەکانیان لەدەستدەدەن، یان بڕێکی کەڵەکەبوو وەردەگرن کە کەمتر دەبێت لە بەهای ئەو مافە، ئەگەر بهاتایە کارمەند لەسەر کار بمایەتەوە تا تەمەنی خانەنشینی. نەبوومی میکانیزیم بۆ گواستنەوەی مافەکانی خانەنشینی لەنێوان خاوەنکارەکاندا (یان لەنێوان کەرتەکانی کاردا) جۆرێک تر لە سزا دەسەپێنێت و جووڵەی کارمەندان ساردەکاتەوە.

**کە تێچووی خانەنشینی نزیک بوو لە 1.2 تریلیون دیناری عێراقی.** ئەم پرۆژەیە ئێستا لە کورتهێنانەدایە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ژمارەی بەشداران (فەرمانبەری مەدەنی و سەربازی) زیادیکرد لە 444.350 لە 2008 بۆ زیاتر 680.000 لە 2014، قەرزی ناڕاستەوخۆی خانەنشینی (بەڵێنی خانەنشینی بە بەشداران و خانەنشینان) بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد. لە ئەنجامدا و بەهۆی نەبوونی چاکسازییەوە، پارەدانی ساڵانەی خانەنشینی لەئێستادا گەیشتۆتە زیاتر لە 1.2 تریلیون دیناری عێراقی (بۆ نزیکەی 300.000 سوودمەندی ئێستا)، کە چاوەڕوان دەکرێت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادبکات.

**جێبەجێکردنی ستراتیژی 4 دەبێتە هۆی پارەگێڕانەوەی زۆر، بەتایبەتی لە مەودای مامناوەند و دووردا**[28]. بەهۆی نەبوونی چاکسازییەوە،

28 پرۆژەی خانەنشینی بەڵێنی درێژخایەنی تێدایە و لە ئاکامدا کاریگەری هەر چاکسازییەک درێژخایەن دەبێت.

چاوەڕوان دەکرێت خەرجییەکانی خانەنشینی بەرزببێتەوە بۆ زیاتر لە 3 تریلیون دیناری عێراق لەماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کورتهێنان لە پرۆژەی خانەنشینیدا بە بڕی زیاتر لە 2 تریلیون دینار. لە مەودای مامناوەندی و دووردا، پێشبینی دەکرێت خەرجییەکانی خانەنشینی و کورتهێنان زیاتریش بەرزبێتەوە. پارەگێڕانەوە لەرێگەی جێبەجێکردنی ستراتیژی 4ەوە، دەکرێت نزیک بێت لە 2 تریلیون دینار لە مەودای کورت، زیاتر لە 10 تریلیون دینار لە مەودای مامناوەندی و زیاتر لە 20 تریلیون دینار لە مەودای دوور. ئەم پارەگێڕانانەوە لە سیستمی خانەنشینی، دەکرێت بەکاربهێنرێن بۆ پرۆگرامی تری شیاو لە هەرێمی کوردستان، وەک تەندروستی، پەروەردە و هتد. هاوکات ستراتیژی 4 دەبێتە هۆی تێگەیشتنی روون لە میکانیزمە شەفافەکانی داراییکردنی سیستمی خانەنشینی. کارمەندانی کەرتەکانی گشتی و تایبەت هەمان مافی خانەنشینیان دەبێت و لە ئاکامدا ئەم سیستمە نوێیەی خانەنشینی کە بەپێی ستراتیژی 4 جێبەجێ دەکرێت، هەندێک لە ئاستەنگەکانی ئێستا لادەبات لەبەردەم نەرمیی بازاڕدا.

## ستراتیژی 5:
## حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمی ئاسایی و بەدیل دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات بۆ فراوانکردنی رووماڵی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی

**وەک دیدگای 2020 ئاماژەی پێدەدات، سیستمی نوێی خانەنشینی دەبێت سەرنجراکێش بێت بۆ کەرتی تایبەتی گەشەسەندوو.** لەئێستادا نزیکەی 85%ی هێزی کاری کەرتی تایبەت رووماڵ نەکراوە لەلایەن هیچ جۆرە پرۆژەیەکی خانەنشینییەوە، لەکاتێکدا کە 100%ی هێزی کاری کەرتی گشتی رووماڵ کراوە. لەم رووەوە ئامانجی ستراتیژی 5 بریتییە لە فراوانکردنی رووماڵ لە کەرتی تایبەت بۆ سەروو ئەوە 16%ی ئێستای هێزی کار، لەپێناو زامنکردنی ئاسایشی داهات لە تەمەنی پیریدا بۆ هەموان. گرنگە سەرنج بدەین کە هەنگاوی لەم جۆرە بەرەو فراوانکردنی رووماڵ پێشنیازکراو نییە ئەنجام بدرێت، هەتا پرۆژەیەکی باش دارێژراو و یەکخراوی خانەنشینی جێگیر نەکرێت.

**ستراتیژەکە مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە چاکسازییانە دەکات لەرێگەی ئەمانەی خوارەوە:**

i. میکانیزمەکانی هاندان بۆ بەشدارییکردن (لەرێگەی هەڵمەتی پەیوەندییەکان، پەروەردە، هتد)، هەروەها گرتنەبەری رێوشوێن لەدژی ئەوانەی خۆیان لەبەشداریکردن دەدزنەوە؛

ii. میکانیزمی بەدیل (و داهێنەرانە) بۆ فراوانکردنی رووماڵ بۆ کاری سەربەخۆ و ئەوانەی رووماڵ نەکراون، یان رووماڵکردنیان سەختە لەسایەی پرۆژە نەریتییەکاندا، وەک ئەو کەسانەی کار بۆ خۆیان دەکەن، یان کارمەندی وەرزی، هتد؛

iii. جێبەجێکردنی دوورمەودای خانەنشینی کۆمەڵایەتی (بۆ ئەوانەی بەشدارییان نەکردوە، یان پارەی پێویستیان کۆنەکردۆتەوە بۆ زامنکردنی ئاسایشی داهات لە تەمەنی پیریی، هەروەها تەمەنیان 65 ساڵ یان زیاترە).

**گرنگە جەخت بکرێتەوە لەوەی کە زۆربەی حکومەتەکانی جیهان لەئێستادا رووبەڕووی ئاستەنگی فراوانکردنی رووماڵ دەبنەوە لە سیستمەکانی بیمەی کۆمەڵایەتیاندا.** چاوەڕوان دەکرێت جێبەجێکردنی ستراتیژی 5 ببێتە هۆی زیادکردنی هەزاران بەشداری کەرتی تایبەت. بەهۆی جێبەجێکردنی خانەنشینی کۆمەڵایەتییەوە، ستراتیژی 5 هاوکات دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی وەرگرانی خانەنشینی لە سەروو تەمەنی 65 ساڵیەوە. زیاتر لە 100.000 کەس لەسەروو تەمەنی 65 ساڵیەوەن (هەروەها ژمارەکە لە داهاتوودا زیاتر دەبێت) کە لە ئێستادا هیچ جۆرە خانەنشینیەک وەرناگرن، بەڵام پاش جێبەجیکردنی ستراتیژی 5 وەریدەگرن.

## ستراتیژی 6:
## حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرامی بیمەی بێکاری دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات

**یەکێک لە ئەولەویەتەکانی سیاسەت کە دیدگای 2020 ئاماژەی پێداوە، بریتییە لە داڕشتنی سیستمی بیمەی بێکاری هەمەگیر.** سیستمەکە تاکەکەس دەپارێزێت لە ئەگەری چاوەڕواننەکراوی لەدەستدانی کار، هەروەها ئاسایشی کار بەرزدەکاتەوە لە کەرتی تایبەت.

**لەسەر بنەمای ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان، بازاڕ بەتەنها ناتوانێت پاراستنی گونجاو دابین بکات لەدژی مەترسی بێکاری.** بیمەی بێکاری تایبەت شکست دەخوات بەهۆی کێشەی زانیارییەوە: ئەوەی پێیدەوترێت مەترسی ئەخلاقی (گۆڕانی ڕەفتار بەهۆی هەبوونی بیمەوە، کە ئەستەمە یان زۆر گرانبەهایە دەستنیشان بکرێت) هەروەها کێشەی هەڵبژاردنی پێچەوانە (کارمەندی مەترسی بەرز دەبنە هۆی سارکردنەوەی کارمەندی ئاسایی و داهات نزم)، لەبەرئەوە سیاسەتی کۆمەڵایەتی پێویستە. پرۆگرامی بیمەی بێکاری پێشنیارکراو، دادەڕێژرێت وەک تێکەڵەیەک لە بیمەی کۆمەڵایەتی بێکاری/پرۆگرامی هاوکاری، کە بەکورتی: (1) «تۆڕی پاراستن» دابین دەکات بۆ ئەوانەی کە بێکار دەبن؛ (2) پارەی نەختینی دەدات بە کارمەندان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو؛ هەروەها (3) سیستمەکە بەگشتی دارایی خۆی دەکات لەڕێگەی بەشدارییەوە.

**پرۆژەی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ڕێگەدەدات بە خەڵک بڕێک پارە بەسەریەکەوە وەربگرن هەر کاتێک کەسێک کارەکەی دەگۆڕێت، هەروەها ماوەی دیاریکراو بۆ شایستەبوون بۆ خانەنشینی، ژمارەیەکی کەم خەڵک بەدیدەهێنێت، ئەمەش ڕووبەڕووی مەترسی هەژارییان دەکاتەوە لە پیریدا.** ئەم میکانیزمە زیاتر وەک قەرەبوو کاردەکات بۆ بێکاری نەک وەک خانەنشینی (کە پێویستە بڕەکە ساڵانە بدرێت نەک بەسەریەکەوە). ئەگەر بیمەی بێکاری گونجاو هەبێت، دەکرێت بژاردەی وەرگرتنی پارە بەسەریەکەوە لەکاتی گۆڕینی کاردا هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمەش ڕێگەخۆش دەکات بۆ خەڵکی زیاتر بتوانن ماوەی خزمەتی پێویست بکەن بۆ وەرگرتنی خانەنشینی جێگیر.

# B. یاساکان

## یاسای 2:
## یاسایەکی نوێی خانەنشینی و بیمەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان دادەڕێژرێت (کە کارمەندانی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت ڕووماڵ بکات)، ڕووماڵی خانەنشینی و پرۆگرامەکانی تری بیمەی کۆمەڵایەتی بکات

**بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی ڕوونیی لە چوارچێوەی یاسایی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی ئێستای هەرێمی کوردستان، یاسای نوێی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی ڕوون دەبێت و بە باشی دەگەیەنرێت بە لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان.** یاساکە ئاسان دەبێت و ماددەکانی نابنە هۆی دروستبوونی نارۆشنی و/یان بەکارهێنانی پێچەوانە لەلایەن جێبەجێکارانەوە. ماددەکان ئاماژە نادەن بە بەهای هیچ دراوێک. یاساکە مەرجەکانی سیستمەکە دیاری دەکات و دەبێت بەشێوەی وەرزی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بەپێی مۆدیلێکی دیاریکراو (actuarial modeling).

**یاسا نوێیەکە لە ماددەی جیاوازدا ئاماژە دەدات بە سیاسەتەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا و بریتی دەبن لە:**

- بەڕوونی ئاماژەدان بە میکانیزمەکانی بەڕێوەبردنی بیمەی کۆمەڵایەتی؛
- بەڕێوەبردنی ئەرکە کارگێڕییەکان (وەک پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی، داتابەیس و هەڵگرتنی تۆمار)؛
- بەڕێوەبردنی دارایی (وەک بودجە، کۆنترۆڵی دارایی و دیاریکردنی بەهاکان)؛ و
- بەڕێوەبردنی وەبەرهێنان و پلاندانان.

## C. دامەزراوەکان

**دامەزراوەیەکی نوێی بیمەی کۆمەڵایەتی، فەرمانگەی بیمەی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، کە رووماڵی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت و پرۆگرامەکانی تری خانەنشینی دەکات.** دامەزراوە تازەکە هەموو بیمە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبات (بە بیمەی بێکارییەوە)، کە بەپێی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی (و خانەنشینی) دروست دەکرێت و سەرچاوەی مرۆیی پێویستی بۆ دابین دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی.

## D. پرۆگرامەکان

### پرۆگرامی 4:
### پرۆگرامێکی یەکخراوی خانەنشینی پیریی بۆ موچەخۆران

**ئامانجی ئەم پرۆگرامە دابینکردنی خانەنشینە بۆ پیران، کەمئەندامان و میراتگران، بۆ ئەوانەی کە موچەخۆرن (لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت).** داڕشتنی پرۆگرامەکە لەسەر بنەمای بەشداری و دیاریکردنی سوود دەبێت، واتا تاکەکەس بەشداری دەکات لە پرۆژەکەدا و خانەنشینی بەپێی هاوکێشەی پێشنیارکراو هەژمار دەکرێت. بەڵام، ڕەچاوکردنی ورد دەکرێت بۆ تەباکردنی ڕێژەی بەشداری و سوودەکان (ڕێژەی کەڵەکەبوو و تەمەنی خانەنشینی). ئەو ڕێسایانەی کە زامنی بەردەوامی دارایی پرۆژەکە دەکەن ڕێزیان لێدەگرێت. ئەم پێوەرانە (ڕێژەی بەشداری، ڕێژەی کەڵەکەبوون و تەمەنی خانەنشینی) هەمواردەکرێن بۆ زامنکردنی بەردەوامی. لەم ڕووەوە خەمڵاندنەکان بۆ پرۆگرامی خانەنشینییەکە زۆر گرنگ دەبێت.

**پێویستە سیاسەتداڕێژەران هاوکات ڕێز لەو ڕاستییە گرنگە بگرن کە هەموو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم پرۆگرامە (پیریی، کەمئەندامی و میراتگر) تێچووی پەیوەست بەخۆیان هەیە.** بۆ نموونە زیادکردنی پاراستن بۆ میراتگری پێنەگەیشتوو، پێویستی بە ڕێژەی بەرزی بەشداری و نزمی سوود هەیە، یان ڕێککاری تری پارەگێڕانەوە، بۆ ئەوەی پرۆژەی خانەنشینی هاوسەنگی نەختیەیی هەبێت. چارەسەرکردنی ئەم جۆرە لە دانوستان زۆر گرنگە – بگرە سەختیشە – ئەمەش ئاستەنگێکە کە پێویستە سیاسەتداڕێژەران ڕووبەڕووی ببنەوە.

**سەرەڕای بژاردە هەمەجۆرەکان بۆ داڕشتنی پرۆگرامی لەم جۆرە، دوو ڕێککاری کۆنکریتی هەیە کە پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت (لەسەر بنەمای باشترین شێوازە نێودەوڵەتییەکان):** (1) هاوکێشەی سوود لەسەر بنەمای کەڵەکەبوونی کۆی موچەکانی ماوەی کارکردنی تاکەکەس دەبێت (2) موچەی خانەنشینی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەگەڵ هەڵئاوسان دەگونجێنرێت



## پرۆگرامی 5:
### پرۆگرامی خانەنشینی پیریی بۆ پۆلەکانی تر (کە لەلایەن موچەخۆران، خاوەنکاری سەربەخۆ، کارمەندی وەرزیی، هتد) رووماڵ نەکراون.

**مەبەستی ئەم پرۆگرامە دابیکردنی بەستەیەک میکانیزمە بۆ فراوانکردنی رووماڵ بۆ پیریی (هەروەها لە هەندێک دۆخدا میراتگر و کەمئەندام)، لەڕێگەی بەشداریی یان بێبەشدارییەوە بێت.** سەرەڕای داهێنانە سەرنجڕاکێشەکانی هەندێک وڵات لەبواری فراوانکردنی رووماڵدا، روونە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان هێشتا رێگەی درێژیان لەپێشە بۆ بەدیهێنانی رووماڵی هەمەگیر. پێویستە سیاسەتدارێژەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەیان لەیاد بێت.

**بەدیلێکی باش بۆ فراوانکردنی رووماڵ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لە تێکەڵەیەک لە:**

a. فراوانکردنی رووماڵ لەڕێگەی سیستمی نوێی یەکخراوی دەوڵەتەوە (سوودی دیاریکراو لەسەر بنەمای داهات)، ئەمە میکانیزمی لەگەڵدا دەبێت بۆ دروستکردنی هاندەر بۆ بەشداریکردن و میکانیزمی تر بۆ رێگرتن لە خۆدزینەوە لە بەشداریکردن؛

b. دارشتن و جێبەجێکردنی میکانیزمی بەدیل بۆ کارمەندی سەربەخۆ یان خاوەن داهاتی نزم یان نارێکخراو، کارمەندی وەرزیی، هتد. (پەیوەست بە داهات، بیمەی بچووک، کۆکردنەوەی بچووک، هتد)؛

c. خانەنشینی هەمەگیر بۆ ئەوانەی کە خانەنشینی وەرناگرن لەڕێگەی بەشداری زۆرەملێی لە پرۆژەکانی پەیوەست بە داهات.



## پرۆگرامی 6:
### بیمەی بێکاری

**ئەم پرۆگرامە لەنزیکەوە پەیوەستە بە پرۆگرامەکانی بازاڕی کارەوە (بۆ نموونە، ڕاهێنان و پرۆگرامەکانی تری بازاڕی کاری چالاک).** پرۆگرامەکە زۆرەملێ دەبێت و سندوقێکی بەردەوام دەبێت بۆ بیمەی بێکاری، کە کۆمەڵێک پێوەری شایستەیی دەبێت. یارمەتیدەر دەبێت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لەسەرکارلادان لە کەرتی تایبەت و دروستکردنی زیندوێتی زیاتر لە بازاڕی کاردا.

**ڕووماڵی ئەم پرۆگرامە ئەو کارمەندانە دەگرێتەوە (بە کارمەندە بیانییەکانیشەوە) کە تەمەنیان 18 ساڵ یان زیاترە و بەپێی گرێبەست کاردەکەن لە کەرتی گشتی یان تایبەت و چەند گروپێکی تری دیاریکراو.** لەلایەکی ترەوە کارمەندانی خزمەتی مەدەنی، کارمەندانی بواری کشتوکاڵ و دارستان، کارمەندانی ناوماڵ، هێزە سەربازییەکان، قوتابیان، کارمەندی سەربەخۆ لەلایەن ئەم پرۆگرامەوە ڕووماڵ ناکرێن، ئەگەرچی هەندێک جۆر لە بژاردەی ڕووماڵی خۆبەخشانە بەردەست دەبێت.

**سەرچاوەی داراییکردن پێکدێت لە ڕێژەی بەشداری بچووک لە داهاتی مانگانەی کارمەندان (نزیکەی 1%)، هەروەها ڕێژەیەکی تری بچووک لە خاوەنکارەوە (نزیکەی 2% بۆ هەر موچەیەکی مانگانە).** هاوکات حکومەت دەتوانێت بە ڕێژەی 1%ی داهاتی مانگانە بەشداریبکات. بۆ ئەوەی کەسێک شایستە بێت بۆ بیمەی بێکاری، پێویستە ئەو کەسە پێش ئەوەی بێکار بێت، لە دوا ڕۆژەکانی کارکردنیدا بەشداری کردبێت (پێویستە ژمارەی ڕۆژەکان لە یاساکەدا دیاری بکرێت)، هەروەها پێویستە بەلای کەمەوە ژمارەیەک ڕۆژی بەشداریکردنی پارەدانی هەبێت (ئەمەش لە یاساکەدا دیاری بکرێت) لە ژمارەیەک ساڵی تری کارکرنیدا (نزیکەی 3 بەڵام پێویستە لە یاساکەدا دیاری بکرێت). کەمترین بڕی ڕۆژانەی بیمەی بێکاری، بریتی دەبێت لە ڕێژەیەکی سەدیی (نزیکەی 30 بۆ 40%) ی تێکڕای داهاتی ڕۆژانە لە دوا چوار مانگدا، تا 80% بۆ کۆی کەمترین موچەی یاسایی. پارەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەدرێت بە کارمەندێکی بیمەکراو کە بەرزترین ڕۆژانی بەشداری هەیە؛ هتد.

# E. کارگێڕی

## سیستەمێکی پتەوی بەڕێوەبردنی زانیاری و توانای کارگێڕی بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی

**سیستمێکی پتەوی بەڕێوەبردنی زانیاری و توانای کارگێڕی، پێویستن بۆ جێگیرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی.** پێویستە سیستەمەکە بەشدارییەکان بەڕێوەببات و کارگێڕی کۆی سیستمی خانەنشینی بکات. پێویستە لەسەر بنەمای تازەترین تەکنەلۆجیای زانیاری بێت، پێکەوەبەستنەوەی حکومەت، هەروەها بتوانرێت ببەسترێتەوە بە تۆماری یەکخراوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. سیستەمەکە پێویستی بە بونیاتنانی هەمەلایەنی تواناکان دەبێت: (1) کارگێڕی سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی؛ (2) داڕشتنی سیستمی بیمە/خانەنشینی کۆمەڵایەتی، چاکسازی پێوانەیی و یەکخستنی پرۆژەکانی خانەنشینی؛ و (3) داڕشتن و جێبەجێکردنی شیکاری و هەژماری سیاسەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.

# بەشی 6

## تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی - بەرەو دادوەری

## A. ئاراستە ستراتیژییەکان

**دیدگای 2020ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت «ئامانجمان باشترکردنی دۆخی ژیانی هەژاران، مامەڵەکردن لەگەڵ هۆکارەکانی هەژاریی و بروودانە بە گواستنەوە بەرەو سەرەوە، هەروەها دووبارە دارشتنەوەی پرۆگرامەکانمان بۆ ئەوەی تا 2020 هاوکارییەکان ئەوانە بکاتە ئامانج کە پێویستیانە و ببێتە هۆی دروستکردنی دەرفەتی ئابوری بۆ هەموان».** دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەوڵە چاکسازییەکانە بۆ ئەوەی تەبا بکرێت لەگەڵ ئەم ئامانجانەی دیدگاکەدا، لەوانە زیاترکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی. ستراتیژەکانی 7 و 8 پاڵپشتی جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی دیدگای 2020 دەکەن، لەپێناو بەئامانجکردنی باشتر، چاودێری باشتر و لەخۆگرتی گشتی.

### ستراتیژی 7:

### حکومەتی هەرێمی کوردستان هەژاری وەک پێوەری سەرەکیی بەکاردەهێنێت بۆ بڕیاردان لە شایستەیی بۆ پرۆگرامەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (بە سیستمی دابەشکردنی گشتییەوە)، هەروەها چاودێری کاریگەر دابین دەکات بۆ گروپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان

**لەئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی پارەدانی نەختینە دەکات بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک پۆلی کۆمەڵایەتی بەرفراوان، لەجیاتی بەکارهێنانی میکانیزمی کاریگەری بەئامانجکردن بۆ بڕیاردان لەسەر شایستەیی (وەک پشکینی دۆخ (Proxy-Means Testing) یان بەئامانجکردنی جوگرافی)، کە یارمەتیدەر دەبن لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی هەژاران سوودمەند نین لەم پرۆگرامە.** لەکاتێکدا کە سیستمی دابەشکردنی گشتی نزیکە لە هەمەگیر، ناکارایی هەڵبژاردن بەپێی پۆل لە ئێستادا بۆتە هۆی دروستبوونی پابەندبوون، ئەمەش دەبێتە هاندەری نەرێنی و بایەخی پێویست نادرێت بە کاریگەری و کواڵیتی. ئەمە شکستیخواردوە لە بەدیهێنانی مەبەستی هاوکاری کۆمەڵایەتی و بۆتە هۆی بەکارهێنانی ناکارای سەرچاوەکان. لەبەرئەوە ئەولەویەتەکانی سیاسەت لە دیدگای 2020 و ستراتیژی هەمەلایەنی کەمکردنەوەی هەژاریی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دانرا لە ساڵی 2009، بایەخ دەدەن بە شایستەیی بەئامانجکراوی سوودمەندان.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاستەکانی هەژاری پەیڕەودەکات وەک ڕەهەندێک لە هەڵبژاردنی سوودمەندانی پرۆگرامی هاوکاری کۆمەڵایەتی.** ئەمە ڕێگەخۆش دەکات بۆ هەبوونی ڕوانگەیەکی فراوانتر بۆ بەستنەوەی دەستەوسانی بە جیاوازییە ئابورییەکانەوە، کە لە ئاکامدا کاریگەی دەبێت لەسەر گوزەران و بەکاربردنی هەمووان. ئاستەکانی گوزەرانی خێزان بڕیاردەر دەبێت لەسەر شایستەیی یان ناشایستەیی خێزان بۆ هاوکاری. میکانیزمی گونجاوی بەئامانجکردن، ڕێگەدەدات بە ڕووماڵی گونجاو و دەرهاویشتەی دادوەرانە و کاریگەر.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیکەری خزمەتگوزارییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دادەڕێژێتەوە، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاری هەماهەنگیکراو و کاریگەر و دروستکردنی پەیوەندی سیستماتیک لەگەڵ سوودمەندان.** پرۆگرامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کێشەی پەرتەوازەیی و

نەبوونی هەماهەنگی هەیە. ئەمەش ئاکامی هەیە لەڕووی سنووورداری و پچڕپچڕی رووماڵ و زیادکردنی ئەگەری هەڵەی بێبەشکردن و بەشدارپێکردنی ناڕەوا، سیستمی رەوانەکردنی لاواز و سنووورداری

هۆشیاری لەناو کارمەندان و سوودمەندان دەربارەی پرۆگرامەکان و سوودەکان، کە دەبێتە رێگری سەرەکیی بۆ منداڵان و خێزانەکان و کۆمەڵگەکان لە دەستگەیشتن بە سوودەکان و خزمەتگوزارییەکان.

## ستراتیژی 8:
## حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرمایەی مرۆیی خۆی دەپارێزێت لەڕێگەی دابینکردنی هاندەر بۆ تەندروستی و پەروەردەی باشتر

**خراپی تەندروستی منداڵ (رێژەکانی دواکەوتنی گەشە و لاوازیی) بەرزترین بەربڵاوییان هەیە لەناو ئاستی هەژارترینەکانی کوردستاندا، بە بەراورد بە ژمارەی وڵاتانی ناوچەکە.** هاوشێوەی تەندروستی، پەروەردە هێشتا یەکێکە لەو بوارانەی کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە هەژارییەوە، لەبەرئەوەی کە دەستنەگەیشتن بە قوتابخانە، فشار بۆ پاڵپشتیکردنی خێزان لەڕێگەی کارکردنەوە و نەبوونی توانای دارایی بۆ چوونە قوتابخانە، بەتایبەتی بۆ کچان، هەروەها نەریتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەهای پەروەردەی کچان، هەموو ئەمانە بەشدارن لە ئەنجامە لاوازەکانی پەروەردەدا.

**ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2008ەوە هەنگاوی گرنگی ناوە بۆ بەرەوپێشبردنی پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەیی، بۆ گەیشتن بە ستاندارە نێودەوڵەتییەکان، وەک زیادکردنی ژمارەی قوتابی تۆمارکراو و ژمارەی مامۆستا، بەڵام هێشتا ژمارەی ئەو منداڵانەی کە قوتابخانە جێدەهێڵن بۆ کارکردن یان پاڵپشتیکردنی خێزانەکانیان زیادبووە.** دەست دەکرێت بە پارەدانی نەختیی مەرجدار، وەک رێگەیەک بۆ برەودان بە سەرمایەی مرۆیی خێزانە هەژارەکان، لەڕێگەی هاندانیانەوە بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پەروەردە. مەبەستی پارەدانی نەختیی مەرجدار بەشداریکردنە لە کەمکردنەوەی هەژاریی، لەڕێگەی بەکاربردنی ئاسایی و برەودان بە دەرفەتی یەکسان بۆ دەستگەیشتن و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی.

**لەسەر ئاستی تاکەکەس، پرۆگرامەکانی پارەدانی نەختیی مەرجدار، دەتوان یارمەتیدەر بن لە بونیاتنان و پاراستنی سەرمایەی مرۆیدا، لەڕێگەی بەرگرتن لە بەدخۆراکی و کەمی وەبەرهێنان لە پەروەردە و تەندروستی، هەروەها ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە سەرمایەی بەرهەمێنەردا.** لەسەر ئاستی ئابوری ناوچەیی، دەتوانن برەوبدەن بە سەرمایە و ژێرخانی کۆمەڵگە، هەروەها کاریگەری ئەرێنییان هەبێت لەسەر ئەوانەی سوودمەند نین. لەسەر ئاستی کۆی ئابوری، دەتوانن وەک فاکتەری سەقامگیری کاربکەن بۆ کۆی خواست، باشترکردنی پێکەوژیانی کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەو چاکسازییانەی گەشە زیاد دەکەن، لەڕووی سیاسییەوە ئاسانتر دەبن. (Alderman and Yemtsov, 2012).

**پاراستنی سەرمایەی مرۆیی پێویستی بە دەرفەتی یەکسان هەیە بۆ هەموان.** کەمکردنەوەی هەژاری خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکی گرنگە بۆ پاراستنی سەرمایەی مرۆیی. پاراستنی سەرمایەی مرۆیی پێویستی بە بەخشینی ئازادیی و دەرفەتە بە خەڵک تا ئەو ژیانە بژین کە بە بەهاداری دەزانن. بۆ پەرەپێدانی خەڵک و پێدانی دەرفەت بۆ بەکارهێنانی، پێویستە تاکەکەس تەندروست بێت، پەروەردە و مەعریفە بەدەستبهێنێت و دەستبیگات بەو سەرچاوانەی پێویستن بۆ ژیانێکی شکۆدار.



## B. یاساکان

### یاسای 3:
### یاسایەکی نوێی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ بەدیهێنانی دادوەری و ئەمانجکردنی باشتری هاوکاری کۆمەڵایەتی

**دانانی چوارچێوەی یاسایی بۆ هەر چاکسازییەک زۆر گرنگە بۆ دڵنیاییکردن لە شەرعیەتی یاسایی و سیاسیی، هەروەها دڵنیاییکردن لە بەردەوامی لەناو دامەزراوەکانی کاردا.** حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی نوێی هاوکاری کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکات کە بەم شێوەیە دەبێت: (1) دانانی ئەولەویەت بۆ دەستوەردانەکان کە دڵنیایی دەکات لە پاراستن و وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆیی؛ (2) پەیڕەوکردنی ڕێگەکانی بەئامانجکردنی هەژاریی بۆ هەڵبژاردنی هەژاران و دەستەوسانان بۆ سوودوەرگرتن لە پرۆگرامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی؛ (3) دڵنیاییکردن لە هەبوونی چاودێری و کۆنترۆڵ لەسەر خزمەتگوزارییەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری، لەڕێگەی میکانیزمی باش دارێژراوی چاودێری و هەڵسەنگاندنەوە؛ (4) دانانی ڕێچکەی پەیوەندیکردن لەگەڵ هاووڵاتیان، لەڕێگەی دانانی میکانیزمی پێداچوونەوەی سکاڵا (GRM)، دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکانی تر، چ لە کەرتی تایبەت یان کۆمەڵی مەدەنی؛ (5) باشترکردنی پەیکەر لەناو لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان و دابینکاران، لەڕێگەی دارشتنی تۆمارێکی یەکگرتووەوە؛ و (6) بایەخدان بە بونیاتنانی دامەزراوە. ئەم یاسایە زامنی ئەوە دەکات کە هاوکاری کۆمەڵایەتی تازە چاکسازیکراو، گونجاو، شیاو، دادوەرانە، هەرزان، بازاڕ-دۆست، بەردەوام و چالاک دەبێت.

## C. دامەزراوەکان

**دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت، وەک دامەزراوەیەکی هەرێمی بۆ:** (1) جێبەجێکردنی دیدگای پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان؛ (2) ڕابەرایەتیکردنی دیالۆگی نێوان لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان؛ و (3) دڵنیاییکردن لەوەی کە پاڵپشتی سیاسیی هەیە بۆ کاری شیاوتر و کاریگەرتر لەناو هەموو ئەو فەرمانگانەدا کە بەشداری دەکەن لە جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی 7 و 8.

## D. پرۆگرامەکان

### پرۆگرامی 7:
### پرۆگرامی بەئامانجکردنی هەژاری لە هەرێمی کوردستان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان (PMT) بەکاردەهێنێت وەک ڕێبازی سەرەکیی بەئامانجکردن، لەپێناو زیادبوونی رووماڵ و کەمکردنەوەی ڕێژەکانی هەڵەی بێبەشکردن و لەخۆگرتنی نارەوا.** داتابەیسی سوودمەندان، لە ئەنجامی (PMT) ڕێگەدەدات بە جەختکردنەوەی سەرچاوەکان لەو شوێنانەی زیاتر پێویستن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی کاریگەری. چوارچێوەی (PMT) میتۆدێکە بۆ بەئامانجکردن، کە تایبەتمەندییە

چاودێریکراو و پشتڕاستکراوەکانی تاکەکەس و خێزان بەکاردەهێنێت، کە لە ڕووپێوی خێزان وەرگیراون، لە هاوکێشەی چارەسەرکردنی کێشەدا (formal algorithm) بۆ دیاریکردنی گوزەرانی خێزان. ئەم گۆڕاوانە هەڵدەبژێردێن لەسەر بنەمای توانای پێشبینیکردنی گوزەران. هاوکات بۆ زیادکردنی کارایی بەئامانجکردن، بەستەیەک میتۆدی بەئامانجکردن بەکاردەهێنرێن بۆ بەکارهێنانی بەئامانجکردنی جوگرافی و بەئامانجکردنی کۆمەڵایەتی.

**سوودە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە میتۆدە بریتین لە:**

- زیادکردنی ڕوومالّی هەژاران و زیادکردنی ئەو سەرچاوانەی دەدرێن بە هەژاران؛
- کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون، کە لە ئێستدا 75%ی هەموو دابینکردنەکان بۆ نا-هەژارەکانە، بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە زۆرترین پشکی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لە پرۆگرامەکاندا کە سیستمی بەئامانجکردنی خێزان بەکاردەهێنێت، دەگات بە هەژاران.
- تێچوو کارایی، لەڕێگەی هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی چاوپێکەوتن لەگەڵ خێزانەکان و دڵنیاییکردن لە نەزاهەتی هەوڵەکانی لەخۆگرتن.
- شەفافیەت لە هەموو بوارەکاندا، دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانە و کەمبوونەوەی ساختەکاری، کەمکردنەوەی لایەنی کەسیی لە دابەشکردنی هاوکاری کۆمەڵایەتیدا. ئەمە بەهێز دەکرێت لەڕێگەی پلانی باشی بەشدارپێکردنی هاوولاتیان، هەروەها ستراتیژی پەیوەندییەکان و داڕشتنی میکانیزمی گونجاوی پێداچوونەوەی سکالا.
- پێویستە میکانیزمی بەئامانجکردن نەرم بێت لەڕووی هەموارکردن و ڕوومالّەوە و ڕێگەبدات بە بەئامانجکردنی پرۆگرامی جیاواز.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی دەکات لە کارایی بەئامانجکردنی باش لەڕێگەی شەفافیەت و هاوشێوەییەوە.** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلاندانان فۆرمی داواکاری ڕوون و هاوشێوە دادەڕێژن، کە پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک مەرجی ناوەندیی. ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی دەستوەردانی سیاسیی لەلایەن کاربەدەستانی بەرەی پێشەوە و سوودمەندانەوە. پابەندبوون بە سیستمە شەفافەکە و مەرجە گونجاوە تەنکنیکییەکان، دڵنیایی دەکات لە بەرزترین ئاستی لەخۆگرتنی هەژاران. ئەمە زیاتر بەهێز دەبێت لەڕێگەی هەڵمەتی پەیوەندیکردنەوە، کە بانگهێشتی هەموو ئەوانە دەکات کە خۆیان بە شایستە دەزانن، داواکاری پێشکەش بکەن. گرنگترین پێکهاتەی دانانی میکانیزمەکان، بریتییە لە توانا دارایی و لۆجستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەستگەیشتن بە هەموو ئەوانەی هەژارن، هەروەها زامنکردنی بودجەی پێویست بۆ بەردەوامیدان بە پرۆگرامەکە.

**ئەو داتابەیسەی دێتە بەرهەم لە ئەنجامی ئەم ڕێبازی بەئامانجکردنەوە، بەکاردەهێنرێت لەلایەن دابیکاران و چاودێرانی تری کۆمەڵایەتییەوە.** ئەم داتابەیسی (PMT) خاڵی دەستپێک دەبێت بۆ یەکخستنی تۆمار، کە زۆر سوودبەخش دەبێت لەکاتی قەیراندا، تا فەرمانگەکانی حکومەت بتوانن هاوکارییەکانیان ئاراستەی گروپە زۆر دەستەوسانەکان بکەن. وەزارەتەکانی پلاندانان، کار، پەروەردە و تەندروستی و دەستەی ئامار، دەکرێت بەهاوبەشی بەشداربن لەم پرۆگرامەدا. دەکرێت ئەم داتاییەیسە هەموو لایەنەکان بەکاریبهێنن.

## پرۆگرامی 8:
### پارەدانی نەختیی مەرجدار

**حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار (CCT Pilot program) ڕادەگەیەنێت.** مەبەست لەم پرۆگرامە تیشک خستنە سەر گرنگی وەبەرهێنانە لە سەرمایەی مرۆییدا لەڕێگەی پەیڕەوکردنی پارەدانی نەختیی مەرجدارەوە، بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە خزمەتگوزارییە ڕوومالّکراوەکانی وەک پەروەردە و تەندروستی، کە پێویستیان بە تۆمارکردن و سەردان هەیە، بەباشی سوودیان لێوەردەگیرێت. ئەمە شکاندنی بازنەی گواستنەوەی هەژاری لەنێوان نەوەکاندا ئاسانتر دەکات و پاڵپشتی داهاتی ئەو خێزانانە دەکات کە بەدەست هەژاری درێژخایەنەوە دەناڵێنن.

**پرۆگرامی پارەدانی نەختیی مەرجداری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە پرۆژەیەکی ئەزموونی دەستپێدەکات لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، کە ڕێژەی بەرزی هەژاری و کەلێنی گەورەی پەروەردە و تەندروستی هەیە.** ئەم پرۆگرامە کۆمەڵێک ڕێوشوێن لەخۆدەگرێت، وەک:

i. دەستنیشانکردنی کەرتەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە ئەزموونییەکە (وەک کەرتی تەندروستی و پەروەردە) بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و ڕێژەکانی وازهێنان لە خوێندن؛

ii. دەستنیشانکردنی ناوچەی جوگرافی کە مەرجە تەندروستی و پەروەردەییەکانی تێدایە و بنکەی تەندروستی و قوتابخانەی هەیە؛

iii. دەستنیشانکردنی ئاستەنگە چاوەڕوانکراوەکان لە ئەنجامی جێبەجێکردن و دابونەریتە پەیوەندیدارەکانی کۆمەڵگەی ناوچەی ئەزموونەکە؛

iv. بەرزکردنەوەی هوشیاری بۆ دڵنیاییکردن لەوەی نەوەکان بازنەی هەژاری دەشکێنن؛

v. بەرەوپێشبردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەگشتی لەبواری خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی.

**لە قۆناغی بەرایی پرۆژە ئەزموونییەکەدا، پرۆگرامی ئەزموونی پارەدانی نەختیی مەرجدار، خێزانە هەژارەکان دەکاتە ئامانج کە منداڵی تەمەن 6-0 ساڵیان هەیە.** پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار، پەیکەرێکی وردی جێبەجێکردنی لەگەڵدا دەبێت، لەگەڵ سیستمی دەستنیشانکردن و نوێکردنەوەی سوودمەندان، سیستمی پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوون، سیستمی پارەدان و میکانیزمی بەدواداچوونی سکاڵا. هەڵسەنگاندنی کاریگەریی، لێکۆڵینەوە دەکات لەوەی کە ئایا پرۆگرامە ئەزموونییەکە کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی و پەروەردەی منداڵە هەژارەکان و کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر هەژاری و نایەکسانی، بەتایبەتی لەناو خێزانە سوودمەندەکاندا.

**وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، پلاندانان، دارایی و دەستەی ئامار لە پرۆگرامەکەدا بەشداری دەکەن.** لەبەرئەوە ڕێکخستنە دامەزراوەییەکان دەبێت ئەنجام بدرێن بۆ ڕێخۆشکردن بۆ هەماهەنگی و پەیوەندیی نێوان-کەرتیی. پرۆژە ئەزموونییەکە سوودمەند دەبێت لەمانە: (1) هەڵسەنگاندنی پرۆسە، کە ڕێگەدەدات بە وەرگرتنی وانە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەسەر ئاستی کار و دامەزراوەیی؛ (2) هەڵسەنگاندنی کاریگەریی.

**ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لەسەر هەردوو ئاستی بەئامانجکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار.** توانایان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزانەکان و گەیاندنی پرۆگرامەکە و پلانەکانی وەزارەتی کار زۆر گرنگ دەبن. بۆ ئەم مەبەستە، زۆر گرنگە وەزارەتی کار میکانیزمەکانی کارکردن دیاریبکات لەناو پەیکەرەکاندا، لەڕێگەی پلانی پەیوەندیکردنی گونجاوەوە، کە پەیامی وەزارەت دەگەیەنێت و زیاتر بونیاد دەنێت لەسەر سەرچاوە بەردەستەکان لەم فەرمانگانە.

## E. کارگێڕی

### تۆماری یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**نەبوونی هەماهەنگی و پەیوەندیی لەنێوان فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەت و تەنانەت لەنێوان بەشەکانی هەمان وەزارەت، بۆتە هۆی نادادپەروەری و نزمی ئاستی رووماڵی خزمەتگوزارییەکان.** نەبوونی سیستمێکی پتەوی بەڕێوەبردنی زانیاری، بۆتە هۆی چەقبەستنی کارایی پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی سنووردارکردنی تێگەیشتن لە زۆربەی بڕاردە شیاوەکان بۆ بەکارخستنی سیستمەکان، بەتایبەتی لەو شوێنانەی پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەی درێژ دامەزراون. زۆربەی ئەم پرۆگرامانە ڕێبەر بەکاردەهێنن نەک کارکردنی سیستماتیک، کێشەی بەڕێوەبردنی پێشکەوتووی زانیاریان هەیە و تەکنەلۆجیای زانیاری سنوورداریان هەیە. ئەمانە پێویستیان بە چاکسازی و دارشتنەوە هەیە بۆ ڕێگەدان بە دانانی بنەما بۆ تۆماری یەکگرتوو.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت بۆ دامەزراندنی سیستمێکی یەکگرتوو بۆ دەستکردن بە چاکسازی بنەڕەتی لە دانانی داتابەیسەکان و پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی هاوبەش لەنێوان فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی.** لەجیاتی هەبوونی چەندین داتابەیس بۆ هەر پرۆگرامێک، زۆر گرنگە، کە یەک تۆمار هەبێت وەک داتابەیسی ناوەندیی. کەمکردنەوەی پەرتەوازەیی و زیادکردنی کارایی گشتی پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئاسان دەبێت. تۆماری یەکگرتوو، زانیاری لەسەر خێزانەکان دەبێت، زانیاری بەرێوەدەبات لەسەر پێداویستییەکانی خێزان، سوودەکان و تۆمارکردنی زانیاری لەسەر شوێنیان. لە ئەنجامدا، زانیارییەکانی خێزان ئاڵوگۆڕ دەکرێت لەنێوان پرۆگرامەکاندا و بەئاسانی دەتوانرێت لەلایەن پرۆگرامە تەواوکارەکانەوە بەکاربهێنرێت یان نوێبکرێتەوە. هاوکات یەک تۆمار ڕێخۆش دەکات بۆ تەباکردنی تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەرانسەری وەزارەتەکان و کەرتەکاندا، هەماهەنگی زیاد دەکات و یارمەتیدەر دەبێت لە دڵنیابوون لەوەی کە بەستەی خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکرێن بە خەڵکی دەستەوسان (Blank & Handa, 2008)[29]. لەڕێگەی پتەوکردنی زانیارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە یەک داتابەیسدا، مەبەستەکە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمارێکی یەکگرتووی هەبێت و سوودی لێوەربگیرێت لەلایەن دامەزراوە ڕێپێدراوەکانی حکومەتەوە بۆ دابیکردنی هاوکارییە کۆمەڵایەتییەکان (نەختیی یان جۆری تر)، هەروەها سوودەکانی تر (وەک پاڵپشتی خۆراک).

29 Integrated Social Safety Net Systems- From Theory to Implementation- Ayala Consulting Group, May 2014

# بەشی 7.

## پەیوەندی ستراتیژی

**چاکسازییە سەرکەوتووەکان پێویستیان بە پاڵپشتی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان هەیە، لەگەڵ تێگەیشتنی باش لەلایەن خەڵکەوە.** دەکرێت سەخت، زیندوو و پێشبینی نەکراو بن. هەندێک جار تەنانەت هەوڵە سەرکەوتووەکانیش رووبەڕووی ئەزموونی هەڵچوون و داچوون و ئاستەنگ و پاشەکشێ دەبنەوە. تەنانەت چاکسازی نیازباش و قبووڵکراو لەوانەیە شکست بخۆن، ئەگەر چاوەڕوانییەکان و تێگەیشتنی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان بەباشی بەڕێوەنەبرێن.

**زۆرجار پرۆگرامەکانی چاکسازی رووبەڕووی بەرهەڵەستی دەبنەوە لەبەر ئەم هۆکارانە:**

- تێگەیشتنی لاوازی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە کێشەکان و کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانیان.
- نەبوونی هەستی خاوەنداریێتی لای ئەوانەی گۆڕانکارییەکان جێبەجێ دەکەن (دامەزراوەکانی تری حکومەت، کارمەندان و هاوبەشانی تر).
- بەرهەڵستی توندی ئەوانەی لەوانەیە زیانیان پێبگات لە ئەنجامی چاکسازییەکان (دۆڕاوەکان)، یان ئەوانەی بەو شێوەیە خۆیان دەبینن.
- نەبوونی میکانیزمەکانی گێڕانەوەی سەرنجی دامەزراوەیی لەنێوان بڕیاردەران و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکاندا.
- هەر گۆڕانێک لە دۆخی چەسپاودا سەختە، تەنانەت ئەگەر گۆڕانەکە ئەرێنیش بێت.



**دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تارادەیەک هەمەڕەنگە، پێکدێت لە شوناسی وەک کورد، تورکمان، کلدان، ئاشور، سریانی، یەزیدی و ئەوانەی تر کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوەدەژین، سەرەڕای ناسەقامگیری بەردەوام لە عێراق و وڵاتانی ناوچەکە.** فرەیی ڕەنگدانەوەی هەیە لە حکومەتی هاوپەیمانیدا، لەڕێگەی حیزبە سیاسییەکانەوە. بۆ ئەوەی ئەم تەبایی و پێکەوەژیانە بپارێزێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی پابەند کردوە بە کارکردن بە شێوازی کۆدەنگیی بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتە نیشتیمانییەکان. ئەم پابەندییەی حکومەت زیاتر جێگەی بایەخ دەبێت لەکاتی چاکسازیدا، بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە هەموو لایەنەکان و خاوەن بەرژەوەنییەکان لە هۆکارەکان، سوودەکان و مەترسییەکانی ئەم چاکسازییانە و ڕۆڵی خۆیان تێدەگەن. چۆنێتی دەستپێکردن و ئەنجامدانی چاکسازییەکان زۆر گرنگ دەبێت بۆ دەرخستنی پابەندیی حکومەت بە دانانی خەڵک لەپێش هەموو شتێکەوە، هەروەها بە بەرپرسیارێتی و شەفافیەتەوە.

**چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) داوای کۆمەڵێک چاکسازی بەرفراوان دەکات، کە پێویستی بە گۆڕانکاری یاسایی، دانانی دامەزراوەی نوێ و پرۆگرامی جیاواز هەیە.** ئەم چاکسازیانە پێویستیان بە گۆڕینی شێوازی کارکردن، هەماهەنگی و پەیوەندیی کردنی وەزارەتەکانی پلاندانان، کار، پەروەردە و تەندروستی دەبێت. پێویستی بە هاوکاری نزیک دەبێت لەنێوان وەزارەتە جیاوازەکان و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە گرنگەکانی وەک پەرلەمان، کۆمەکبەخشان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، سەندیکاکان، کەرتی تایبەت و میدیا. هاوکات پێویستی بە هەڵمەتی پەیوەندیکردن هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکارییەکان و بەڕێوەبردنی نیگەرانیی و نارەزاییەکان. پەیوەندییەکان لەلایەن ئەو وەزارەتانەی کە چاکسازییەکان جێبەجێ دەکەن، پێویستە پەیامەکانیان هاوشێوە و تەبا بێت، بۆ ئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو و هەمەگیریان هەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری هەڵەتێگەیشتن یان هەڵەتێڕوانینەکان. دروستکردنی تێگەیشتن و هاوکاری بەربڵاو، زۆر گرنگن بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتوو و بەردەوامی چاکسازییەکانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF).

**لەم ناوکۆییە ناوچەییەدا و بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵۆزی چاکسازییە پێشنیارکراوەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی، سێ ئاست لە بەشدارپێکردنی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان پێویست دەبن:**

- پاڵپشتی شیاو و کاریگەری سەرکردایەتی لەپێناو بونیاتنان و راگرتنی ئیرادەی سیاسیی، کە پێویستە دابەش بکرێت، هەماهەنگی و هاوکاری تێدا بکرێت، لەسەر بنەمای دامەزراوە جیاوازەکان و ڕۆڵیان لە چاکسازییەکاندا.

- پاڵپشتی گونجاو لەناو دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا، بەشەکان پێویستە یارمەتی یەکتر بدەن و چاکسازییەکان بە هەمەکاری جێبەجێ بکەن.

- پاڵپشتی و تێگەیشتنی فراوانی خەڵک.

**ئەم جۆرە لە بەشداریپێکردنی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان، پێویستی بە ڕێبازی جیاوازی پەیوەندیکردنی ستراتیژی هەیە بەپێی قۆناغی چاکسازییەکان و پرۆگرامە پەیوەندیدارەکان.** پەیوەندییکردنی ستراتیژی ئامرازێکی بەڕێوەبردنی زۆر گرنگە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ چاکسازییەکان، سیاسەتەکان و پرۆگرامەکان. پلان هەیە بەڕێگەی شیکاری بڕیار بدرێت لەوەی پرۆژەکە بەشداری بە کێ بکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی چاکسازی، بەشداریپێکردنەکە بۆ چ مەبەستێکە، کەی و چۆن ئەنجام بدرێت.

**تا ئەمڕۆ زۆربەی ڕێبازەکانی پەیوەندیکردن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی کردوون، پێکهاتوون لە پەیوەندیکردنی یەکلایەنەی وەک هەڵمەتی میدیا، ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.** پەیوەندیکردنی ستراتیژی زیاترە لەم شێوازە نەریتیە یەکلایەنەی بڵاوکردنەوەی پەیام، بەڵکو بریتییە لە دانانی ستراتیژی چالاک و پلاندار و بەکارهێنانی ڕێبازی ستراتیژی و گونجاو بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکدا.

## چالاکییەکانی پەیوەندیکردن بەگشتی

**لەڕێگەی یەکخستنی پەیوەندیکردنی ستراتیژی لە قۆناغەکانی سەرەتای پلاندانانی چاکسازییەکانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF)، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ڕوانگەی هاووڵاتیان و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان بزانێت، دەربارەی چاکسازییە پێشنیارکراوەکان و چارەسەری کەمی زانیاری و هەڵەتێگەیشتنەکان بکات لەسەر بەربڵاوی یان گرنگی کێشەی پەرەپێدان.** هاوکات یارمەتیدەر دەبێت بۆ بونیاتنانی کۆدەنگیی، هاوکاری و بەدەستهێنانی پاڵپشتی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان و دەستنیشانکردن و لابردنی بەربەستەکان. ئەم جۆرە لە بەشداریپێکردنی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان، پێویست دەبێت لە سووڕی ژیانی چاکسازییەکاندا. کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری دەکات بۆ جێبەجێکردن، چەندین هەوڵی پەیوەندیکردن پێویست دەبێت. وەک ئەمانەی خوارەوە:

i. بونیاتنانی پاڵپشتی و هاوکاری لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان.

ii. هەڵمەت بۆ پاڵپشتی و بەشدارییپێکردنی جەماوەر لە هەوڵێکی ڕاوێژکاریدا بۆ باشتر تێگەیشتن لە سروشتی کێشەکە و هاندانی پەیڕەوکردنی پرۆگرام و سیاسەتی نوێ.

iii. بەشدارپێکردنی کارمەندان بۆ ئامادەکردنی هێزی کاری حکومی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، هەروەها بەرزکردنەوەی توانایان بۆ جێبەجێکردن و گەیاندنی سیاسەت و پرۆگرامە تازەکان.

**هەر قۆناغێکی چاکسازی پێویستی بە کۆمەڵێک چالاکی پەیوەندیکردن دەبێت کە یەکخراو و سیستماتیک بن، پێکبێن لە پرۆژەی هاوشێوە و هەمەلایەن، کە هاوشان لەگەڵ پێکهاتەی چاکسازییەکاندا ئەنجام بدرێن.**

## خشتەی ٦ پرۆگرامی پەیوەندیەکانی چوارچێوەی ستراتیجی پاراستنی کۆمەڵایەتی

| | چوارچێوەی ستراتیژیی پەرەپێدان | ڕاگەیاندنی (SPSF) | جێبەجێکردنی چاکسازییەکان | بەڕێوەبردنی پرۆگرامە بەردەوامەکان |
|---|---|---|---|---|
| ڕێگەکانی پەیوەندیی ستراتیژی | • ڕاوێژکاری بۆ دەستنیشانکردنی بابەتەکان<br>• پەیوەندیکردن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان<br>• ڕاوێژکاری بۆ دروستکردنی کۆدەنگیی<br>• دارشتنی ستراتیژی پەیوەندیکردن<br>• ئامادەکردنی پلانی بڵاوکردنەوە | • دروستکردنی پۆستی پەیوەندییکردنی ناوەندیی<br>• جێبەجێکردنی پلانی بڵاوکردنەوە<br>• چاودێری و هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی<br>• پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان<br>• ڕاوێژکاری بۆ ڕاهێنانی میدیا<br>• هەڵمەتی دروستکردنی هۆشیاری | • پەرەپێدانی توانای دامەزراوەیی کاری پەیوەندیکردن<br>• توێژینەوەی بەردەوام لەگەڵ وەرگرتنی بۆچوون<br>• پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان<br>• پەیوەندیکردنی ناوخۆیی<br>• پەیوەندیکردن و ڕاهێنانی کارمەندان<br>• پەیوەندیکردنی قەیران و چاودێری میدیا<br>• پەیوەندیکردنی هاوڵاتیان و گێڕانەوەی دوولایەنەی سەرنج<br>• هەڵمەتی گۆڕینی ڕەفتار | • پاڵپشتی بەردەوامی پەیوەندیکردن<br>• بەڕێوەبردنی بەردەوامی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان<br>• پەیوەندیی ناوخۆیی<br>• پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ هاوڵاتیان<br>• هەڵمەتی گۆڕینی ڕەفتار |
| بەرهەمە ڕێنیشاندەرەکان | • پلانی بڵاوکردنەوە | • ستراتیژی پەیوەندیکردن<br>• ڕێبەری کاری پەیوەندیکردن | • ستراتیژەکانی پەیوەندیکردنی ئاستی پرۆگرام | |
| ئەنجامی چاوەڕوانکراو | • ئیرادەی سیاسی و پاڵپشتی بۆ چاکسازییەکان<br>• پاڵپشتی و پەیوەندیکردنی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان<br>• هاوبەشی دامەزراوەیی و دروستکردنی هەمەکاریی<br>• ئامادەباشی دامەزراوەیی بۆ دەسپێکردنی چاکسازییەکان<br>• نەخشەڕێگەیەکی ڕوون بۆ گەیاندنی چاکسازییەکان | • بەڕێوەبردنی بەرەنگاربوونەوەی چاکسازییەکان<br>• دەستنیشانکردنی بەربەست و ڕێگرەکان<br>• پاڵپشتی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان بۆ چاکسازییەکان<br>• تێگەیشتن و پاڵپشتی خەڵک بۆ چاکسازییەکان<br>• دامەزراوە پەیوەندیدارەکان پەیکەر، پەیوەندیی و سەرچاوەی گونجاویان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی پەیوەندییەکان | • بەڕێوەبردنی بەرەنگاریی<br>• بەڕێوەبردنی بەربەست و ڕێگرەکان<br>• پاڵپشتی بەردەوامی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان<br>• پەسەندکردنی چاکسازییەکان لەلایەن خەڵکەوە | • بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرام<br>• پاڵپشتی و پەسەندکردنی بەردەوام<br>• شەفافیەت و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خەڵک |

## پەیوەندیکردنی ستراتیژی لەکاتی داڕشتنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF)

**چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) لەڕێگەی پرۆسەی راوێژکاری و بەشدارپێکردنەوە داڕێژرا، کە سەرنجی لایەنەکانی راکێشا و بە بۆچوونەکانیان دەوڵەمەندیان کرد، وەک ئەو وەزارەتانەی کاریگەر دەبن بە چاکسازییەکان، بەڕێوەبەرانی باڵا و راوێژکارانی هەر وەزارەتێک، ئەندامانی پەرلەمان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کۆمەکبەخشان و لایەنی تری خاوەن بەرژەوەندی.** ئەم پرۆسەیە بووە هۆی دروستبوونی ئیرادەی سیاسی حکومی و پاڵپشتی، خاوەندارێتی و هەماهەنگی و هاوکاری پێویست بۆ سەرکەوتنی چاکسازییەکان. لەم قۆناغەدا چەندین کۆبوونەوەی راوێژکاری و بەشدارپێکردن ئەنجامدرا لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان. هاوکات پلانی بڵاوکردنەوە داڕێژرا وەک ئامادەکاری بۆ راگەیاندنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF).

## پەیوەندیکردنی ستراتیژی لەکاتی راگەیاندنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF)

**راگەیاندنی گشتی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) زۆر گرنگە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە جەماوەر و ئەوانەی کاریگەر دەبن بە چاکسازییەکان تێدەگەن لە پێداویستی گۆڕانکارییەکان.** هاوکات یارمەتیدەر دەبێت لە دەستنیشانکردنی ڕێگر و بەربەستەکان. پلانی بڵاوکردنەوە پاڵپشتی ئەم قۆناغە دەکات. ئامانجەکان بریتین لە:

- بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی هەنووکەیی، دەرفەت و سوود و پەیوەندیداری چاکسازییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهێنانی ئەولەویەتە بەپەلە تاکەکەسیی و نیشتیمانییەکان.
- پاڵپشتیکردنی تێگەیشتن کە دەبێتە هۆی پاڵپشتی بەرفراوانی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان.
- دروستکردنی تۆڕی پاڵپشتی جەماوەرە سەرەکییەکان بۆ پتەوکردنی سەرکردایەتی ناوچەیی چاکسازییەکان و ڕێخۆشکردن بۆ بەڕێوەبردنی ئابوری سیاسی.

**نەخشە و شیکاری دەسەڵاتی لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان پاڵپشت دەبێت بۆ داڕشتنی بەرهەمەکانی پەیوەندیکردن کە پێویستن بۆ هەر لایەنێکی خاوەن بەرژەوەندی، بە گونجاوترین ئامرازی پەیوەندیکردن، وەک بۆنەی گشتی، میدیا، میدیای کۆمەڵایەتی و کۆڕبەند.** پەیامە سەرەکییەکان دادەڕێژرێن بۆ نیشاندانی پێویستی بەپەلە بۆ چاکسازییەکان، تەباکردنی لەسەرانسەری وەزارەتەکاندا، هەروەها هاوکاری لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان. ئەم پەیامانە جەخت دەکەنەوە لە پابەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە خەڵکەکەی، لە دابینکردنی خزمەتگوزاری باشتر، پاراستنیان لە قەیرانی نرخی نەوت و دروستکردنی ئابورییەکی کێبەرکێکار، لەڕێگەی چاکسازی کردن لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، خانەنشینی و بیمە و کەرتەکانی بازاڕی کار. چالاکییەکی تری گرنگ لەکاتی راگەیاندنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) بریتیە لە دڵنیاییکردن لەوەی کە کارمەندانی هەموو وەزارەتەکان تێدەگەن لە پێویستبوون و مەبەستی چاکسازییەکان. زۆرجار کارمەندانی وەزارەتەکان لەگەڵ جەماوەر و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا تێکەڵ دەبن. تێگەیشتنیان لە چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەر هەڵە تێگەیشتنێک لە گۆڕانە چاوەڕوانکراوەکان. زانیاری زیاتر لە پلانی بڵاوکردنەوەدا هەیە کە هاوپێچە لەگەڵ چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF).

## پەیوەندیکردنی ستراتیژی لەکاتی جێبەجێکردنی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF)

**لە قۆناغی جێبەجێکردنی چاکسازییەکاندا، پەیوەندیکردنی بەردەوام پێویست دەبێت، بەتایبەتی میکانیزمەکانی گێڕانەوەی سەرنج بۆ دەستنیشانکردنی بەربەستە چاوەڕوانکراوەکان.** هاوکات مەعریفە و توانای کارمەندانی وەزارەتەکان پێویستی بە بەهێزکردن دەبێت، بۆ ئامادەکردنیان بۆ جێبەجێکردن. هەڵمەتی پەیوەندیکردن بۆ گۆڕینی رەفتار، دەبێتە هۆی گۆڕینی تێڕوانینی ئێستا و بروودان بە رەفتاری زیاتر ئەرێنیی وەک بەشداری مێینە لە هێزی کار، پارەدانی نەختیی مەرجدار و هاندانی کارمەندانی حکومەت. چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) پێویستی بە چاکسازی هەیە لە چەندین کەرتدا، تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی و بازاڕی کار. هەر یاسایەکی نوێ، کارگێڕی و پرۆگرام پێویستی بە ستراتیژی پەیوەندیکردن و چالاکی تایبەت بەخۆی هەیە، لەگەڵ دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکانی داڕشتن و جێبەجێکردن، هەروەها میکانیزمی چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەردەوام، بۆ پێوانەکردنی کاریگەری پرۆگرامەکان (شێوەی 22).

**ستراتیژی پەیوەندیکردن داڕێژراوە بۆ دابینکردنی ڕێنمایی و ئاراستەکردنی هەموو چالاکییەکانی پەیوەندییکردن و دڵنیاییکردن لە تەبایی لە هەموو چاکسازییەکان و دامەزراوەکانی جێبەجێکردندا.** هاوکات بنەمایەک دابین دەکات بۆ هەموو ستراتیژەکانی پەیوەندیکردن کە دادەڕێژرێن بۆ یاسا، دامەزراوە و پرۆگرامە تازەکان. ستراتیژی پەیوەندییکردن لەسەر ئەم پرنسیپانە بونیات دەنرێت:

i. وەزارەتەکان هەمانگی دەکەن لە هەموو چالاکییەکانی پەیوەندیکردندا، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە پەیامێکی هاوشێوە و بەرەیەکی یەکگرتوو لەسەر چاکسازییەکان پێشکەش دەکەن.

ii. پەیامەکان بەڕوونی دادەڕێژرێن، بە بەکارهێنانی زمانێکی سادە، تەبا و هاوشێوە و گونجاو بۆ جەماوەرەکە.

iii. پەیوەندی دوولایەنە لەگەڵ لایەنە خاوەن بەرژەوەندییەکان و ڕەچاوکردنی سەرنجەکانیان هەر کاتێک شیاو بوو.

شێوەی 22. سووڕی ژیانی ستراتیژی پەیوەندییەکان




## پاڵپشتی بەردەوامی پەیوەندییکردن بۆ پرۆگرامەکان

**لەکاتێکدا کە جێبەجێکردنی چاکسازییەکان پێویستیان بە چالاکی چڕی پەیوەندیکردن دەبێت، گرنگە کە پاش جێگربوونی پرۆگرامەکان، وەزارەتەکان بەردەوام بن لە پەیوەندیکردنی بەردەوام لەگەڵ سوودمەندان و لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان.**

## بەڕێوەبردنی ستراتیژی پەیوەندیکردن

**چاکسازییەکانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF) پێویستیان بە ئامراز، کارامەیی و کارمەند دەبێت بۆ شیکردنەوە و ئامادەکردنی ئەو شتانەی کە لایەنە خاوەن بەرژەوەندییە سەرەکییەکان دەیانەوێت بیزانن، چۆن پەیوەندییان پێوە بکرێت و بە چ زانیارییەکەوە لە چ قۆناغێکی چاکسازییەکاندا.** لەکاتێکدا کە هەر وەزارەتێک پلانی پەیوەندیکردنی خۆی جێبەجێ دەکات لەسەر بنەمای رۆڵی خۆیان لە چاکسازییەکاندا، میکانیزمێکی نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی، دەتوانێت رێخۆشکەر بێت بۆ هەمەکاری لەنێوان وەزارەتە جیاوازەکاندا. لەبەرئەوە پێشنیار دەکەین کە پردی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی پلاندانان دابمەزرێت، بۆ دڵنیابوون لە هاوشێوەیی و گونجاوی پەیامەکان، دابەشکردنی رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان و دەستنیشانکردنی بوارەکانی هاوکاری لە جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی چوارچێوەی ستراتیژیی پاراستنی کۆمەڵایەتی (SPSF). پردی پەیوەندییەکان بەرپرس دەبێت لە جێبەجێکردنی ستراتیژی پەیوەندییەکان، دەستنیشانکردنی پێویستیەکانی پەیوەندیکردن، بونیاتنانی توانا و پتەوکردنی هەر یەکەیەکی پەیوەندیکردن و پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە جیاوازەکان، بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی چالاکییەکانی پەیوەندییکردن بە شێوەیەکی هەماهەنگیکراو.

# بەشی 8

## نەخشەڕێگای جێبەجێکردن

| ساڵ | ئاست | چاکسازی بازاڕی کار | بەرپرسیار |
|---|---|---|---|
| 2016 | Strategies | • خێراکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتی کاری هەرێم<br>• داڕشتنی ستراتیژی پەرەپێدانی کارامەییەکان | • وەزارەتی کار<br>• وەزارەتی کار |
| | یاساکان | • گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی یاسای کار و تەباکردنی لەگەڵ (SPSF) | • وەزارەتی کار و هاوبەشەکانی (کارمەندان و خاوەنکاران) |
| | دامەزراوەکان | • دامەزراندنی دەزگایەکی باڵا بۆ چاکسازی خزمەتی مەدەنی<br>• دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی باڵای پەرەپێدانی مرۆیی کە دڵنیایی بکات لە تەبایی نێوان سیاسەتەکانی ئابوری و کار و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی (SPSF)ی حکومەتی هەرێم بکات | • نووسینگەی سەرۆک وەزیران<br>• نووسینگەی سەرۆک وەزیران، وەزارەتی پلاندان، وەزارەتی کار، وەزارەتە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان (بازرگانی، دارایی، پیشەسازی، پەروەردە، هتد)، هەروەها هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان |
| | پرۆگرامەکان | • ئەنجامدانی شیکاری دیمۆگرافی لە ناوکۆیی پلاندانانی پەروەردەیدا، کە ببێتە هۆی تۆمارکردنی هەمەگیر تا تەمەنی ١٥ ساڵ | • وەزارەتی پەروەردە بەهاوکاری دەستەی ئامار |
| | کارگێڕی | • دەستکردن بە ئامادەکاری بۆ داڕشتنی سیستمی زانیاری بازاڕی کار (LMIS)<br>• پێداچوونەوە بە داتابەیس و نیشاندەرەکانی ئێستای هێزی کار<br>• جەردکردنی پرۆگرام و سیاسەتەکانی بازاڕی کار | • دەستەی ئامار لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان (کە دەتوانن زانیاری لەسەر هێزی کار دابین بکەن، وەزارەتەکانی پلاندانان، کار، ناوخۆ و دارایی) |

| ساڵ | ئاست | چاکسازی بازاڕی کار | بەرپرسیار |
|---|---|---|---|
| 2017 | ستراتیژەکان | • دارشتنی سیاسەتی وەرگرتن<br>• پەسەندکردنی ستراتیژی پەرەپێدانی کارامەییەکان | • وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی/وەزارەتی کار<br>• وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی/ وەزارەتی کار<br>• وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی/ وەزارەتی کار |
| | یاساکان | • دەرکردنی یاسایەکی نوێی کار | • وەزارەتی کار و پەرلەمان |
| | دامەزراوەکان | • پێکهێنانی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی (ECOSOC) | • وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتە ئابورییەکان، هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵی مەدەنی |
| | پرۆگرامەکان | • دەستکردن بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکان بۆ دەستدەگەیشتنی هەمەگیر بە پەروەردە و بەستنەوەی بە پارەدانی نەختیی مەرجدار بەپێی پێویست | • وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ وەزارەتی کار (بۆ پارەدانی نەختیی مەرجدار) |
| | کارگێڕی | • مەرجەکانی کۆتایی بۆ جێبەجێکردنی سیستمی زانیاری بازاڕی کار | • دەستەی ئامار لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان (کە دەتوان داتای بازاڕی کار دابین بکەن، وەک وەزارەتەکانی پلاندانان، کار/دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان، ناوخۆ، دارایی) |
| 2018-2020 | ستراتیژەکان | • جێبەجێکردنی سێ سیاسەت: کار، پەرەپێدانی کارامەییەکان و وەرگرتن | |
| | یاساکان | • جێبەجێکردنی یاسای نوێی کار | |
| | دامەزراوەکان | • بەکارخستنی دامەزراوە تازەکان | |
| | پرۆگرامەکان | • بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ڕێوشوینەکان بۆ دەستگەیشینی هەمەگیر بە پەروەردە و بەستنەوەی بە پارەدانی نەختیی مەرجدار بەپێی پێویست | |
| | کارگێڕی | • بەردەوامبوون لە جێبەجێکردن و نوێکردنەوەی سیستمی بازاڕی کار | |

| ساڵ | ئاست | چاکسازی خانەنشینی/بیمەی کۆمەڵایەتی | بەرپرسیار |
|---|---|---|---|
| 2016 | **ستراتیژەکان** | • کارکردن لەسەر سیستمێکی خانەنشینی باش دارێژراو (پیریی، کەمئەندامی میراتگر) | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | یاساکان | • دەستکردن بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | پرۆگرامەکان | • دارشتنی پرۆگرامی پەرەپێدانی تواناکان بۆ بەڕێوەبەرە باڵاکان و تیمە بەشدارەکان لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەسەر بنەماکانی ئابوری خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی، شێوازە نێودەوڵەتییەکانی خانەنشینی و بەڕێوەبەرایەتی دارایی و دامەزراوەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتەکانی دارایی و کار و نووسینگەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلاندانان |
| | کارگێڕی | • ئامادەکردنی سیستمی کارگێڕی خانەنشینی گونجاو لەگەڵ سیستمی تەکنەلۆجیای زانیاری، داتابەیس، میکانیزمەکانی کۆکردنەوە، هتد | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| 2017 | **ستراتیژەکان** | • دەرکردنی یاسای نوێی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی | • پەرلەمان |
| | یاساکان | • دەستکردن بە دامەزراندنی دامەزراوەی بیمەی کۆمەڵایەتی کوردستان (دانانی پەیکەر، وەسفی کار، ڕێنمایی) | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | پرۆگرامەکان | • بەردەوامبوون لە پرۆگرامی بونیاتنانی توانا لەسەر ئابوری خانەنشینی<br>• دەستکردن بە پرۆگرامی بونیاتنانی توانا لەسەر شیکاری سیاسەتی خانەنشینی و تواناکانی هەڵسەنگاندنە ژمارەییەکان | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | کارگێڕی | • دەستکردنی بە جێبەجێکردنی سیستمی کارگێڕی خانەنشینی (PAS) | • وەزارەتی دارایی |

| ساڵ | ئاست | چاکسازی خانەنشینی/بیمەی کۆمەڵایەتی | بەرپرسیار |
|---|---|---|---|
| 2018 | **ستراتیژەکان** | • فراوانکردنی رووماڵ (چالاکەکان و سوودمەندان) | • وەزارەتی دارایی |
| | یاساکان | • دەرکردنی رێنماییەکانی بیمەی بێکاری | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | دامەزراوەکان | • بەکارخستنی دامەزراوەی بیمەی کۆمەڵایەتی کوردستان | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | پرۆگرامەکان | • بەردەوامبوون لە پرۆگرامەکانی بونیاتنانی تواناکان، هەروەها میکانیزمی بەدیل بۆ فراوانکردنی رووماڵ | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | کارگێڕی | • جێبەجێکردنی سیستمی کارگێڕی خانەنشینی (PAS) | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| 2019 | **ستراتیژەکان** | • دانانی بیمەی بێکاری | |
| | یاساکان | • دەرکردنی رێنمایی نوێی خانەنشینی کۆمەڵایەتی | • وەزارەتی دارایی و پەرلەمان |
| | پرۆگرامەکان | • بەردەوامبوون لە پرۆگرامەکانی بونیاتنانی تواناکان<br>• دەستکردن بە ناساندنی توێژینەوە/شیکاری هەڵسەنگاندنی ژمارەیی | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | کارگێڕی | • بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی سیستمی کارگێڕی خانەنشینی (PAS) | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| 2020 | یاساکان | • جێبەجێکردنی خانەنشینی کۆمەڵایەتی | |
| | پرۆگرامەکان | • جێبەجێکردنی پرۆگرامی بیمەی بێکاری<br>• بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی بونیاتنانی تواناکان | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |
| | کارگێڕی | • راگرتنی سیستمی کارگێڕی خانەنشینی (PAS) | • وەزارەتەکانی دارایی و کار |

| ساڵ | ئاست | چاکسازی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵاتی | بەرپرسیار |
|---|---|---|---|
| 2016 | ستراتیژەکان | • دەستکردن بە دیالۆگی ئاستی سیاسەت لەسەر پێویستی چاکسازی ئەم کەرتە. جەخت خستنە سەر بەئامانجکردن و پاراستنی سەرمایەی مرۆیی. زەقکردنەوەی پێویستی بە چوارچێوەیەکی یاسایی | • پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران |
| | یاساکان | • دەستکردن بە گفتوگۆ لەسەر یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی<br>• بونیاتانی زیاتر لەسەر ئەو کۆدەنگیەی لەسەر ئەو رەشنووسە هەیە کە لە پەرلەمانە . | • پەرلەمان، وەزارەکانی کار، تەندروستی، پلاندانان و دەستەی ئامار |
| | دامەزراوەکان | • دانانی پەیکەری دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان و وەسفی کار | • وەزارەتی کار |
| | پرۆگرامەکان | • دەستکردن بە داڕشتنی میتۆدەکانی (PMT) (تەواوکردنی پرسیارنامە و ڕێککەوتن لەسەر داڕشتنەکە)<br>• کۆتاییهێنان بە داڕشتنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار. تەواوکردنی دامەزراندنی تەکنیکی. پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتیار | • وەزارەتەکانی، کار، پلاندانان، تەندروستی، پەروەردە و دەستەی ئامار<br>• لیژنەی تەکنیکی پارەدانی نەختیی مەرجدار (نوێنەری ئاژانسە پەیوەندیدارەکان) |
| 2017 | یاساکان | • دەرکردنی یاسای هاوکاری کۆمەڵایەتی | • پەرلەمان |
| | دامەزراوەکان | • بەکارخستنی دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان | • وەزارەتی کار |
| | پرۆگرامەکان | • پرسیارنامە لەسەر (PMT)ی بەکارهێنراو. کۆکردنەوەی پرسیارنامەکان<br>• دەستپێکردنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار | • وەزارەتی کار، دەستەی ئامار<br>• وەزارەتی کار لەگەڵ هاوبەشە پەیوەندیدارەکان (وەزارەتەکانی پەروەردە، تەندروستی، دەستەی ئامار) |
| | کارگێڕی | • دەستکردن بە داڕشتنی تۆماری یەکگرتووی هەرێمی کوردستان | • وەزارەتی کار، دەستەی ئامار، وەزارەتی دارایی |
| 2018 | دامەزراوەکان | • دامەزراندنی دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە | • وەزارەتی کار |
| | پرۆگرامەکان | • بەکارهێنانی (PMT) وەک میتۆدی بەئامانجکردن | • وەزارەتی کار، دەستەی ئامار، دامەزراوەی بیمەی کۆمەڵایەتی کوردستان |
| | کارگێڕی | • دانانی میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ سکالا<br>• دروستکردنی داتابەیسی س خجو ودمەندان<br>• دروستکردنی پێکهاتەکانی تۆمارێکی یەکگرتوو | • وەزارەتی کار، دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان |

| ساڵ | ئاست | چاکسازی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵاتی | بەرپرسیار |
|---|---|---|---|
| 2019 | دامەزراوەکان | • دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاساکە و پرۆگرامە جیاوازەکان دەکات | • دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان |
| | پرۆگرامەکان | • تەواوکردنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار. فراوانکردنی پرۆسەکە | • لیژنەی سەرپەرشتیار، دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان |
| | کارگێڕی | • دانانی داتابەیس | • دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان، دەستەی ئامار |
| 2020 | پرۆگرامەکان | • تەواوکردنی فراوانکردنی پارەدانی نەختیی مەرجدار لە هەرێمی کوردستان | • لیژنەی سەرپەرشتیار |
| | کارگێڕی | • جێگیرکردنی تۆماری یەکگرتوو | • وەزارەتی پلاندانان، دامەزراوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کوردستان، وەزارەتی دارایی |

# بەشی 9
## چوارچێوەی ئەنجامەکان

| ستراتیژی | پرۆگرام |
|---|---|
| **ستراتیژی 1**<br><br>دابینکردنی کارای دەستی کار لەناو کارخوازی کارامە و تواناداردا لەڕێگەی سیستمەکانی پەروەردە و ڕاهێنان و هاندەر لەسەر بنەمای بازاڕ | **پرۆگرامی 1**<br><br>پرۆگرامی هێشتنەوە لە خوێندن و تەواوکردنی خوێندن<br><br>• بەدیهێنانی خوێندنی بنەڕەتی هەمەگیر<br>• پەرەپێدانی تواناکان لەسەر بنەمای خواستی کەرتی تایبەت<br>• زیادکردنی پەیوەندی خوێندنی زانکۆ بە پێداویستییەکانی بازاڕی کارەوە. |
| **ستراتیژی 2**<br><br>حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکاری پێویست پەیرەو دەکات بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیەکانی کاری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بەمەش بەشداری دەکات لە دروستکردنی کەرتی تایبەتی چالاکدا | **پرۆگرامی 2**<br><br>پرۆگرامی چاکسازی خزمەتی مەدەنی<br><br>• گونجاندنی قەبارەی کەرتی تایبەت<br>• کۆنترۆڵکردنی ژمارەی کارمەندی بیانی.<br>• پەیرەوکردنی سیاسەتی بەڕێوەبردنی وەرگرتن. |
| **ستراتیژی 3**<br><br>پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە دانانی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شیکاری زانیاری لەکاتی خۆیدا، دارشتنی سیاسەتەکانی کار و دروستکردنی دیالۆگ لەناو هاوبەشە کۆمەڵایەتییەکاندا. | **پرۆگرامی 3**<br><br>پرۆگرامی برەودان بە کاری کەرتی تایبەت<br><br>• باشترکردنی چوارچێوەی یاسایی لەگەڵ جەختکردنەوە لە کاری ئافرەت، هەروەها بەرەوپێشبردنی کارگێڕی کار و بونیاتانی تواناکان<br>• دارشتن و یەکخستنی سیستمی زانیاری بازاڕی کار |
| **ستراتیژی 4**<br><br>حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی پێوانەیی ئەنجام دەدات لە پرۆژەکانی ئێستادا، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی دارایی، هەروەها هەنگاو دەنێت بەرەو یەکخستنی پرۆژەکانی خانەنشینی گشتی، تایبەت و (پیشەیی) | **پرۆگرامی 4**<br><br>پرۆگرامی خانەنشینی پیری بۆ موچەخۆران<br><br>• میکانیزمی شەفافی داراییکردن بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی، زیادکردنی یەکسانی و دادوەری.<br>• دانانی سیستمی تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندییەکان بۆ ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی داتا.<br>• چالاکی فراوانی بونیاتانی توانا. |

| ستراتیژی | پرۆگرام |
|---|---|
| **ستراتیژی 5**<br><br>حکومەتی هەرێمی کوردستان میکانیزمی ئاسایی و بەدیل دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات بۆ فراوانکردنی رووماڵی خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی | **پرۆگرامی 5**<br><br>پرۆگرامی خانەنشینی پیریی بۆ پۆلەکانی تر (کە هێشتا رووماڵ نەکراون لەلایەن موچەخۆران، کارمەندی سەربەخۆ و کارمەندی وەرزی، هتد).<br><br>بەردەوامی دارایی بۆ پرۆژەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی باشتربکرێن و بپارێزرێن. ئەمەش بەدیدێت لەڕێگەی:<br>• مۆدێلی هەڵسەنگاندنی ژمارەیی (Actuarial modeling)<br>• سیستمی خانەنشینی سەقامگیر و بەردەوام. |
| **ستراتیژی 6**<br><br>حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆگرام بیمەی بێکاری دادەڕێژێت و جێبەجێ دەکات | **پرۆگرامی 6**<br><br>بیمەی بێکاری<br><br>رووماڵی بیمەی کۆمەڵایەتی فراوان دەکرێت بۆ موچەخۆران و سوودمەندان. ئەمە بەدیدێت لەڕێگەی:<br>• باشترکردنی کۆکردنەوەی بەشدارییەکان لەڕێگەی میکانیزمەکانی هاندان و کۆنترۆڵکردنی خۆدزینەوە لە بەشداری.<br>• جێبەجێکردنی میکانیزمی داهێنەرانە بۆ رووماڵکردنی ئەو گروپانەی کارمەندان کە رووماڵکردنیان سەختە لەڕێگەی پرۆگرامە نەریتییەکانەوە (وەک کاری پچڕپچڕ و هیتر).<br>• فراوانکردنی رووماڵی خانەنشینی بۆ سوودمەندان، لەڕێگەی داڕشتن و جێبەجێکردنی خانەنشینی کۆمەڵایەتی هەمەگیرەوە ئەنجام دەدرێت. |
| **ستراتیژی 7**<br><br>حکومەتی هەرێمی کوردستان هەژاریی وەک پێوەری سەرەکیی بەکاردەهێنێت بۆ بڕیاردان لە شایستەیی بۆ پرۆگرامەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (بە سیستمی دابەشکردنی گشتییەوە)، هەروەها چاودێری کاریگەر دابین دەکات بۆ گروپە دەستەوسان و پەراوێزخراوەکان | **پرۆگرامی 7**<br><br>پرۆگرامی بەئامانجکردنی هەژاریی لە هەرێمی کوردستان<br><br>رێژەکانی هەژاریی لە هەرێمی کوردستان دادەبەزێت لەڕێگەی پەیڕەوکردنی بەئامانجکردنی باشتر و پارەدانی نەختیی مەرجدارەوە. ئەمە بەدیدێت لەڕێگەی:<br>• پەیڕەوکردنی میکانیزمی گونجاوی بەئامانجکردن، وەزارەتی کار هەوڵ دەدات بۆ بەدیهێنانی رووماڵی باش، چارەسەرکردنی مەترسی بێبەشکردن و لەخۆگرتنی نارەوا.<br>• ناساندنی پارەدانی نەختیی مەرجدار بۆ خێزانە هەژارەکان، یارمەتیدەر دەبێت لە پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی خێزانە هەژارەکان، لەڕێگەی پێشخستنی ئاستەکانی پەروەردەی منداڵەکانیان و هەبوونی پابەندی و ئەنجامی باشتر.<br><br>مەودای کورت:<br>• نوێکردنەوەی نەخشەی هەژاریی بۆ دەستنیشانکردنی رێژەکانی هەژاریی بەپێی ناحیە لە هەرێمی کوردستان<br>• دەستپێکردنی پرۆگرامی ئەزموونی پارەدانی نەختیی مەرجدار.<br><br>مەودای مامناوەند:<br>• تەواوکردنی داتابەیسی (PMT)<br>• تەواوکردنی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ئەزموونی پارەدانی نەختیی مەرجدار.<br>• هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ئەزموونی پارەدانی نەختیی مەرجدار. فراوانکردنی پرۆگرامی ئەزموونی پارەدانی نەختیی مەرجدار.<br><br>مەودای درێژ:<br>• (PMT) میتۆدی سەرەکیی بەئامانجکردن دەبێت<br>• داڕشتنی تۆماری یەکگرتوو<br>• دەستپێکردنی تۆماری یەکگرتوو |

| ستراتیژی | پرۆگرام |
| --- | --- |
| **ستراتیژی 8**<br><br>حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرمایەی مرۆیی خۆی دەپارێزێت لەرێگەی دابینکردنی هاندەر بۆ تەندروستی و پەروەردەی باشتر | **پرۆگرامی 8**<br><br>پرۆگرامی پارەدانی نەختیی مەرجدار<br><br>پرۆگرامەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دانروان بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی هەمەگیر بۆ هەموو تاکەکەس و گروپە دەستەوسانەکان.<br>حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیکەری پرۆگرامەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دادەڕێژێتەوە، بۆ دڵنیابوون لە کارایی و کاریگەریی خزمەتگوزاری دابینکراو<br><br>مەودای کورت:<br>• تەواوکردنی جەردی خزمەتگوزاری و پرۆگرامەکانی ئێستا<br>• تەواوکردنی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە دابینکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی<br>• دانانی مەرجەکانی کارکردن بۆ هەر خزمەتگوزارییەکی چاودێری کۆمەڵایەتی<br><br>مەودای ماماوەند:<br>• دانانی میکانیزمی ڕەوانەکردن و هەماهەنگی لەسەر بنەمای باش بەڕێوەبردنی کەیس و چاودێریکردنی خێزانە سوودمەندەکان<br>• دانانی میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی پلانی بەشدارییێکردنی هاووڵاتیان و بونیاتنان لەسەر ستراتیژی پەیوەندییەکان.<br><br>مەودای درێژ:<br>• دانانی ڕێکخستنی کارگێڕی و کار، بۆ دڵنیابوون لە یەکترتەواوکردن لەنێوان هاوکاری کۆمەڵایەتی و چاودێری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار<br>دانانی داتابەیس بۆ دڵنیابوون لە کارایی دارایی و کارگێڕی و پاڵپشتیکردنی کەمکردنەوەی هەڵەکانی بێبەشکردن و لەخۆگرتنی نارەوا. ئەمە بەدیدێت لەرێگەی:<br><br>مەودای کورت:<br>• دەستپێکردنی پەرەپێدانی داتابەیس و دروستکردنی (PMT) وەک میتۆدی بەئامانجکردن<br>• ڕاگەیاندنی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار<br>• دەستپێکردنی پرۆگرامەکانی بەشدارپێکردنی هاووڵاتیان، بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و دروستکردنی دیالۆگ<br><br>مەودای ماماوەند:<br>• پەرەپێدانی داتابەیس بۆ دڵنیابوون لە رووماڵی کارا و کەمکردنەوەی هەڵەکانی بێبەشکردن و لەخۆگرتنی نارەوا.<br>• هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ئەزموونیی پارەدانی نەختیی مەرجدار. تەواوکردنی فراوانکردنی بۆ ئاستی هەرێمی کوردستان.<br>• دانانی میکانیزمی مامەڵەکردن لەگەڵ سکاڵا وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی پلانی بەشدارییێکردنی هاووڵاتیان و بونیاتنان لەسەر ستراتیژی پەیوەندییەکان.<br><br>مەودای درێژ:<br>• دانانی ڕێکخستنی کارگێڕی و کار بە بەکارهێنانی (PMT) بۆ دڵنیابوون لە پتەوی ئەو داتابەیسەی لەسەرانسەری هەموو پرۆگرامەکاندا بەکاردەهێنرێت. |